# ديموكراسى..
# ديدێكى فەلسەفى

د. امام عبدالفتاح امام

و: حەسەن ياسين

2005



www.hoshyari.com
E-mail: govarynovin@yahoo.com
TEL: 3133365-3131262
FAX: 004724135515

ئەم بەرهەمە وەرگێڕدراوە پێشکەشە بە :

تی تی..کە هاوژیانی لەگەڵ ئەودا ،

مانایەکی دیکەی بەژیانم بەخشی.

## روونكردنەوەیەك .... لە وەرگێڕەوە

خوێنەری هێژا .... ئەم بەرهەمەی بەردەستت، لە زمانی عەرەبییەوە لەسەر داوای هاوڕێم (سامی هادی) بۆ گۆڤاری (مەدەنیەت) وەرمگێڕاوەو لە ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠٠١) ی گۆڤارەكەدا بڵاوكرایەوە، بەڵام پاشان كە ویستم لە مەكتەبی بیروهوشیاری (ی.ن.ك)دا لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی ناوبراو لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، كە ئەوكات (فەرید ئەسەسەرد) لێپرسراوی بوو، وەك كتێبۆكەیەك چاپی بكەم، دوای سەرلە نوێ پێداچوونەوە دیتم ئەگەر بەم شێوەیە چاپ بكرێ، ڕەنگە تووشی شەرمەزاریم بكات بەهۆی ئەوەی كە هەستم كرد لە هەندێ شوێنی وەرگێرانەكەمدا لەنگییەك هەیە، ئەمە جگە لەوەی باسەكە خۆی (١٠٣) پەراوێزی لەسەر بوو ، بەڵام ئەو بابەتە كە بەفۆتۆكۆپیكراوی درابوو بە من، لە كۆتایی بابەتەكەدا تەنیا (٩٨) پەراوێز هەبوون. ئەمە وای كرد هەڵوەستەیەك بكەمو پەلە لەچاپكردنی نەكەم تا دیسان وەرگێڕانەكە لەگەڵ دەقە عەرەبییەكەدا كە لە گۆڤاری (عالم المعرفە)ی كوێتی وەرگیرا بوو بەراورد دەكەمەوە. بەڵام كە پەنام بردەوە بەر گۆڤاری (مەدەنیەت) بینیم دەقەكەیان نەلای ستافی گۆڤارەكەو نەبە فۆتۆكۆپیكراویش لەبەردەستدا نەماوە. بۆیە بابەتەكەم خستە چەكمەجەكەمەوەو بەئومێدی ئەوەی لەدەرفەتێكدا دەقە عەرەبییەكەیم چنگ بكەوێتەوە. پاشانو دوای گەڕانێكی زۆر لە دەستكەوتنی دەقە عەرەبییەكە بێ ئومێد بووم، تا دواجار لەسەرەتای (٢٠٠٥)دا كە راژەكەم گواستەوە بۆ سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستانو كێوماڵێكی كتێبخانە بەپێزەكەی سەنتەرم كرد، گۆڤارەكەم دۆزییەوەو بەپێی دەرفەت ناوە ناوە كەوتمە بەراووردكردنی وەرگێڕدراوەكە لەگەڵ دەقە عەرەبییەكەدا، دیتم كارێكی چاكم كردووە كە نزیكەی دوو ساڵ چاپكردنی ئەو كتێبۆكەیەم درەنگ خستووە، چونكە وەرگێڕانەكەم كە كاتی خۆی بەهۆی پێداگریی هاوڕێم (سامی هادی) كە بەژمارە (١١)ی گۆڤارەكە رابگا، گەلێ هەڵەوپەڵەی لە وەرگێڕاندا تێدا دروست بووە،كە ئەگەر بەو هەموو هەڵەو پەڵانەوە جارێكی دیكەش، ئەمجارەیان لە دوو تویێ كتێبۆكەیەكدا چاپ بكرابایەتەوە، ئەوا روو زەردی دەكردم.

بۆیە بەهێواشی كەوتمە سەرلەنوێ بەراوردكردنەوەی دەقە عەرەبییەكە لەگەڵ لاپەڕە تایپكراوەكانی بابەتەكەم. ئیدی بابەتەكەم بەقەڵەمی سور خەڵتانی مەرەكەب كردو هاوسەری هێژام (دایكی لەرین)یش درێغی نەكردو لەسەر كۆمپیوتەر ،بە پشوو درێژییەوە، كەوتە راستكردنەوەی هەڵەكانو هەڵگرتنی پەڵەكان.

**خوێنەرانی ئەم كتێبۆكەیە....**

ئەم بابەتە لەوە دەچێ رشتەی كتێبێك بێت، بەڵام (د.امام عبدالفتاح امام) بەم بابەتە، وەك میوانێكی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەكە بەشداریی لە (فایلی دیموكراسی)ی گۆڤاری (عالم المعرفة)ی كوێتی دا كردووە كە ژمارە (٢)ی مانگەكانی (ئۆكتۆبەر، نۆڤەمبەر،دیسەمبەر)ی ساڵی (١٩٩٣)ی بۆ رەهەندە جیاجیاكانی دیموكراسی تەرخان كردووە.

(د.امـام) کـه ئـەو کـات (ئاگـام لـه ئێـستای نییـه) مامۆسـتاو سەرۆکی بەشی فەلسەفەی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی کویت بووه، له هەمان کاتدا ئەندامی(لیژنەی فەلسەفە)ی ئەنجومەنی باڵای کولتور بووه لــە قــاهیرەو هــەروەها لــە (کۆمەڵــەی هیگلــی)یــشدا کــە لــە وڵاتەیەکگرتووەکاندایـە ئەنـدام بـووەو ئـەم بابەتـەی کـە بەناونیـشانی ((التمهيد: مسيرة الديمقراطية.. رؤية فلسفية))ەو وەرمگێڕاوە لە ژمارە (٢)ی بەرگی (٢٢)ی ساڵی(١٩٩٣)ی گۆڤاری (عالم المعرفه)دا کە وەزارەتی راگەیانـدنی دەوڵـەتی کویـت دەریـدەکات، لـە لاپـەڕەکانی (٦-٤٩)دا بڵاوکراوەتەوە.

بـە ئومێـدی ئـەوەی سـوودگەیەنەر بێـت بەهـەموو ئـەو کـوردە خوێندەوارانەی کە بە دیهێنـانی دیموکراسی لە عێراقدا بەگشتیو لە هەرێمی کوردستانو سەرجەم کوردستانیشدا بەتایبەتی، ئامانجیانە.

حەسەن یاسین

٤ی ئایاری ٢٠٠٥

سلێمانی

# دیموکراسی..
# دیدێکی فەلسەفی

مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیە, ئەوەیە, کە بیسەلمێنین, دیموکراسی ئەزمونێکی مرۆییە و عەقڵی مرۆڤایەتی دەیسەپێنێ و ئاکاریش دەیکا بە شتێکی حەتمی بۆ پاراستنی بەهاو کەرامەتی مرۆڤ. هەروەها بۆئەوەی دواتر چەوتیی ئەو بیروباوەڕانەی لەبارەی دیموکراسیەوە هەن, بەتایبەتی لە نیشتمانی عەرەبیماندا, دەربخەین کە بۆ نموونە دەڵێن دیموکراسی ئەزمونێکی یۆنانیە و بەشێوەیەکی تایبەتی لە هەردوو سەدەی پێنجەم و چوارەمی پێش زایین لە (ئەسینا) دا پەیڕەوکراوە. یان کە دەڵێن دیموکراسی, ئەزمونێکی (ئینگلیزییە) بەو پێیەی دیموکراسی قۆناغێکی دوورودرێژی ژیانی خۆی لە ئینگلتەرادا بەسەربردووە, یان وەك ،دواجار, دەڵێن دیموکراسی (سیستمێکی رۆژئاواییە) و ئەزمونی چەند کۆمەڵێکی تایبەتە, بۆیەش بۆ وڵاتانی جیهانی سێ, یان رۆژهەڵاتیەکان, یان بەتایبەت بۆ عەرەب, شتێکی شیاو نیە[1].

راستە دیموکراسی لەلای یۆنانیەکان دەستی پێکردووە, وشەکەش هێشتا پێکهاتە زمانییەکەی خۆی هەڵگرتووە (Demos واتە گەل[2] و Kratia واتە حوکمڕانییە, کە وشەکە بەمانای حوکمڕانی هەموو گەل,



نەك حوکمڕانیی توێژێك یان چینێك یان کەرتێکی دێت)[3]. راستیشە کە دیموکراسی لە باڵاترین شێوەیدا ئێستا لە ئینگلتەرادا پێڕەودەکرێ, هەروەها ئەوەش راستە کە لەگەڵێ وڵاتانی رۆژئاواشدا جێگەی خۆی کردۆتەوە.

بەڵام بۆ تێگەیشتنی ئەم راستیانە هێشتا هەڵەکان هەر لە ئارادان. چونکە ئەو ئەزمونە دیموکراسیەی کە لەلای یۆنانیەکان دەستی پێکرد تا مەودایەکی بەرفراوان پەرەیسەندووە, تەنانەت وای لێهاتووە بەتەواوی جیا بێت لەگەڵ ئەزموونە کۆنەکە, کە ئەمەش رێگەمان پێدەدات بڵێین تەنیا ناوەکەی یۆنانیە و بەس. دواتریش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دیموکراسی زادەی چەند پرۆسەیەکی وەرگۆڕانی درێژخایەنە و هەموو ئەو شێوازە سیاسیانەی بەجێهێڵاوە کە جیهان ناسیونی, پێش ئەوەی بگاتە ئەوەی ئامرازەکانی حوکمڕانی لە ژێر چاودێریی هاووڵاتیان و کۆنترۆڵی ئەواندا دروست بکات[4], مەبەستم ئەوەیە کە دیموکراسی بە پلەی یەکەم ئەزمونێکی مرۆیی جیهانیە, نەك (ئەزمونی خەڵکانی دی) ی جیاواز لە ئێمە بێت کە نەشێت ئێمە لەوانەوە وەریبگرین. دیموکراسی ئەزمونی ئەو گیانە مرۆییەیە کە لەنێو مێژوودایە, ئەگەر بشێت دەربڕینەکەی هیگڵ بەکاربهێنین, ئەو گیانەی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ مرۆڤ وەك مرۆڤ دەکا بە شتێکی حەتمی, یان عەقڵ لە جیهانی واقیع دا دەستەبەر دەبێت و هەرئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی (تاك خۆی) حوکمڕانیی خۆی بکات، هەروەك (گەل خۆیشی) حوکمڕانیی خۆی دەکات! بەمەش هەروەك (کانت) ئاماژەی پێداوە سەربەخۆیی خودی( Autonomy )ی تاك

دێتەدی و، ئازادییەکەشی, هەروەك هیگل ئامازەی پێداوە دیاریکردنی خودی Self-Determination دەبێت, بەو شێوەیەی کە رەوشت دەربڕی خودی خۆی دەبێت, یان خۆی ئەو یاسایانە دادەنێت کە لەسەریان دەڕوات, بەمەش وای لێ‌دێت خۆی خودی خۆی دیاری‌بکات، لەم بارەشدا رەوشتی تاك دەبێتە وێنەیەکی بچووککراوەی دیموکراسییە گەورەکە لە دەوڵەتدا کە مانای ئەوە دەبەخشێت کە گەل خۆی یاساکانی خۆی دابنێ و (خۆی حوکمڕانی خۆی بۆ خۆی بکات), هەروەك ئەبراهام لنکۆڵن Abraham Lincoln( ١٨٠٩-١٨٦٥) ی سەرۆکی شازدەهەمی وڵاتە یەکگرتووەکان لە وتارەکەی (جیتسبۆرگ) یدا ئاماژەی پێداوەو دیموکراسیی بەشێوەیەکی قوڵتر و روونتر و هەمەلایەنتر لەوەی کە لەلای یۆنانیەکان هەبووە دیاریکردووە. ئەم بیروڕایانە کە ئەمڕۆ روون و سادە دێنەبەرچاو, مرۆڤ شەڕێکی زۆری لەپێناودا کردوون و, بە ئەزموونێکی لەژماردن نەهاتووشدا رەت بوونەو, فەیلەسوف و بیرمەند و زانا قانوونییەکانیش, ماوەیەکی زۆر مێشکی خۆیان خستۆتە کار بۆ هەڵێنجانی هەندێك لەو بیروباوەڕانە و دیاریکردن و روون کردنەوە و قوڵکردنەوەیان!

راستییەکەی ئێمە لەبیرمان دەچێ کە دیموکراسی شێوەیەك لە شێوەکانی حوکمڕانی بووە و, لەگەڵیدا و لەپێش و لە دوای ئەویشدا, زۆر شێوەی دیکە دەرکەوتوون, بەڵام لەگەڵ رەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا لەناوچوون و لە مەحەکی ئەزموونی مرۆڤایەتیدا شکستیان خواردووە. ئەوەی جەخت لەسەر قسەکەشمان دەکاتەوە ئەوەیە کە دەڵێین ئەو سیستەمە سیاسییانە, زۆربەی هەرەزۆریان, لە بنەچەدا



یۆنانی بوون. (ئەسینا) خۆی, وەکو شارە یۆنانییەکانی دیکە بە ( سیستمێکی حوکمڕانیی ئەرستۆکراتی. (Aristos واتە باشترین و Kratia واتە حوکمڕانی, هەردووکی واتە حوکمڕانیی باشترین کەمینە)و ئۆلیگارکی (Oligos واتە کەمینەی دەوڵەمەند – واتە حکومەتی کەمینەیەکی دەوڵەمەند کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئیش دەکات) و تیرانی (turanos واتە حکومەتی زۆرداری) و دیماگۆگی (Demagoge واتە سەرکردایەتیکردنی جەماوەر ) و هەروەها بە حوکمڕانیی مەلەکی یان تاکڕەوی (Monarchy) هتد..دا تێپەڕبووە. ئەمانە هەموویان شێوەگەلێکی سیستمی سیاسین کە لە وڵاتی یۆناندا پەیدابوون و تا ئێستاش بنەچەی ناوەکانیان یۆنانین. لەکاتێکدا کە ئەسینا شێوەیەك لە شێوەکانی دیموکراسیی پەیڕەو کردووە کە دیموکراسیی راستەوخۆ بووە, لە (ئەسپرتە) دا حوکمڕانییەکی عەسکەریی ئەرستۆکراتی هەبووەو، سیراقوسە (شارێك بووە لە سقلیە) لە حوکمڕانییەکی ئۆلیگارکیەوە بەرەو حوکمڕانییەکی مەلەکی چووە, دواتر حوکمڕانیی زۆردارەکانی بەسەرداهاتووە هەر لە دیۆنسیوسی یەکەم (یان دیۆنسیۆسی گەورە)وە تا دیۆنسیۆسی دووەم (یان کوڕەکەی). ئەفلاتون هەوڵیدەدا لەگەڵ باوکەکەو دواتر لەگەڵ کوڕدا دەوڵەتە نمونەییەکەی بەدی بێنێ, بەڵام شکست دێنێ و زۆردارەکە پیلانی لێ‌دەگێڕێ و دەگاتە ئەو رادەیەی کە ئەفلاتونی فەیلەسوفی مەزن لە بازاڕی کۆیلەکاندا بفرۆشرێ, ئەگەر یەکێك لە شاگردەکانی نەیناسیبایەوە و نەیکڕیبایە و رزگاری نەکردبا![٦].

ئەسینا خۆیشی بە حوکمڕانیی (بیزاستراتۆس) ی زۆردار و کوڕەکانیدا رەت بووە, کاتێك ئەو زۆردارە توانیی جەماوەر بەلای خۆیدا راکێشێ و بە وتارە سۆزدارەکانی کە هەستی گڕ دەدان کاریان تێبکات و وایان نیشان بدا کە ئەو دەیەوێ لە زۆرداران بیانپارێزێ و لەم پێناوەدا و بۆ ئەوان گەلێ ئازاری چەشتووە, تا توانیی حوکمڕانی بگرێتە دەست کە پاشان بۆ کوڕەکانی بە میراتی بەجێیهێشت! کە ئەمەش(ئەسینا)ی پاش ئەوە ناچار کرد ئیش بە (دەنگدانی گوێچکە ماسی Ostracism) [٧] بکات, کە مانای دوورخستنەوەی هاوولاتی بەبێ دادگاییکردن یان تۆمەت ئاراستە کردن دەگەیەنێ, کاتێك ئەو هاوولاتیە مەترسیی کارکردنە سەر جەماوەری لێ دەکرێ بۆئەوەی بگاتە حوکمڕانی و ببێ بە زۆردار[٨]. ئەمەش سیستمێکە شارەکانی دیکەی یۆنانیش بۆئەوەی خۆیان لە هاوولاتیی پایەبەرز کە هەڕەشە لە سەقامگیریی شارەکە دەکات بپارێزن بەکاریان هێنا، ئیدی ئەو هاوولاتییە بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی ولات دەدرێ بەبێئەوەی هیچ تۆمەتێکی بخرێتە پاڵ. شاری ئارگۆسArgos و مەلاتیەMiletus و سیراقۆسەSyracuse و میگاراMegara وایان کرد. هەموو ئەم هەولانەش بۆ دوورخستنەوەی زۆرداران لە حوکمڕانی و, هەروەها بۆ پشتیوانیکردنی حوکمڕانیی دیموکراسی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوون.

کەواتە لە یۆناندا لەگەڵ دیموکراسیدا زۆر شێوەی جۆراوجۆر و جیاواز لەیەکتری دەرکەوتن, هەموویان لەناوچوون, تەنیا ئەزموونی دیموکراسی مایەوە کە شایستەییو بەهاکەی خۆی سەلماند و بوو بە



شێوەیەکی سیاسی نموونەیی Paradigm لەنێو شێوەکانی حوکمڕانیداو زاراوەکە لە ماوەی ئەم سەد ساڵەی دواییدا چەند بارگەیەکی هەڵچوونئامێزی بەرزی بەدەست هێناو،هەرکەسێك بۆ بە باشتر زانینی سیستمە سیاسییەکەی خۆی ئەو نازناوەی پێوە بلکێنێ و سیستمەکانی دیکەیشی لێ بێبەش بکات. لێرەوە چەندین سیستەمی تەواو لە یەکتر جیاواز خۆیان بە دیموکراسی ناودەبرد! تەنانەت سەرلەنوێ زاراوەکەیان پێناسە کردەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی رویاندا بیگونجێنێت[٩].

فرەیی سیستمی سیاسی لە شارەیۆنانیەکاندا گەیشتە رادەیەك کە(ئەرستۆ) توانیی, لە سەدەی چوارەمی پێش زاییندا لێکۆڵینەوە لەسەر سەدو پەنجا و هەشت دەستوور, واتە شێوەی سیاسیدا بکات, کە بەداخەوە تەنیا (دەستوری ئەسینایییەکان) ماوەتەوە, ئەو دەستوورەی کە تیایدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن (ئەسینا) خۆیشی بە ئەزمونی سیاسیی جیاجیادا رەت بووە, پێش ئەوەی سیستمی دیموکراسی پێڕەو بکات و پاش ئەوەش[١٠].

سەرەڕای ئەوەش چەند شێوەیەکی جیاجیای حوکمڕانی لە رۆژهەلاتدا: لە میسر و بابل و فارس.. هتد, دا هەبوون. تەنانەت (هیرۆدۆت) لە کتێبەکەیدا (مێژوو) بە دیاریکراویش لەچەندین بڕگەی بەشی سێیەمدا باس لە دیمەنی حەوت کەسی فارس دەکا کە مونازەرە دەکەن سەبارەت بە خەسڵەتە جیاوازەکانی حکومەتەکان: حکومەتی تاك (یان سیستمی پاشایی) و حکومەتی ئەرستۆکراتی و دیموکراسی.. هتد, جیاکەرەوە و خەوشەکانی هەر سیستمێك.

گفتوگۆکەش بە باشترزانینی حوکمڕانی دیموکراسی کۆتایی دێت, کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئارەزووی مرۆڤ لە بەشداریکردنی زۆرینە لە کاروباری حوکمڕانیدا, هەروەها لەبەردەم یاساشدا یەکسانی بۆ هەمووان فەراهەم دەکات[١١].

سنکلیر (T.A. Sinclair) گومانی لە گێڕانەوەی (هیرۆدۆت)[١٢] هەیە و سباین (G.Sabine) یش وای بۆدەچێت کە ئەو پۆلێنکردنەی لەبارەی شێوەکانی حوکمڕانییەوە دەیخاتەڕوو بەشێك بووە لە بیرکردنەوەی میللیی یۆنانی و پێش هەر فەلسەفەیەکی سیاسی ناسراو کەوتووە[١٣]. بەڵام هەموو ئەمانە ئەوە رەت ناکاتەوە کە دەگوترێ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی دێرین گەلێ سیستمی سیاسییان ناسیوە, لەوانەش: پاشایی و ئەرستۆکراتی و تیۆکراتی.. هتد[١٤]. ئەزمونی مرۆڤیش سەبارەت بە سیستمە جیاوازەکان و رووخانیان یان نەمانیان یان بانگەشە بۆکردنیان کاتێك دووبارە پەیدادەبنەوە بەوەی کە بەرگی دیموکراسییان پۆشیوە, هەموو ئەمانە جەخت کردنەوەن لەسەر ئەزمونی دیموکراسی و پشتیوانی لێکردنیەتی.

دیموکراسی بە ئەزمونێکی تەواو سادە دەستی پێکردووە, کە لە شاری (ئەسینا) دا پێڕەوکراوە، بەشێوەیەك کە خودی گەل هەمووی, نەك دەستەیەکی هەڵبژێردراو, یان تایەفەیەك یان چینێك لە (کۆمەڵەی گشتی Ecclesia) دا کۆدەبوونەوە, کە هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە ئەم مەرجانەیان تێدابوایە: هاووڵاتییەکی (ئەسینا) یی بێت, ئازادبێت, نێرینە بێت, تەمەنی گەیشتبێتە بیست ساڵ. ئەم کۆمەڵەیە دەسەڵاتی قانونданانی پەرلەمانەکانی ئێستاو چاودێریکردنی



کارەکانی حکومەتی هەبووە، بەڵام پیاوەکانی حکومەت خۆیان و، ئەوانی دیکەش کە ئەرکی گشتییان لەئەستۆدا بوایە وەك: فەرمانبەرانی گشتی, دادوەران, سەرانی سوپا و ئەفسەران.. هتد, ئەوا بە هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێن بەشێوەیەك دوو ئەوەندەی ژمارەی پێویست هەڵدەبژێردرێن و دواتر تیروپشك دەکرێت بۆ ئەوەی ژمارەی پێویست لەنێو ئەو دوو هێندەیەدا هەڵبژێرین.

دەستوری سۆلۆن Solon بە خاڵی دەست پێکردنی قۆناغەکانی گەشەکردنی دیموکراسیی (ئەسینا) دادەنرێ, تا گەیشتە دوایین و تەواوترین قۆناغی گەشەکردنی پاش چاکسازیی دەستوری کە کلستین (Clisthenes) لە ساڵی (٥٠٧ پ.ز) دا ئەنجامی دا.

ئەگەر دیموکراسیی راستەوخۆ لە (ئەسینا) دا گەلێ تۆوی دروستی وەشاندبێ, بەڵام ژمارەیەك کەم وکوڕیشی هەبووە:

١- چەمکی گەل بەشێوەیەکی راست دیارینەکرابوو, بەڵکو تەنیا (ئەسینایییەکان) ی گرتۆتەوەو بیانییەکان و کۆیلەکان و ژنانی لێهەڵاوێردراوە. دواتر دەشبینین کە بۆ راستکردنەوەی ئەم بەهەڵە تێگەیشتنە چەندین سەدەی ویستووە.

٢- ئازادیی کەسایەتی (ئازادیی هاتوچۆ, رێزگرتن لە ماڵ, مافی ئاسایش) دەستەبەرنەکرابوو. پێشتریش بینیمان کە چۆن ئەو هاووڵاتییەی خزمەتگوزاریی باشی پێشکەش بە گەل کردووە و خەڵکیش هۆگری بوون, تەنیا لەبەر ئەگەری زۆرداربوونی لەکاتی گرتنەدەستی حوکمڕانیدا دەشیا دوور بخرێتەوە!

٣-ئازادیی تاك (ئازادیی باوەڕ – خاوەنداریّتی..هتد) بەمانا وردەکەی بوونی نەبووە, چونکە دەوڵەت بەتەواوی بەسەر تاکەکاندا باڵادەست بووە, دەبوایە تاك بڕوا بە ئایینی دەوڵەت بێنێ, هەروەها دەبوایە موڵکەکان و سامانی تاك لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بوونایە[١٥].

ئەگەر (ئەسینا) چەندین شێوەی حوکمڕانیی بەخۆوە بینیبێ پێش ئەوەی ئەزمونی دیموکراسیی راستەوخۆ تێیدا دەستپێبکا و دوای ئەوەش, ئەوا دەتوانین هەمان شتیش بڵێین سەبارەت بە ئینگلتەرای قەڵای پتەوی دیموکراسی لە هەموو جیهاندا. ئینگلتەرا بە گەلێ ئەزمونی سیاسیدا رەت بووە و سیستمی پاشایەتیی رەهای تێدا پێڕەوکراوە[١٦]. دواتر گەشەی کردووە بۆ حوکمڕانیی زۆرینەی ئەرستۆکراتیی ئەندامانی پەرلەمان, پاشان هەر لە ساڵی (١٨٣٢) ەوە بووەبە حوکمڕانییەکی دیموکراسی, پاش ئەوەی بڕیاری مافی دەنگدانی گشتی دراو ئەنجومەنی گشتی بوو بە نوێنەری هەموو چینەکانی گەل‌و خاوەنی دەسەڵاتی راستەقینە لە وڵاتدا. بەڵام پێش ئەو مێژووە پەرلەمانی ئینگلیزی (کە بۆماوەیەکی درێژخایەن دەسەڵاتێکی بەکردەوەی لەتەك دەسەڵاتی پاشادا هەبوو), پێکهاتەیەکی ئەرستۆکراتیی هەبوو, کە لە دوو ئەنجومەن پێکدەهات, یەکێکیان ئەنجومەنی لۆردەکان بوو کە هەردوو چینی خانەدانەکان و پیاوانی ئایینیی لەخۆگرتبوو. دووەمیشیان ئەنجومەنی گشتی بوو کە نوێنەری گەل بەگشتی نەبوو, بەڵکو ئەویش پێکهاتەکەی ئەرستۆکراتی بوو, لە رووی مەرجەکانی ئەندامێتی و بەهۆی کۆت و بەندکردنی مافی هەڵبژاردنەوە[١٧].



پوختەی هەموو ئەمانە ئەوەیە کە (دیموکراسی) ئەزمونێکی مرۆڤایەتیە و شایستەیی و مافی مانەوەی خۆی سەلماندووە. لەگەڵیدا گەلێ سیستمی تر پەیدابوون و لەناوچوون, یان بە رێگاوەن بۆ لەناوچوون. کە ئەمەش جەخت دەکاتەوە لەسەر بیرۆکەکەی فەیلەسوفی ئینگلیزی هربرت سپنسەر Herbert Spencer ١٨٢٠-١٩٠٣ کە دەڵێ ململانێ لەپێناوی مانەوەدا نەك هەرقانونێکە بەسەر بوونەوەرە زیندووەکاندا, یان لە مەیدانی بایۆلۆجیدا پەیڕەودەکرێ, بەڵکو لە مەیدانی سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا راستە. بەو مانایەی کە گەلێ لەو ئەزمونە سیاسییانەی کە مرۆڤایەتی پێیدا رەت بووە تواناو شایستەیی خۆیان نەسەلماند و بەرگەی مانەوەیان نەگرت, تەنانەت ئەگەر مابێتنەوەش, ئەوا هەر دەبێ خۆیان بە بەرگی دیموکراسی بپۆشن, هیچ لایەکیش بە راشکاوی هێرشی نەکردۆتە سەر دیموکراسی, جگە لە فاشیزم Fascism کە مەیلێکی رەگەزپەرستانەی دیاری هەبووە و ناتوانێ بیشارێتەوە.

کەواتە دیموکراسی ئەزمونی مرۆڤە وەك مرۆڤ, نەك وەك ئەوەی یۆنانی یان عەرەب, ئینگلیز یان رۆژئاواییە. بۆیە ئێمە دەبینین بیرمەندێکی هەڵکەوتووی وەك تۆکڤیل de Tocqueville (١٨٠٥-١٨٥٩) پێی شەرم و شورەیی نەبووە کە بچێتە وڵاتە یەکگرتووەکان, کە دەوڵەتێکی ساواو جێگەی سەرنج راکێشانی بووە, بۆئەوەی لەوێ پرنسیپەکانی دیموکراسی فێرببێت. بە رای ئەو یەکەمین دەوڵەت بووە کە گەیشتۆتە پەیڕەوکردنی نمونەیەکی راستی دیموکراسی, کە ئەمەش توانای پێبەخشیوە هەردوو گرفتی ئازادی و یەکسانی, کە

فەرەنسا بەدەستییانەوە دووچار بووبوو چارەسەر بکات. سەرەڕای ئەوەش کە (تۆکڤیل) دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسی هات کە بەراگەیاندنی بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ پشتیوانیی لە رەوتی دیموکراسی کرد و، سەرەڕای ئەوەش کە خۆی لە ساڵی ١٨٤٩ دا بە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا داندرا.

**هەموو ئەمانە مانای وایە:**

١- نابێ بگوترێ دیموکراسی ئەزمونێکی رۆژئاواییەو, ئێمەی عەرەب چۆن دەتوانین ئەم ئەزمونە لە رۆژئاواوە وەربگرین؟ چونکە دیموکراسی ئەزمونێکی مرۆڤایەتییە و پێشتر و ئێستاش بە درێژایی ئەو ئەزمونە زۆرانەی مرۆڤ لە مێژووی خۆیدا بینیونی لە پێکهاتندایە. دەشێ بگوترێ کە سیستمە دکتاتۆری و گشتگیری و زۆردار و تیۆکراتییەکان.. هتد, لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا وەکو یەك, لەوانەیە بەو ویرانی و تێك و پێکدانەی لەدوای خۆیانەوە بەجێیان هێشتووە, پێشتیوانییان لە بڕوای مرۆڤ بە دیموکراسی و پێویستبوونی خۆپێبەستنەوەی کردبێ. چونکە ئەلتەرناتیفەکەی قێزەون و یەکجار خراپە.

٢- مادام دیموکراسی ئەزمونێکی مرۆڤایەتییە, کەواتە پرۆژەیەکە (مشروع – Pro- ject بەمانای حەرفیی وشەکە, واتە ئەوەی بۆپێشەوە دەخرێتەڕوو)[١٨] و بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی دێتەدی و ناگاتە تەواوکاری (تکامل) تەنها بە کۆتاییهاتنی مرۆڤ نەبێت. بۆیە بەردەوام دەخرێتەژێر رەخنە و پشکنین و پێداچوونەوە و راستکردنەوەوە, ئەمەش بەشێکە لە ناوەڕۆکی دیموکراسی خۆی. چەندەی ئەزموونی



سیاسی مرۆڤ قوڵتر ببێتەوە دەبێ دەروازە والآبکەین بە رووی گۆڕانکاری بەردەوامی تازە کە هەمیشە بەسەر دیموکراسیدا دێت, دەبێ ئەوەش بخەینە بەر زەینی خۆمان کە دیموکراسی خۆی خۆی راست دەکاتەوەو, باشترین چارەسەریش بۆ هەڵەکانی دیموکراسی, دیموکراسیی زیاترە.

٣- دیموکراسی لە کاروانی دووردرێژی خۆیدا یەك شێوەی چەسپاو و نەگۆڕی وەرنەگرتووە, چونکە ئەو پرنسیپانەی کە دیموکراسییان لەسەر دامەزراوە وەك ئازادی و دادوەری و یەکسانی ....هتد, تەنیا ئەوان چەسپاوو نەگۆڕن, بەڵام پەیدابوون و گۆڕانیان لەگەڵ سروشتی کۆمەڵەکان و کولتور و کەلەپورەکەیاندایە, بۆیە دیموکراسیی ئینگلیزی کەم و زۆر لەگەڵ دیموکراسی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا جیاواز بووە, هی وڵاتە یەکگرتووەکانیش جیابووە لەگەڵ هی فەرەنسا یان ئیتاڵیا یان ئەڵمانیا.. هتد. ئێمەش، لە جیهانی عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەتو, لە جیهانی سێیەمیشدا بەشێوەیەکی گشتی, دەتوانین شێوەیەکی تایبەتیی دیموکراسی هەڵبژێرین, بەو مەرجەی پرنسیپە بنچینەییەکانی دیموکراسی, بپارێزین.

پاش ئەوە لەسەر سێ بیرۆکەی بنچینەیی دەدوێین کە: گەل – ئازادی – یەکسانین, پاشان لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بە وروژاندنی هەندێ گرفتی تایبەت بە دیموکراسی بەدواداچوونمان لەو بارەوە دەبێت.

دیموکراسی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە لای یونانییەکان هەتا ئەمرۆ وا پێناس دەکرێ کە (حوکمڕانیی گەلە), بەڵام ئایا مەبەست لە

گەل چییە؟ وەڵامەکە هەروا ئاسان نیە, بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە خەباتێکی سەخت هەبووە بۆ بە دروستی دیاریکردنی ئەم چەمکە!

راستیەکەی گەل دوو چەمکی بنچینەیی هەیە: یەکەمیان کۆمەڵایەتییە و دووەمیشیان سیاسی. گەل بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە سەر بە دەوڵەتێکن, واتە ژنان, منداڵان, پیاوان, پیران, شێت و نەخۆشەکان و بەندەکان و لە نێویشیاندا ئەوانەی (شیاوی: ئەهلیەت)ی سیاسییان لەدەست داوە. بەڵام گەل بەمانا سیاسییەکەی هەموو ئەمانە ناگرێتەوە, بەڵکو ئەوانەن کە مافی بەکارهێنانی مافە سیاسییەکانیان هەیە. ئەگەر دەمانگوت گەل لە دیموکراسیدا خاوەنی دەسەڵات و سەرچاوەی سەروەرییە, ئەوا مەبەستمان لە گەل تەنیا مانا سیاسییەکەیەتی, واتە ئەوانەی مافی هەڵبژاردنیان هەیە, کە دەستەی هەڵبژێر ( واتە دەنگدەران- وەرگێڕ)ن[١٩].

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ گەل دوو چەمکی هەیە کە بەتەواوی چوونیەك نابن‌و, کەلێنی جیاوازییەکەی نێوانیشیان بەرتەسك دەبێتەوە هەرچەندە چوارچێوەی هەڵبژاردن بەرفراوانتر بێت. دەوڵەتانی نوێی دیموکراسی تازە هەوڵی بەرفراوانکردنی بڕیاردان لە مافی هەڵبژاردن و سووککردنی کۆت و بەندەکانیان داوە, تا بەو شێوەیەی لێهاتووە کە پرنسیپی دەنگدانی گشتی Uneversal Saffrage[٢٠] بەکاردەهێنرێ. تەنانەت هەندێ لە دەوڵەتان پەنایان بردۆتە بەر گرتنەبەری پرنسیپی دەنگدانی بەزۆرەملێ, کە جەزا بەسەر ئەوانەی لە



دەنگدان بەشداری ناکەن دەسەپێنێت, چونکە ئەو دەوڵەتانە بەشداریکردن لە یەك کاتدا بە ماف و ئەرك پێکەوە دەزانن[٢١].

قەوارەی بەرفراوان بوون لە چەمکی سیاسیی گەلدا هەرچەندێك بێت, ئێمە ناگەینە پلەی جووتکردنی تەواو لەنێوان هەردوو مانای (سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەل) چونکە لە دواجاردا چەند توێژێك لە تاکەکان دەمێننەوە کە مافی هەڵبژاردنیان نییە وەك منداڵان و شێتەکان و بەندەکان و ئەوانەی وەك ئەوان (شیاوی: ئەهلیەت)یان لەدەستداوە. ئەمەش مانای وایە گەل بە چەمکە سیاسیەکەی -کە مانای دەستەی هەڵبژێر دەبەخشێ -رێکخستنێکی قانونی دیاریکراوی بەرەورووی دەبێتەوە, کە بەوپێیە ئەو تاکانەی ناوەکانیان دەخرێتە نێو خشتەکانی هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێن. ئەم رێکخستنە قانونیەش مانایەکی سیاسیی هەیە, چونکە هەرچەندەی گەل لە مانا کۆمەڵایەتییەکەی نزیك بکەوێتەوە, زیاتر پرنسیپی دیموکراسی دەردەبڕێت[٢٢].

یۆنانیەکان، کەداهێنەری سیستمی دیموکراسی یان ((حکومڕانیی گەل))ن، لەم مانایەی زاراوەی (گەل) نەگەیشتبوون, لەبەرئەوەی ئەوان بە (ناتەواو) ی لە چەمکی گەل گەیشتبوون, وایان لێکردبوو مانای ئەو کۆمەڵە هاووڵاتییە (ئەسینا)ییە نێرینە ئازادانە بدات کە تەمەنیان گەیشتبووە بیست ساڵ.

بەمەش ژنان و نیشتەجێکان و کۆیلەکانیان لەنێو چەمکی گەل دەرهێناو تەنانەت (ئەفلاتون) وا لە چەمکی گەل لە سیستمی دیموکراسیدا گەیشتبوو کە دەستەیەکی گێرەشێوێن یان پەلاماردەر,

یان ئەوانەن کە لەسەر شێوەی ئەوانن, لەلای (ئەرستۆ)ش (کۆمەڵێك هاوولاتیی هەژار)ن لە شارە جیاجیاکاندا[٢٣]. لەبەر ئەم هۆیە حوکمڕانیی گەل لەلای یۆنانییەکان پێڕەوکردنێکی یەکجار سنوورداری هەبووە, چونکە لە راستیدا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی زۆرینەدا نەبووە, بەڵکو تەنیا لەدەستی هاوولاتییانی ئازاد خۆیاندا بووە. کە ئەوانیش دەستەیەکی سنوودار بوون و بەپێی هەندێ گێڕانەوە ناگەنە دەیەکی دانیشتوان یان بەپێی باشترین گریمانە ناگەنە سێیەك [٢٥].

هەمان ئەم تێگەیشتنە ناتەواوە لە زاراوەی (گەل) لە دیموکراسیی رۆمانیدا باو بووە, چونکە هاوولاتیی ئازادی نێرینەی رۆمانی, هەر خۆی مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی دەوڵەتی هەبووە. سەرەڕای ئەمەش ئیمپراتۆریەتی رۆمانی توانیویەتی گەورەترین بەشی جیهانی ناسراوی ئەوکات بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و, دیلەکانی جەنگ بکا بە کۆیلە, تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی گەلانی شکستخواردوو بکا بە کۆیلەی زەوی, ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە ژمارەی کۆیلەکانی زەوی لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا ساڵی (٢٤ پ.ز) گەیشتە نزیکەی (٢٠) ملیۆن کەس بەرامبەر بە تەنیا (٢١٤)هەزار کەس لە هاوولاتییانی ئازاد[٢٦].

بەم شێوەیە ئەزمونی دیموکراسیی رۆمانی دووچاری هەمان ئەو سەختییانە بووە و هەمان ئەو کەم وکوڕیانەشی هەبوو کە ئەزموونی یۆنانی پێیەوەدەینالاند, ئەم سەختییانە سەرەتای هاتنەمەیدانی سنووردارکرد و ئەوەندەی نەبرد لەناویشی برد! دیاردەی کۆیلەیی رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە شکستپێهێنانی ئەزمونەکەدا هەبوو. رۆمان



ئەم دیاردەیەی ناسیوەو هەروەها ئەسینا رەنگە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتریشدا, ئیدی سیستمی کۆیلەیی تیایدا، هەروەها لە هەموو جیهانی کۆنیشدا بووە کۆسپێکی قایم لەبەردەم بەدیهاتنی دیموکراسیدا, چونکە دیموکراسی و کۆیلەیی پێکەوە هەڵناکەن[٢٧]. جا چۆن دەڵێین گەل خاوەنی دەسەڵاتە و سەرچاوەی سەروەرییە یان حوکمڕانییەکەمان (حوکمڕانیی گەل)ە لەکاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆری گەل (ژنان و کۆیلەکان) لە مافە سیاسییەکانیان بێبەشن؟

سیستمی کۆیلەیی دوای یۆنان و رۆمانیش بەدرێژایی سەردەمەکانی ناوەڕاست بەردەوام بوو, تەنانەت سیستمێکی تازەشی خرایە سەر کە ئەویش (کۆیلەی زەوی serfdom)یە یان کۆیلەیەتیی زەوی.. هتد. بە شێوەیەك جوتیاران لە چەند پلەیەکی جیاوازی پاشکۆیەتی خاوەنە دەرەبەگەکەیاندا دەژیان. هەیانبوو لە چینی کۆیلەکانی زەوی بوو, هەشیانبوو لە بارێکی نزیك لە باری چێنەری ئازاددا بوو.. ئێمە لە هەردوو سەدەی یازدەو دوازدەدا دەبینین زۆرینەی جوتیاران کەوتنە ئەوبارەوە کە لە زاراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەناوی کۆیلەی زەوی (Serfdom) یان کۆیلەیەتیی زەوی دەناسرا, ئەگەرچی پایەی کۆیلەی زەوی یان کەی جوتیار بە کۆیلەی زەوی دادەنرێ, بە جیاوازیی سەردەمەکان جیاوازیی هەبووە, بەشێوەیەك کۆمەڵی دەرەبەگایەتی لە گۆڕاندابوو بەڵام بە سستی. کۆیلەی زەویش, بەشێوەیەکی گشتی, بەو زەوییەوە بەستراوەتەوە کە خاوەنە دەرەبەگەکە هەیبووە (ئەگەر کۆیلەی ئاسایی موڵکی خاوەنەکە بووبێ, ئەوا کۆیلەی زەوی پاشکۆی زەوییەکە بووە, ئەگەر خاوەنێتیی

زەوییەکەش بۆ کەسێکی دیکە گوازرابێتەوە, ئەوا ئەویش لەگەڵیدا دراوەتە خاوەن زەوییە تازەکە). کۆیلەی زەوی مافی بە ئازادی وازهێنان لەو زەوییەی نەبووە کە پاشکۆیەتی, بەڵکو وەکو بەشێك لە کەل و پەلی پاشبەندی ئەو زەوییەی خاوەن زەوییەکە هەبووە دەفرۆشرا, هەروەها خانووبەرە یان ئاژەڵەکانی سەر بەو زەوییەش لەگەڵ زەوییەکەدا دەفرۆشران. مافی ئەوەشی نەبوو کە گواستنەوە بۆ لای خاوەنە تازەکە رەت بکاتەوە، هەروەها مافی ئەوەشی نەبوو لە دەرەوەی سنووری موڵکەکانی خاوەنەکەیدا، بەرەزامەندیی ئەو نەبێت ژن بێنێت... هتد[٢٨].

پاشان ئەوروپییەکان لە سەدەی شازدەهەمەوە دوای دۆزینەوەی ئەمریکا و ناوچەکانی ئەفریقیای باشوور و رۆژئاوا و ناوەڕاست کەوتنە (راوکردن) ی ئەفریقیاییەکان و کۆنترۆڵکردنیان و کۆیلەکردنیان. ئیدی بازرگانییان بە کۆیلەکانەوە کرد و گەلێ لە زنجەکانیان برد بۆ ئەمریکا تا لە کێڵگەکانی سپی پێستەکاندا ئیش بکەن, سەرەڕای کۆیلەکردنی زنجەکان و ئیش پێکردنیان لە زەوییەکانی خۆیان لە ئەفریقیادا[٢٩].

جارێکی دیکەش کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بنیاتنانی سیستمی دیموکراسیدا دەبینین, ئەگەر باوەڕ بەوە بهێنین کە (دیموکراسی و کۆیلایەتی لەگەڵ یەکدا هەڵناکەن), چونکە دیموکراسی رێز لە مافەکانی کەس دەگرێت جائەو کەسە پایەی کۆمەڵایەتیی هەرچییەك بێت, لەکاتێکدا کۆیلایەتی لەسەر رەتکردنەوەی سەرلەبەر و تەواوی مافە مەدەنییەکانی کەسەکە دامەزراوە, ئەمەش مانای وایە مادام ئەو رەتکردنەوەیە هەیەو, مادام کۆیلایەتی پەسەند دەکرێ, کەواتە ناکرێ



باوەڕ بەوە بهێنین تێگەیشتنێکی راستەقینەی دیموکراسی بوونی هەیە[٣٠].

لەبەر ئەم هۆیەش بیرمەند و فەیلەسوفەکان تێکۆشانێکی زۆریان لەپێناوی نەهێشتنی کۆیلەیی و رێزگرتن لە مرۆڤ وەك مرۆڤ و پێدانی مافە مەدەنیەکانی کرد، ئەوەبوو لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا رەوتێکی فیکریی بەهێز پەیدابوو کە داوای رزگاربوون لە زۆر و ستەمکاریی دەکرد و سەرنجی رادەکێشا بۆ ئەو ستەمەی لەلایەن ئیسپانیە ئیستیعمارەکانەوە لە هیندیە سوورەکان دەکرا. ئەم رەوتەش لەلایەن ناودارترین فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمەوە پەیدابوو[٣١], لە پێشەوەیاندا مۆنتسکیو Montesquieay (١٦٨٩ – ١٧٥٥) و ڤۆڵتێر Voltaire (١٦٩٤–١٧٧٨) و جان جاك رۆسۆ Rousseau j.j (١٧١٢–١٧٧٨). مۆنتسکیو لە کتێبەکەیدا (گیانی قانونەکان) هەموو روخسارەکانی کۆیلەیەتی باس کردووە, هەر سێ سەرچاوەکەشی هەڵوەشاندۆتەوە کە زانا رۆمانییەکان بۆ کۆیلەیەتییان داناوە، کە ئەوانیش جەنگو فرۆشتنو لە دایك بوونن [٣٢]. هەروەها مۆنتسکیو پێی وایە هەڵەیە کوشتن لەجەنگدا حەلاڵ بکرێت ، تەنیا لەباری پێویستدا نەبێت .

بەلام مەسەلەکە بەم شێوەیە سوكو ئاسان نەبووە، کاروبارەکان وەکو خوێنەر زەینی بۆی دەچێ بەئاسانی بەڕێوەنەچوون! چونکە ئەگەر خانەدانەکان خەباتیان کردبێ و پێشتر لەگەڵ پاشادا کەوتبێتنە ململانێوە, ئەوا لە سەدەی حەڤدەهەمدا ململانێکە بەشێوەیەکی توندو تیژتر لە سەردەمی هەردوو پاشا جیمسی یەکەم (١٦٣٠–١٦١٥) و

شارلی یەکەم (١٦٢٥–١٦٤٩) دا نوێبووەوە هەتا ململانێکە بوو بە جەنگی ناوخۆیی لە ساڵی (١٦٤٢–١٦٤٥)دا, دواتر جارێکی دیکەش لە (١٦٤٧–١٦٤٩) دا نوێبووەوە و بە لەسێدارەدانی پاشا شارلی یەکەم لە ٣٠ یەنایەری ١٦٤٩ دا کۆتایی پێهات. ئیدی ئۆلیڤەر کرۆمۆیل (١٥٩٩–١٦٥٨) کە یەکێك بوو لە ئەندامانی پەرلەمان سەرۆکایەتیی وڵاتی گرتە دەست[٦١].

بەڵام ئەم ململانێ خوێناوییە کە حوکمڕانیی ڕەهای پاشایی لە ئینگلتەرادا وروژاندی, سەرەڕای بڵاوبوونەوەی حوکمڕانیی ڕەهای پاشایی لە هەموو ئەوروپادا, دوو ئاڕاستەی دژبەیەکی هێنایە ئارا، یەکەمیان لایەنگریی دەسەڵاتی ڕەهای دەکرد و پێیدا هەڵیدەدا هەروەك تۆماس هۆبز Thomas Hobbes (١٥٨٨–١٦٧٩) لە ئینگلتەرا و باوە جاك بۆ سویێ jacques Bossuet (١٦٢٧–١٧٠٤) لە فەرەنسا وایان کرد. کەچی ئاڕاستەکەی تر بانگەشە بۆ شۆڕش لە دژی زۆرداری دەکا هەروەك جۆن لۆك John lcoke (١٦٣٢–١٧٠٤) پاش ئەویش جۆن ستیوارت مل j.s Mill (١٨٠٦–١٨٧٣) لە ئینگلتەرادا و مۆنتسکیو Montesqueu (١٦٨٩–١٧٥٥) و ڕۆسۆ Rousseau (١٧١٢–١٧٧٨) لە فەڕەنسادا وایانکرد. گرنگترین بیرۆکەش کە لە نێو ئەم فەیلەسوفانەدا پەیدابوو و, کاریگەریی یەکجار ترسناکی هەبوو, بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بوو Social Contract کە پەیدابوونی دەوڵەت لەسەر بنچینەی ئەو پەیمانە لێك دەداتەوە کە لەنێوان تاکەکان وەك دەستەیەك یان لەنێوان ئەوان و حوکمڕانەکاندا دەبەسترێت[٦٢]. ئەمەش بیرۆکەیەك بوو ئەو بیرمەندانەی کۆششیان



دەکرد بۆ داکۆکیکردن لە ڕێچکەی تاکڕەوی دژی ڕێچکەی ڕەها, وەك نوایەك پەنایان بۆدەبرد، چونکە پاشاکان بۆ پاساودانەوەی دەسەڵاتی خۆیان پەنایان دەبردە بەر ئەو قسەیەی کە ئەوان دەسەڵاتیان ڕاستەوخۆ لە خواوە وەردەگرن, ئەوان سێبەری خوان لەسەر زەویدا, یان بەلانی کەم بەناوی ئەوەوە حوکمڕانی دەکەن و, ئەویش سەرپشکی کردوون, بۆیە ئەوان تەنیا لەبەردەم خوادا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ, نەك لەبەردەم خەڵکدا! لێرەوە بوو کە سیستمی باوکسالاری پەتریارکیPatriarchalism بوو بە سیستمی سروشتیی ئەو کۆمەڵەی کە دواجار ڕیشەی دەچێتەوە سەر (العهد القديم) لە کتێبی پیرۆز.

لێرەوە تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) بوو بە تاکە وەسیلەی ڕەخساو بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بانگەشانە, ڕەنگە بتوانرێ ئەوەش بگوترێ کە (فێڵ) یێك بوو بیرمەندەکان پەنایان بۆ دەبرد بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو فۆرمە ئاینییەی کە پیرۆزیی بە حوکمڕان دەبەخشی تا بەپێچەوانەی ئەمەوە بڵێن خەڵك بە ئازادی لەدایك بوون و لەبەردەم خواو لەبەردەم قانونەکانی سروشتیدا یەکسانن و گرنگی پێدانەکانیشیان یەکەو, کۆمەڵی مەدەنیش جگەلە وەسیلەیەك بۆ پاراستنی ئەم گرنگی پێدانانە و چاکسازییان شتێکی تر نییە. بەڵام دەسەڵاتی پاشا یان حوکمڕان, بەشێوەیەکی گشتی بەتەواوی لە ڕەزامەندی میللی و ڕەزامەندیی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ. ئەم کۆمەڵی مەدەنیەش مرۆڤ دروستی کردووە و تەنیا گەشەیەکی سروشتی نیە وەك خێزان یان درەختێك یان شانەی هەنگ. ئیدی پاشاکانیش وەك خەڵکی تر لەژێر ڕکێفی قانونە سروشتییەکان و فەرمان و ڕاسپاردەکانی خوادان، هەروا لە ژێر ڕکێفی

بەندەكانی ئەو پەیمانەدان كە پێش هەموو شتێك دامەزراندنی دەسەڵات دەیكاتــە گریمانــە، ئەمــەش ڕێگەیــەكی تربــوو تــابگوترێ دەســەڵاتی پاشاكان مەرجدارە نەك رەها. پاشانیش كاتێك كە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا لە یەنایری ساڵی ١٦٨٩ دا تۆمەتبار كردنی پاشای پێشوو جیمسی دووەمی راگەیاند بەوەی كە (پەیمانی رەسەنی نێوان گەل و پاشای پێشێل كردووە!) ئەوا ئەمەی لەو باوەڕەوە كردووە كە ئەم پێشێلكردنە تاوانێكە بەشێوەیەكی بەردەوام سزا دەخوازێت، سزایەك كە قانونی سروشتی دەیسەپێنێ، لێرەوەیە دەگوترێ مێژووی بیرۆكەی پەیمان تاڕادەیەكی زۆر مێژووی قانونی سروشتی خۆیەتی[٦٣]!

كاتێك دیموكراسی وەك سیستمێك لە سیستمەكانی حوكمڕانی نەما لەگەڵیشیدا هەموو قسەكردنێك لەسەر (ئازادی) نەما. هیچ گفتوگۆ و تیۆری، تەنانەت بیروڕایەكیش بەدرێژایی سەدەكانی ناوەڕاست، لەبارەی (ئازادی سیاسی)یەوە نەمان، مەسەلەیەكی تر شوێنی گرتەوە كە ئەویش (ئازادیی ئیرادە) بوو كە بوو بە گرفتێكی لاهوتی بە پلەی یەكەم كە ئەویش ئەوەیە: چۆن بوونی خواوەندێكی توانادار بەسەر هەموو شتێكدا لەلایەكەوەو، بوونی مرۆڤێكی ئیرادە ئازاد لەلایەكی دیكەوە لەگەڵ یەكتردا دەگونجێندرێن ئەگەر ئیرادە ئازاد نەبوو، یان ئەگەر بڵێین مرۆۋ ئازادیی ئیرادەی نییە، چۆن دەكرێ داوای جێبەجێكردنی چەند فەرمانێكی ئایینیی دیاریكراوی لێبكرێ؟!

لە واقیعیشدا ئەم گرفتە رۆڵێكی دیاری لە فەلسەفەی ئاییندا گێڕا، هەندێ لە لاهوتییەكانیش بە بەڵگەیەكی بەهێز بۆ بوونی خوا تەماشایان كردووە، ئەوەتا لایەنێكی (رۆحی)ی ئەمر نەملكەچی



سروشت و نە لێكدانەوەی زانستی دەبێت، ئایا ئەمە بەڵگەنییە لەسەر ئەوەی سروشت هەمووی (مادی)نییە؟ ئەمەش مانای وایە ئەم گرفتە "بەمەتەڵكراو"ەیان، كە لەچارەسەر كردن نەهات، كرد بەبەڵگە بۆ بوونی هێزێكی رۆحیی باڵا كە ئەویش خوایە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە كە سەدەكانی ناوەڕاست مانای ئازادیی بەدیاریكراوی، لەم گرفتە لاهوتییەدا دەورەدابوو ولە گفتوگۆكردن لەسەر (ئازادی سیاسی) بە رادەی دووركەوتنەوەی لە سیستمی دیموكراسی، دووركەوتبووەوە. بەڵام هەركە بیری مرۆڤایەتی، لە گرفتە لاهوتییەكانی سەدەكانی ناوەڕاست رزگاری بوو و، بە تێڕوانینێكی مرۆڤایەتیانەی جیاواز لە ئایین تەماشای بابەتە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانی كرد، ئیدی گرفتی ئازادی بە مانا سیاسییەكەی، نەك بە مانا لاهوتییەكەی، سەرلەنوێ دەستی بە دەركەوتنەوە كرد.

فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز Thomas Hobbes (١٥٨٨-١٦٧٩) یەكەمین كەس بوو لە توانای دامەزراندنی سیستمە سیاسیەكان لەسەر بنچینە و ڕێسای چەسپاوی كۆڵییەوە، كە بێسەروبەری و پشێویی فیكری لەناو ببات (خۆیشی لەناوجەرگەی شەڕی ناوخۆیی نێوان پاشا و پەرلەمانی ئینگلیزیدا ژیاوە) بۆیە لەبارەیەوە گوتراوە ویستویەتی (ئیقلیدس) ی (زانستی سیاسەت) بێت.

سەرەڕای ئەوەی (هۆبز) گرنگیەكی زۆری بە بیرۆكەی دیموكراسی نەدا، كەچی بیرۆكەی (پەیمانی كۆمەڵایەتی) پەیدابوو كە كۆمەڵی مرۆڤایەتی لەسەر بناغەیدا دامەزراوە، هەرئەو بیرۆكەیە خۆیشی پاشان بوو بە بناغەیەكی جێگیر بۆ دیموكراسی، لەگەڵ بیرۆكەی پەیمانی

کۆمەڵایەتیدا گرفتی ئازادیی سیاسیش سەرلەنوێ پەیدابووەوە. (هۆبز) گرنگیدا بەم گرفتە, تەنانەت بۆ لێکۆڵینەوەشی چەند رشتەیەکی لەکتێبە ناودارەکەی (Levia than) بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد. (بۆ نمونە، تەماشای رشتەی بیست و یەکەمی بەشی دووەمی ئەم کتێبە بکە). کەچی گەڕایەوە سەر تێگەیشتنە خراپە کۆنەکەی مانای ئازادی بەوەی ئەو رەوشتەیە کە هیچ کۆسپێکی نایەتەرێگا, یان ئەو کردارەیە کە کۆسپ یان کۆت و بەند نایەتە بەردەمی. دەڵێ: (مرۆڤی ئازاد ئەو مرۆڤەیە کە هیچ کۆسپێك ناتوانێ بەربەست بێ لەبەردەم ئەو کردارەی کە دەیەوێ بیکات)[٦٤].

رەنگە ئەو" باری سروشت"ەی کە (هۆبز) بە دوورودرێژی باسی کردووە ئەو بارە بێت کە مرۆڤ تیایدا لە بەرفراوانترین ئاستدا ئازادیی (بەم مانا خراپەی) پیادە دەکات. لێرەدا مرۆڤ چیی ویستبێ بەبێ کۆت و بەند و کۆسپ کردویەتی, نە یاسا و نە نەریت و نە عورف و نە هیچ جۆرە سیستمێك هەبووە, بۆیە ئاژاوە لە تێڕوانینی (هۆبز) دا بارێکی سروشتی بووە و سیستمەکەش پیشەسازی بووە. لێرەشدا قانون بەشێوەیەکی بەردەوام (کۆت و بەند)ێك بووە, تەنانەت ئەگەر بەرگریشت لێبکا و لە خەڵکانی دیکەش بتپارێزێو, رێگەت لێبگرێ کە شەتەك بدرێی لە کۆت و زنجیر بکرێی کە قورسترە لە کۆت و بەندەکانی قانون[٦٥].

پێش ئەوەی لەسەر قسەکانمان بەردەوام بین, رەنگە لەسەرمان پێویست بێت کە چەند سەرنجێك لەبارەی ئەم مانا سلبیەی ئازادییەوە بدەین:



**سەرنجی یەکەم:** هەندێجار کە دەگوترێ چەند جۆرێك لەم ئازادییە هەیە, وەك ئەوەی کە پینۆك (P.Pennock) لە کتێبەکەیدا لەبارەی (دیموکراسی)یەوە[٦٦] کردوویەتی بەدحاڵیبوونە لەم مانایە. بۆ نمونە پینۆك پێی وابووە کە سێ جۆر هەیە:

١- نەبوونی کۆسپە فیزیکییەکان کە رێ دەگرن لە کاری مایەی رەزامەندی.

٢- نەبوونی ئەو هەڕەشانەی کە لەوانەیە کۆسپ بخەنە رێگای ئەنجامدانی کار(الفعل).

٣- ئەو قانونانەی رێگە لە کار دەگرن, یان سزا بەسەر ئەوەدا کە کارەکە دەکات, دەسەپێنن.. هتد.

راستییەکەی ئەم نمونانە هەموویان جۆرەکانی ئازادیی سلبی نین, بەڵکو بە واتایەکی تر (بەجۆراوجۆرکردن)ی هەمان ئەو مانایەن کە ئەویش: نەبوونی کۆسپەکانە جا ئەم کۆسپانە فیزیکی, مادی, یان دەروونی بن, یان چەند سزایەك بن کە قانون دەیانسەپێنێ.. هتد[٦٧].

**سەرنجی دووەم:** زۆرجار ئازادی بە مانا خراپەکەی والێی تێدەگەن کە مانای (رزگاربوون لە) واتە دەربازبوون لە کۆت و بەند و کۆسپەکانە – بۆیەش سلبی بوو. ئەوکاتەش ئەو گرفتەی مەبەستیەتی لێدێت: ئەو کۆت و بەند یان سنورانەی رێ لە کار (الفعل)ی مرۆڤ دەگرن, دەکرێ لە کوێ دابنرێن؟ سنووری ئەو ناوچەیە لە کوێیە کە خاوەن کار (الفعل)ەکە کەسێك یان دەستەیەك بووبێت – یان دەبێ تیایدا بواری پێبدرێت تا ئەوەبکات کە دەتوانێ بیکات یان ئەوە بێت کە دەتوانێت ببێت بەبێ دەست تێوەردانی کەسانی تر[٦٨] کە ئەمەش پرسیارێکی

گرنگە بۆیە (جۆن ستیوارت مل)، وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وەك دوای کەمێکی تر دەیزانین، کتێبێکی تەواو دادەنێت.

**سەرنجی سێیەم:** ئەوەیەکە لێرەدا قسەکردن لەسەر کاری مرۆییە لەو سنوورەی مرۆڤ تیایدا دەتوانێ کارێك بکات، واتە مرۆڤ ئەو کارە بکات کە دەیەوێت لە سنووری تواناکانی مرۆڤدا بیکات، ئەگەر مرۆڤەکە هیچ کۆسپێکی لە کەسانی ترەوە یان لە قانون و نەریتەکانەوە.. هتد، نەهاتەڕێ. لەم بارەدا مرۆڤەکە ئازاد بوو، بەڵام ئەو کار (الفعل)ەی کە لەم چوارچێوەیە دەربچوایە، مەبەستم ئەوەیە کە نەتوانێ ئامانجەکەی خۆی بپێکێ بەهۆی ئەوەی کەکارەکە لەسەرووی وزەی مرۆڤ دایە، ئەوا مانای ئەوەنییە ئازادی نییە (وەك ئەوەی نەتوانی بەئاسماندا بفڕیت، یان بە هەنگاوێك لە رووبار بپەڕیتەوە..هتد). فەیلەسوفی فەڕەنسی (هلڤتیۆس) Helvetius (١٧١٥–١٧٧٧) ئەم سەرنجەی رونکردۆتەوە کە گوتویەتی (مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە کۆت و زنجیر نەکراوە، لەیەکێك لەبەندیخانەکاندا بەند نەکراوە، ئەو کەسەیە کە ترس لە سزادان وەك کۆیلە نایتۆقێنێ، بەڵام کە نەتوانی وەك هەڵۆ بەرزەفڕبی، یان نەتوانی وەك نەهەنگ مەلە بکەیت مانای ئەوە نییە کە ئازادییەکەت ناتەواوە)[٦٩].

سروشتی بوو کە جۆن لۆك john locke (١٦٣٢–١٧٠٤) گرنگی بە بابەتی (ئازادی) بدات، هەر لۆکیش بوو کە لایەنی گەلی گرت لە ململانێی لەگەڵ پاشاداو دواتریش هەوڵیدا بناغەکانی لیبرالیزمی سیاسی دابڕێژێ کە (مل) ی باوك و دواتر کوڕیش هەردووکیان پشتیوانییان لێکردو، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دیموکراسیی



لەسەر دامەزرا، کە ئەمەش وای لە ئەمریکاییەکان خۆیان کرد کە بە (فەیلەسوفی ئەمریکا) و بناغەداڕێژەری بیری سیاسیی ئەمریکیی دابنێن[٧٠].

لە واقیعیشدا بابەتی ئازادیی مرۆیی، جۆن لۆکی سەقاڵ کردبوو، بۆیە هەموو دانراوە بنچینەییەکانی کە باس لە بیری سیاسیی دەکەن سەبارەت بەم بابەتەن. کتێبەکەی (پەیامی لێبووردن)ی ساڵی ١٦٨٩ بۆ بەرگری لە (ئازادیی ئایینی) نووسیوەو، کتێبەکەی (دوو نامە لە بارەی حکومەتەوە) ساڵی ١٦٩٠ بۆ بەرگری لە ئازادیی سیاسی نووسیوەو، کتێبی (بەهای دارایی)ی ساڵی ١٦٩١ بۆ بەرگری لە ئازادیی ئابووری نووسیوە. هەر دانراوێکیش لە دانراوەکانی لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی پرنسیپێك لە پرنسیپەکانی ئازادیی مرۆڤایەتی[٧١].

جۆن لۆك پەنا دەباتە بەر بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەروەك (هۆبز) یش وایکرد، هەروەها لۆك باوەڕی وایە کەئەو (باری سروشتی)ەی مرۆڤ تیایدا دەژیا دەربڕی (ئازادیی تەواو)بووەو، هەروەها دەربڕی یەکسانیی تەواویش بووە، چونکە ئازادیی سروشتی لەیەکسانیی سروشتییەوە پەرت بووە. لەبەرئەوەی هیچ شتێك لەوە روونتر نیە کە بوونەوەرەکان لە هەمان جۆر و پلەوە لەدایك دەبن و هەموو جیاکەرەوەکانی سروشت و هەموو هێزێکیان هەیە، بۆیە پێویستە بەتەواوی لەنێو خۆیاندا یەکسان بن بێئەوەی یەکێکیان بخرێتە ژێر رکێفی ئەویتر، یان ملی بۆ کەچ بکات (دوو نامە لەبارەی حکومەتەوە. بڕگەی ٤ لە نامەی دووەم).

بەم شێوەیە بۆ یەکەمین جار دوو بناغەی دیموکراسی پەیدا دەبن:

ئازادی و یەکسانی لە لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفیی بەپێزدا کە بەشێوەیەکی کرداریش دوای ئەوە لە جاڕی سەربەخۆیی ئەمریکادا کرایە واقیع کە لە سەروەختی شۆڕشی کۆلۆنییە ئەمریکاییەکان لەپێناوی ئۆتۆنۆمی و ژیانی نیشتمان پەروەرانە دەرچوو, کە بە راستگۆیانەترین شێوە گیانی سەردەمی نوێی دەربڕی‌و, لەگەڵ داواکاریەکانی (جۆن لۆك)[٧٢] یش کۆك بوو.

راستییەکەی جۆن لۆك گەلێ بیروباوەڕی بنچینەیی بە رەوتی دیموکراسی بەخشی, کە دواتر دەرکەوتن, لەوانە:

١- خەڵك هەموویان ئازادن و هەمووشیان لە مافە سیاسییەکانیاندا یەکسانن.

٢- مرۆڤ مافی سروشتیی هەیە وەك مافگەلێکی ژیان و مافی خاوەنداریێتی.. هتد. ئەمەش کەس پێی نەبەخشیوە, بەڵکو خەسڵەتەکانی خودی مرۆڤایەتین.

٣- خەڵك هەموویان یەکسانن, نە پلە و نە پایە, نە توێژیش لەنێوانیاندا هەیە.

٤- دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بناغەی پەیمانی بنیاتنراو لەسەر رەزامەندیی هەردوو لایەنی پەیمانەکە دادەمەزرێ. کەس ناتوانێ ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی بپچڕێت بەدەر لە ویستی ئەوانەی کە حوکمیان دەکات.

٥- حوکمڕانی, لەنێو گروپدا دوای دامەزرانی لە رێگەی کۆدەنگییەوە، حوکمڕانیی زۆرینە دەبێت, بەمەش (لۆك) لە پێشەنگی ئەوانەیە کە قسەیان لەسەر حوکمڕانیی زۆرینە کردووە.



٦- حکومەت لەلای (لۆك) لەسەر بناغەی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دادەمەزرێ. هەروەها پیێ وایە کە دەسەڵاتی قانوندانان کە لەتەك داڕشتنی قانونەکاندا ئەرکی دادوەریش دەبینێ — بەشێوەیەکی پێویست بالاٌترە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە ئەو قانونانە جێبەجێدەکا کە دەسەڵاتی قانوندانان دایاندەڕێژێ.

جان جاك رۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨) یەکەمین زانابووە کە ئاماژەی بۆ ئازادی بە مانا ئیجابیەکەی کردووە. بیرۆکەکەی (لۆك) ی وەرگرتووە کە دەڵێ خەڵك هەموویان ئازادن. یەکەمین دەستەواژە کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دا هاتووە ئەوەیە کە دەڵێ: (مرۆڤ بە ئازادی لەدایك بووە, بەلاٌم دەبینین لە هەموو شوێنێکدا زنجیر کراوە..)[٧٣].

لەو باوەڕەشدایە ئەو زنجیرەی لە هەموو شوێنێکدا مرۆڤی پێوەبەند دەکرێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستمە سیاسییە خراپانەی کە ئازادیی سروشتییانی لێ زەوتکردوون کە تیایدا لەدایك بوون و کردوونی بە رانەمەڕێك: (هەموو رانەمەڕێکیش شوانی خۆی هەیە و دەیانپارێزێ بۆئەوەی خۆی بیانخوات)[٧٤].

کەچی (رۆسۆ) هەر بە بیرۆکەکەی (لۆك) نەوەستا, کە دەڵێ خەڵك هەموویان ئازادن, بەڵکو ویستی مانای ئەو ئازادییە دیاری بکا, چونکە باوەڕی بەو مانا خراپە نەبوو کە چەندین سەدەی درێژخایەن بوو باوی بوو, کە ئازادی ئەوەیە مرۆڤ هەر شتێك بکات کە بیەوێ, یان ئەوەیە مرۆڤ لە کۆت و زنجیر رزگار ببێت. بۆیە دەیبینین دەڵێت:

(ئازادی پشت نابەستێت بەوەی تاك ئەوە بکات کە بە ویستی خۆی

دەیەوێت بیکات, بەو رادەیەی کە پشت دەبەستێت بەوەی کە نەچێتە ژێر باری ویستی کەسێکی تر. ئازادی زیاتر پشت بە ملکەچ نەبوونی خەڵکانی تر بۆ ویستی تایبەتیی من دەبەستێت. چونکە لە ئازادیی گشتیدا هیچ کەسێك مافی ئەوەی نیە ئەو کارە بکات کە ئازادیی کەسانی تر لێی قەدەغە دەکات. ئازادیی راستەقینە هەرگیز خۆی لەناو نابات. بەم شێوەیە دەبینین ئازادی بەبێ عەدالەت ناکۆکییەکی راستەقینەیە, چونکە نە ئازادی بەبێ قانونەکان بوونی هەیە, نە ئازادیش بوونی دەبێ کاتێك کە، هەرکەسێك، لە سەرووی قانونەوە دەبێت.. گەلی ئازادیش بە سروشتی خۆی، گوێڕایەڵ دەبێت, بەڵام خزمەتکار نییە. دادوەر (قازی)ی هەیە, بەڵام ئاغای تیا نییە, جگە لە قانونەکان ملکەچی هیچ شتێکی تر نابێت. بەهۆی هێزی قانونەکانیشەوە مل بۆ مرۆڤەکان کەچ ناکات)(٧٥).لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: (دەبێ ئەوەشی بخەینە سەر کە مرۆڤ ئازادیی رەوشتی لە کۆمەڵی مەدەنییەوە وەردەگرێت, هەرئەویش مرۆڤ دەکات بە گەورەی خۆی ، چونکە رەفتاری مرۆڤ ئەگەر تەنیا هەوەس بەسەریدا زاڵ بوو ئەوا دەبێتە کۆیلەیی, لەکاتێکدا ئازادی بریتیە لە گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەو قانونەی خۆمانی پێوەپابەند دەکەین..)(٧٦).

ئێمە لێرەدا بۆ یەکەمین جارە چاوبگێڕین بە سەرەتاکانی بیرۆکەی بەناوبانگی (هیگل) لە پێناسەکردنی ئازادی بەوەی دیاریکردنی خودە Self-determination, ئەو بیرۆکەیەی کە خۆی پشتی بەستووە بە بیرۆکەی (کانت) لەبارەی سەربەخۆیی ویستەوە (Autonomy) کە قانونێك بۆ خۆی دادەڕێژێ و لەسەری دەڕوات, بەشێوەیەك کە ئازادی



وای لێدێت مرۆڤ گوێڕایەڵی خۆی, یان ویستی تەواوی خۆی دەبێت، کە گوێ ڕایەڵی ئەو قانونە دەبێت کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداریی لە داڕشتنیدا کردووە, لە واقیعیشدا گوێڕایەڵی خۆی دەبێت. کاتێکیش ئەو قانونە یاخی دەبێت, بەو سزایەشەوە کەلە یاخیبوونەکە دەکەوێتەوە, ئەوا داوای سزادانی خۆی دەکات. بەم شێوەیە رەفتاری تاك و ئازادییەکەی دەبنە وێنەیەکی بچوککراوەی دیموکراسی, واتە: مرۆڤ خۆی فەرمانڕەوایی بکات! دیموکراسی سیاسیش دەبێتە ئەوەی گەل خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات. تەنیا ئەوکاتەش ئازاد دەبێت.

(کانت) لەگەڵ (رۆسۆ) دا هاوڕا بوو کە ئازادی بەشێکە لە ماهیەتی مرۆڤ و ناتوانێ دەستبەرداری ببێت, ئەگەر لە دەستی بدات لەگەڵیدا مرۆڤبوونی خۆی لەدەست دەدات. چونکە تاکە مافی خۆڕسك بریتیە لە ئازادی بەو رادەیەی کە مرۆڤ بەو ئازادیەوە دەتوانێ بەپێی قانونێکی گشتی لەگەڵ ئازادیی کەسانی تردا بژێت. مرۆڤ بەو پێیەی کە مرۆڤە پارێزراوە چونکە مرۆڤە, واتە بەگوێرەی مرۆڤایەتیەکەی(٧٧).

بەڵام (کانت) ئازادیی، بە مانا ئیجابییەکەی و وردتریش لە (رۆسۆ) لە چوارچێوەی فەلسەفە رەوشتیەکەی خۆیدا کە پشتی بە سێ رێسا بەستووە، دیاریکرد:

أ-**رێسای گشتاندن** واتە کە مرۆڤ رەفتارێکی دیاریکراو دەکا, ئەوە بخاتە زەینی خۆیەوە کە دەتوانرێ ئەو رەفتارە گشتگیر بکرێ, تا بۆ سەرجەم خەڵك ببێتە فانونێکی گشتی.

ب-**رێسای ئامانجداری (الغائیە)** ئەوەیە کە مرۆڤایەتی لە خودی کەسێتی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ, یان لەگەڵ کەسێکی تردا کە

نوێنەرایەتی بکات بەوپێیەی ئامانجە لە خودی خۆیدا نەك تەنها وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك. ئەمەش بناغەی کەرامەتی مرۆڤایەتییە.

**پ-رێسای ئازادی**, لە هەردوو رێساکەی پێشووەوە هەڵهێنجراوە و دەڵێ (وا بکە کە ویستی خۆت لە جێگەی ئەو قانوندانەرە بێت کە قانونێکی گشتی بۆ خەڵك دادەرێژێ. ئەم رێسایەی سێیەم لە هەموو رێساکان گرنگترە, چونکە راستەوخۆ دەمانباتە سەر بیرۆکەی ئازادی, چونکە ئێمە ملکەچی قانون نابین تەنها لەبەرئەوە نەبێت کە دەربڕی پێویستی سروشتەکەمانە بەوپێیەی چەند بوونەوەرێکی ئاقڵین, چونکە قانون لە مەیل و ئارەزووەوە داناڕێژرێ (چونکە ئەمە بەشێك (جوزئی)ە, وەك دواتر هیگل روونیدەکاتەوە), کەواتە قانون گشتگیرە, بۆیە تەنیا سەپاندنێکە لەلایەن عەقڵەوە.

بەم شێوەیە (کانت) وا بۆ کۆمەڵی نمونەیی چووبوو کە دەستەیەك لە کەسانی ئازادن و هەریەکە لە خودی خۆیدا بە ئامانجێك دادەنرێ, یان هەموویان ملکەچی پرنسیپگەلێکن. وشەکانی (کانت) وەك هاوارێك لە هاوارەکانی ئازادبوون و, بانگەوازێك بۆ دیموکراسیی راستەقینە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا وان. بەمە کۆیلەیی یان کۆیلەیەتی زەویی بە گشتی، نەبوونی ویقاری خەڵکانی دیکەو رێزگرتن لە کەرامەت و سەربەخۆیی کەسایەتییانی دورخستەوە. چونکە نەفرەت دەکا لەوەی وا تەماشای تاك بکرێ کە تەنیا ئامرازێکی دەوڵەتە. وشەکانی (کانت) هاوارێکە بە مەزنترین نمونەی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری ئێستامان دادەنرێ[٧٨].



دواتر جۆن ستیوارت مل (١٨٠٦-١٨٧٣) هات و کتێبێکی تایبەتی لە روانگەی (لیبرالیی سیاسییەوە) لەبارەی ئازادییەوە داناو تیایدا داکۆکییەکی سەربەرزانەی لە ئازادیی تاك کرد, کە لە سەدەی رابردووداو تا ئێستاش مەزنترین نوسراوە لەبارەی ئازادییەوە. بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە بەشێوەیەکی رەها, مل وای بۆدەچێ کە حکومەت یان کۆمەڵ بەگشتی بۆی نییە دەست وەرداتە ئازادیی تاکەوە یان رێگە لە هەڵسوکەوتەکانی بگرێ, مادام ئەم رێگەگرتنە بۆ دوورخستنەوەی ئازار لە کەسانی تر نەبێت. لەم بارەیەوە دەڵێ: (تاکە ئامانج کە رێگە بە خەڵك, تاك بن یان بەکۆمەڵ, دەدات دەستوەردەنە ئازادیی کاری هەر ئەندامێك بریتیە لە: خۆلێپاراستنیان، ئەمەش مانای وایە تاکە ئامانج کە تیایدا دەسەڵات بەشێوەیەکی ڕەوا لە دژی تاك بەکاردەهێنرێ رێگالێگرتنیەتی کە زیان بە خەڵکی تر بگەیەنێ, یان خەڵکی دیکە ئازاربدات[٧٩] .(مل) لەوباوڕەدایە کە رەنگە پاساوگەلێکی بەهێز هەبن بۆ ناڕازیبوون یان ناڕەزایی بەرامبەر بە رەفتارەکەی, یان گفتوگۆکەی , یان مشتومڕەکەی, یان قایلکرنەکەی.. یان پاڕانەوە لێی.. هتد, بەلام پاساوی زۆر لێکردنی، یان ناچارکردنی یان هەڕەشەلێکردنی ناداتەوە[٨٠] ناشێ بگوترێ کۆمەڵ یان حکومەت لەسەریەتی دەستوەربداتە رەوشتی تاك بۆ بەرژەوەندی خۆی, یان لەبەرئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نازانێ, یان بۆئەوەی ناچاری بکا کارێك بکات کە بە بڕوای ئێمە پێویستی پێی هەیە, چونکە (مل) بەرپەرچی هەموو ئەوانە بەم وتەیە دەداتەوە: ئامانجی ئەم تیۆرییە پێڕەوکردنیەتی بەسەر مرۆڤە پێگەیشتووەکاندا. ئێمە لێرەدا قسە

لەسەر ئەو منداڵ و هەرزەکارانە ناکەین، کەنەگەیشتوونەتە تەمەنی باڵق بوون، بەپێی دیاریکردنی ئەو تەمەنە لەلایەن قانونەوە، سەبارەت بە پیاوان و ژنان. هەموو ئەمانە لە هەلومەرجێکدان پێویستیان بە چاودێریی کەسانی تر هەیە. دەشبێ بپارێزرێن بۆئەوەی ئازار بەخۆیان نەگەیەنن، بەو رادەیەی کەسانی تر لە زیانپێگەیاندنە دەرەکیەکانیان دەپارێزرێن.[٨١]

(مل) لەو باوەڕەدایە کە ئێمە دەشێ لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەدا کۆمەڵەکانی نەتەوە دواکەوتوەکانی لێ دەربکەین، بەشێوەیەك دەکرێ گەلەکە خۆی وا دابنرێ کە لە تەمەنێکی پێنەگەیشتوودایە، زۆر بەداخەوەش ئەو بانگەشەکەرە مەزنەی ئازادی دەبینین قایل دەبێت لەسەر کۆیلەکردنی ئەوانەی پێیان دەڵێت (هەمەج) یان (بەربەر)، کە دوای کەمێکی تر دەگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو بیرۆکەیەوە[٨٢].

**(مل) پانتایی ئازادیی مرۆیی وا دیاریدەکات کەئەمانە دەگرێتەوە:**

**یەکەم:** بواری هۆشیاری ناوەوە کە داوای ئازادیی ویژدان بە بەرفراوانترین مانایو، ئازادیی بیرو، هەست و، ئازادیی رەهای رەئی و سۆز سەبارەت بە هەموو بابەتە عەمەلی و تیۆرییەکان، یان رەوشتی یان لاهوتی، دەکات.

**دووەم:** ئەمەش ئازادیی چێژوەرگرتن و تەقەلا بەدوای ئامانجەکانمانو ئازادی لە نەخشەکێشانی ژیانمان دەخوازێت بەشێوەیەك کە لەگەڵ کەسێتیمانو و سروشتمانو ئازادیی ئەو کارەی



کە ئارەزوومان لێیەتی گونجاوبێت بەو شێوەیەی کە بەرگەی ئەنجامەکانی ئەو ئازادییانە بگرین بێئەوەی هاوڕێکانمان لە کۆمەڵدا کۆسپ بێننە رێگەمان، مادام ئەوەی ئێمە دەیکەین هیچ ئازارێك بەوان ناگەیەنێ، تەنانەت ئەگەر رەفتارەکەمان بە گەوجانەو گەندەڵیش مەزەندە بکەن.

**سێیەم:** لەم ئازادییەی تاك و، لەنێو هەمان سنووریشدا، ئازادیی کۆبوونەوەی تاکەکان لەگەڵ یەکتری و ئازادیی یەکگرتن و، هاوکاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك کە ئازارگەیاندن بە خەڵکانی تر ناگرێتە خۆی دێتە بەرهەم. هەڵبەت بەو پێیە ئێمە وای دادەنێین کە ئەو تاکانەی کۆبوونەتەوە باڵق و پێگەیشتوونو ، کەس نە بەزۆر و نەبەفێڵ، ناچاری کۆبوونەوەی نەکردوون[٨٣].

ئەو کۆمەڵەی ئەو ئازادییانەی تێدا نییە و رێز لە تێکڕایان ناگرێت، بەڕای (مل) ناکرێ کۆمەڵێکی ئازاد بێت،جا شێوەی حکومەتەکەی هەرچۆنێکی دامەزرێنێت. هەروەها کۆمەڵێش ئازادێکی تەواو ئازاد نابێت ئەگەر ئەم ئازادییانەی بەشێوەیەکی رەها و بەبێ بواردن تێدا نەبێتو، تاکە ئازادییش کە شایستەی هەڵگرتنی ئەو ناوەیە ئازادیی راکردنمانە بەدوای بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆمانەوە بەشێوازە تایبەتەکانی خۆمان، مادام هەوڵی بێبەشکردنی ترمان نەداوە یان رێگەی راکردن بەدوای بەرژەوەندییەکانیان بە شێوازە تایبەتەکانی خۆیانیانمان لێنەگرتوون، یان مادام هەوڵمان نەداوە کۆسپ بخەینە بەردەم تەقەلاکانیان بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندییە تایبەتیە. چونکە هەر تاکێك لە ئێمە پاسەوانی تایبەتیی تەندروستی جەستەیی خۆی یان

زەینی خۆی یان ڕۆحیی خۆیەتی. مرۆڤایەتیش قازانجێکی زۆرتر دەکات ئەگەر لێبگەڕێن تاکەکان بە ئازادیو، بەو شێوەیەی کە لە قازانجی خۆیاندایە بژین، پتر لەوەی کە زۆریان لێبکات بەوشێوەیە بژین کە بە تێڕوانینی خەڵکانی تر گونجاوە(٨٤).

راستیەکەی (مل) گەورەترین داکۆکیکەربوو لە قوتابخانەی تاکەکەسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەو قوتابخانەیەی کە لە سەدەی هەژدەهەم دا بەرهەمێکی پێگەیشتووی لە هەردوو شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسیداو لەو جاڕانەشی کەلێیانەوە دەرچوون، بەدەست هێنا، تادواتر (مل) هات ئەوقوتابخانەیەو لیبرالی سیاسیی بە تێکڕایی لەسەر بناغەی قوتابخانەی سوودگەری (النفعي)ییەوە دامەزرێنێ، تا بڵێت ئامانجی رەوشتی جوامێرانە ئەگەر بەدیهێنانی زۆرترین بڕی بەختەوەری بێت بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵك، ئەوا ئامانجی حکومەتی بەکەڵك دەستەبەرکردنی بەختەوەرییە بۆ هەموو خەڵك. هەروەها بەدیهێنانی پێشکەوتن لە رێگای فێرکردنەوە، هەموو ئەمانەش ناکرێ بهێنرێنەدی تەنیا لە رێگای ئازادییەوە نەبێت، بۆیە ئازادی لای (مل) بناغەی بەختەوەری و بناغەی پێشکەوتن و بناغەی حوکمڕانیی دیموکراسییە، بناغەی هەموویانە..(٨٥) ئازادیی تاکیش رەهایە، مادام زیان بە خەڵکانی تر ناگەیەنێ: (ئازادیی بیروباوەڕ رەهایە و سنووری نیە، تاکی مرۆڤ بۆی هەیە هەر بیروباوەڕێکی هەبێ کە خۆی دەیەوێ و بۆشی هەیە هەرگیز باوەڕی بە هیچ شتێك نەبێ و بۆشی هەیە باوەڕی بە باوەڕی دەستەیەك یان زۆرینەیان هەبێ، بۆشی هەیە ناکۆك بێ لەگەڵ هەموو دەستەکە لەو باوەڕەی هەڵیانگرتووە، هیچ خەوشێکی



لەوبارەوە نایەتەسەر و هەرگیز کۆت و بەندی لەسەر نیە)(٨٦) . ئازادیی ڕا و دەربڕینی ئەم ڕایە کۆتوبەندی بەسەرەوە نییە و نابێ رەگەزی مرۆڤایەتی ئازادیی تاك لە دەربڕینی راکانی خۆی کۆتوبەند بکاتو لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەگەر هەموو مرۆڤەکان کۆك بوون لەسەر رایەك و تاکێك لەگەڵیاندا رای جیاواز بوو، مرۆڤایەتی هەقی بێدەنگ کردنی ئەو تاکەکەسەی نییە، بە مەزنتر لەو مافەی کە بێدەنگکردنی مرۆڤایەتیە ئەگەر هێزی ئەو بێدەنگ کردنەی بۆ ڕەخسا، تەنانەت ئەگەر رایەکە بێبەهاش بێتو تەنیا لەلای خاوەنەکەی نەبێت ...)(٨٧)

(مل) لەو باوەڕەدایە ئەو رایەی دەریدەبڕین راستە یان چەوت، یانیش لەنێوان چەوت و راست دایە. ئەگەر رایەکە راست بوو ئەوا بەرژەوەندیی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بە دەربڕینی ئەو رایە دێتەدی. ئەگەر رایەکەش چەوت بوو، ئەوا ئێمە ناتوانین چەوتییەکەی ئاشکرابکەین تا خاوەنەکەی ئەو رایە دەرنەبڕێو بە ئاشکرا گفتوگۆی لەسەرنەکرێو پاشان رەت نەکرێتەوە، ئەمەش سوودی هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتیشی تیایە. بەڵام ئەگەر ئەو رایەی دەریدەبڕێ لەنێو راست و چەوتدابوو، ئەوا خستنەڕوو و گفتوگۆ لەسەرکردنی مایەی ئەوەن سوود لەلایەنە راستەکەی وەربگیرێ و لایەنە چەوتەکەشی رەت بکرێتەوە.

لێرەدا نامانەوێ بەدوای هەموو ئەوانەدا بچین کە لەبارەی ئازادییەوە گوتراون، چونکە لەژماردن نایەن. بەڵام هەر ویستمان چەند نمونەیەکی کۆششی بیرمەندان بخەینەڕوو لە هەموو وڵاتەکان و لە سەردەمانی جیاجیادا بەبێئەوەی رێکەوتنێك لەنێوانیاندا بۆ دیاریکردنی یەکێك لە

کۆڵەکەکانی دیموکراسی هەبێ، کە ئەویش بیرۆکەی ئازادییە بە مانا ئیجابی و سلبییەکەی پێکەوە. ئیجابی بەو مانایەی کە ئازادی بریتیە لە (دیاریکردنی خودی) یان دەربڕینی خودی مرۆڤ بەرادەی بەشداریی لە دانانی ئەو قانونەی کە لەسەری دەڕواو رەنگە قانونەکەش پەسەند بکات وەك ئەوەی کە خۆی دایناببێت یان بەشداریی لە داڕشتنیدا کردبێت. بەم شێوەیە ئازادیی ئیجابیی تاك دەبێتە وێنەیەکی بچوککراوەی دیموکراسی: کە مرۆڤ خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات ئازاد دەبێت. هەروەها ئازادی بە مانا سلبیەکەی دیاریکراوتربوو تا گەیشتە ئەوەی لەلای (مل) مانای دەستوەرنەدانی دەسەڵاتداران لە رەوشتی تاك بگەیەنێت مادام خەڵکانی تر ئازار نادات.

بەڵام من لەو باوەڕەدام ئەو مەرجەی (مل) بۆ (دانی ئازادیی تاك) داینناوە کە (ئازارنەگەیاندنە بە خەڵکانی تر) مەرجێکی تەمومژاوییە و پێویستی بە گفتوگۆو روونکردنەوە هەیە و ئەم تەمومژاوییەش وایکردووە ئەوەی لێکەوتەوە کە دیموکراسی لە هەندێ وڵاتی رۆژئاواییدا رێگەی بە چەند جۆرێك لە رەفتاری بەدڕەوشتدا – وەك هاوڕەگەزبازی–، کە ئەو جۆرانە بە رای من بەهێزبێ یان بە کردار زیان بە بینای خێزان دەگەیەنن، هەروەها رێگای بەوەدا پیاو لەسەر ئارەزووی تایبەتی خۆی ببێتە ژن، کە زۆرجار مەبەستەکە راکردنە لە بەرپرسیارێتیی خێزانی.. تاد.

مانای وایە چەمکی دیموکراسیش وەك چەمکی گەل کە پێشتر باسمان لێوەکرد، لەگەڵ رەوتی دیموکراسیدا بەشێوەیەکی وردتر دیاری دەکرا. ئەو دیاریکردنەش لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفەکان و



سیاسەتمەدار و بزاڤە میللیەکانەوە.. تاد، ئەنجام دەدرێ. بەکورتییەکەی (ئەزمونی مرۆڤایەتی) و رابەرەکانی لە هەموو شوێنێکدا بەبێ‌ئەوەی رێکەوتنێك لەنێوانیاندا هەبێت، ئەنجامی دەدەن.

لە سەدەی بیستەمدا فیکری سیاسی گرنگیی بە پێوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵدا، ئاڕاستەی باویش ئەوەبوو کە پێوەندییەکی ئۆرگانیی ئاوێتەییەو نە پێشینەی هەیەو نەهەقیشە. چونکە تاك قەت بوونی نییە لەناو کۆمەڵدا نەبێت، هەروەها کۆمەڵیش لەسەر بناغەی تاکەکان نەبێت دانامەزرێت، بەڵام ئەمە لەسەر کێشەی ئازادی رەنگیدایەوە. ئیدی ئازادیی سلبی بە بناغەی فیکری سیاسی سەردەم  نەمایەوە، بەڵکو ئازادی بوو بە راستیەکی ئیجابی کە هەر بە رێگەگرتنی دەسەڵات لە دەستوەردان لە کاروبارەکانی تاك ناوەستێت. بۆئەوەی ئازاد بەو مانایە دابمەزرێت دەبێ مەسەلەیەکی تریشی لەتەك بێت کە ئەویش مەسەلەی یەکسانییە، بۆئەوەی یەکسانیش هەبێت دەبێ ئاسایشی ئابووری و هاوسەنگیی دەرفەتە ئابورییەکان بێنەدی و هەموو تاکێك داهاتی کارەکەی خۆی بەتەواوی بێتەدەست. هەروەها لە سایەی ئەم وێنەیەی ئازادی، دەبێ هەموو خەسڵەتەکانی بەرەنجامی کاری نامرۆڤانە نەمێنن، چونکە بەبێ ئەمە نە یەکسانی راستەقینە دەبێت و نە ئاسایشی ئابووری و نە ئازادیش بوونیان دەبێت.

هەروەها چەمکی ئیجابیی ئازادی لە سەدەی بیستەمدا، ئەگەرچی زۆر بایەخی بە شێوەکانی حکومەت نەداوە، بەڵام بایەخی داوە بە مەسەلەیەکی گەوهەری کە لە پێشەوەی شێوە (الشکل)دایە ئەویش ئەوەیە دەبێ حکومەتی هەموان دەربڕێکی دەستپاکی ویست

(ئیرادە)ی هەمووان بێت.

پاشان ئەگەر دەگوترا دیلەکان لەجیاتی کوشتنیان دەکرێن بە کۆیلە، ئەوا بیانووەکە ناهەق بوو مادام دیلەکە چەك کراوەو نەیدەتوانی زیان یان ئازار بە خەڵکانی تر بگەیەنێ. هەروەها فرۆشتنەکەش ناهەقە: ((ئەگەر پیاو بۆی نەبێ خۆی بکوژێ.. ئەوا هەقی فرۆشتنی خۆیشی نیە، چونکە ئازادیی هەر هاوولاتییەك بەشێکە لە ئازادیی گشتی))[٣٣].

هەرچیی لەدایکبوونیشە بە نەمانی ئەو دوو سەرچاوەیەی پێشوو ئەویش نامێنێ، چونکە ئەگەر نەشێت دیلی جەنگ بکرێ بە کۆیلە، ئەگەر پیاو نەتوانێ خۆی بفرۆشێ، ئەوا توانای فرۆشتنی منداڵەکەی کە هێشتا لەدایك نەبووە، کارێکی بێمانایە[٣٤].

هەروەها مۆنتسکیو گاڵتەی دەهات بە کۆیلەکردنی زنجەکان و ئیدانەی ئەو ئەوروپییە دەمارگیرانەی دەکرد کە رێگەیان داوە بە کۆیلەکردنیان، بەهۆی باوەڕبوونیان بەوەی کە خودای خاوەن حیکمەت ناشێ رۆحێکی باش بخاتە نێو جەستەیەکی تەواو رەشەوە! دواجار مۆنتسکیۆ گوتویەتی لەبەرئەوەی هەموو خەڵك بە یەکسانی لەدایك دەبن، ئەوا ئەرکی سەرشانە بڵێین کۆیلەیی دژی سروشتە[٣٥].

هەروەها ڤۆلتێر، بەتوندی، سەرکۆنەی قەشەی ئیسپانی لاس کازاس Les Casas (١٤٧٤-١٥٦٦) ی کرد کە فتوای ناردنی زنجە ئەفریقییەکانی دا بۆ کۆلۆنییەکانی ئەمریکا تا جێگەی هیندییە سوورەکان بگرنەوە، بەمەش ڤۆڵتێر دەنگی پڕزایەڵەی خۆی خستە پاڵ نەیارانی کۆیلەیی و، دژی هێرشی ئیسپانیەکان و ئەو هەڵمەتانەی بەربەرییەکان کە لە جیهانی نوێوە دەکرانە سەر هیندییەکان وەستایەوە



[٣٦]. هەروەك (جان جاك رۆسۆ) لە کتێبەکەیدا (پەیمانی کۆمەڵایەتی) رشتەیەکی بۆ(کۆیلە) تەرخان کرد و تێیدا باسی ئەوەی کرد کە (هیچ مرۆڤێك دەسەڵاتی سروشتیی بەسەر خەڵکانی تردا نیە، لەبەرئەوەی تەنیا هێز هەق بە مرۆڤ نابەخشێ، بۆیە دەبێ دەسەڵات لەنێوان خەڵکدا بە رێککەوتن بێت).. هیچ رێکەوتنێکیش لەسەر کۆیلەیی نیە! لێرەوە ڤولتێر هەڵمەتێکی توندی کردە سەر هۆگۆ گرۆتیۆس H.Groias (١٥٨٣-١٦٤٥) کە رێگەیدابوو بە گەل دەست لە ئازادیی خۆی بۆ مەلیك هەڵبگرێ و خۆی بداتە دەست کۆیلەیی! کە (رۆسۆ) بە (کۆیلەیی سیاسی)! ناوزەدی دەکات، هەروەها(رۆسۆ) دەڵێ (دەستبەردانی مرۆڤ لە ئازادیی خۆی دەستبەردانیەتی لە سیفەتی مرۆڤ بوونی خۆی، دەستبەردانیەتی لە مافەکانی خۆی لە مرۆڤایەتیدا، تەنانەت دەستبەردانیەتی لە ئەرکەکانی خۆی. دەست لێهەڵگرتنێکی لەوجۆرە پێچەوانەیە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ[٣٧]. هەروەها هێرش دەکاتە سەر قسەکەی (گرۆتیۆس) کە دەڵێ (جەنگ سەرچاوەی کۆیلەییە).. هتد[٣٨].

کاریگەریی ئەم بیروباوەڕانە و - ئەو پرنسیپە مرۆییانەی هەڵیانگرتووە - لە جاڕی مافەکانی مرۆڤدا دەرکەوتن کە شۆڕشی فەڕەنسیی ساڵی ١٧٨٩ رایگەیاندو، دیارترین رابەرانی شۆڕشەکە هەڵمەتێکی توندیان کردەسەر کۆیلەیی، لەوانە کۆندرسێ Condorcet (١٧٤٣-١٧٩٤)ی سەرۆکی کۆمەڵەی قانوندانان. توندترین هەڵمەت لە دژی کۆیلەکردنی زنجەکان (میرابۆ) Mirabean (١٧١٥-١٧٨٩)ی وتاربێژی شۆڕش بوو، کە رایگەیاند کۆیلەکردن پێچەوانەی پرنسیپەکانی شۆڕشە.ئەوەندەی نەبرد بیری ئازادیخوازی

سەرکەوت و ئەنجومەنی شۆڕش لە ساڵی ١٧٩١ دا بە قانون کۆیلەیی زنجەکانی لە کۆلۆنییەکانی فەرەنسادا هەڵوەشاندەوە و رایگەیاند کە هەموو تاکە نیشتەجێکانی ئەم کۆلۆنییانە، بە جیاوازیی رەنگ و رەگەزیانەوە, هاووڵاتیی فەڕەنسین(٣٩).

ئەو رەوتانەی لە سەدەی هەژدەهەمدا پەیدابوون لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئامانجەکانیان بەدی هێنان, کە بە سێ قۆناغدا تێپەڕبوو:

**قۆناغی یەکەم:** لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسی دا دەستی پێکرد.تیایدا وشەی (گەل) مانای کۆمەڵێك هاووڵاتی لە دەوڵەتدا دەبەخشی. لێرەوە خاتوو حەننا ئەرندتH.Arendt(١٩٠٦-١٩٧٥) لەسەر هەق بوو کە گوتی: (وشەی گەل کلیلی تێگەیشتنە لە سەرتاپای شۆڕشی فەرەنسی, کەچی ناوەرۆکەکەی ئەو کەسانە دیارییان دەکرد کە دیمەنەکانی ستەم و ئازارەکانی گەلیان خستەڕوو, رەنگە بۆئەوەی خۆشیان ئەو ستەم و ئازارانەیان چەشتبێ)(٤٠).

**قۆناغی دووەم:** لە شۆڕشی فەرەنسیەوە دەست پێدەکات تا جەنگی جیابوونەوەخوازی ئەمریکی کە (ئەبراهام لنکۆلن) ی شازدەهەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان رابەرایەتیی کرد و لە بەڵگەنامەیەکی رەسمیدا لە رۆژی یەکەمی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٣ دا ئازادکردنی کۆیلەکانی راگەیاندو، بەوپێیە کۆیلەکان لە هەموو لایەکی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە ئازاد حسێب کرانو, چوار ملیۆن کەس لە زنجیری کۆیلایەتی زەوی و کۆیلەیی ئازادکران.

**قۆناغی سێیەم:** لە جەنگی جیابوونەوەخوازی ئەمریکییەوە دەست پێدەکا تا دامەزراندنی کۆمەڵەی میللەتان(٤١).



ئامانەوێ بە درێژی ئەم قۆناغانە باس بکەین, چونکە هەموویان چوونەتە نێو مێژووەوە, کۆیلەکردنیش لە هەموو لایەکی دنیاوە بۆتە قەدەغە!

ماوەتەوە بڵێین چەمکی (گەل) مانای راستەقینەی خۆی تەواو ناکا تا ئافرەت لە کۆیلەیی پیاو رزگاری نەبێت, تا هەموو گەل, نەك تایەفەیەك, یان چینێك یان توێژێکی، حوکمڕان بێت. لێرەوەیە کەدەبێ ئافرەت مافە سیاسییەکانی خۆی بە تەواوی و بەبێکەم و کوڕی وەربگرێو, وەك مامەڵەی کۆمەڵی یۆنانی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ کەبە بەشێك لە ((موڵکی پیاو)) دادەنرا(٤٢). بەو مەبەستەی چەمکی سیاسی گەل بەپێی توانا لە مانا کۆمەڵایەتییەکە نزیك بخرێتەوە، دەبێ ،لە دوای ئازادبوونی کۆیلەکان، ژنیش ئازادبێت, چونکە وەك بە هەق گوتراوە, ژن دوایین کۆیلەیە لە جیهانی سپی پێستەکاندا!! لەسەرمانە ئەو دروشمە بێنینەدی کە مرۆڤایەتی ماوەیەکی زۆر لە پێناو وەدیهێنانی دا خەباتی کرد, ئەویش ئەوەیە: ((هیچ جیاکردنەوەیەك نیە: نە بە هۆی رەنگ, نە بەهۆی رەگەزو نە بە هۆی ئایینیشەوە!)).

بەڵام بانگەشەکردن بۆ ئازادیی ئافرەت تا سەدەی رابردوو دەرنەکەوت, تەنانەت تا نیوەی سەدەی رابردووش بزووتنەوەی ئافرەتان دەنگی نەبوو. یەکەمین کەس کە داکۆکیی لە مافەکانی بەشداریی ئافرەتان لە هەڵبژاردن کرد فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن ستیوارت مل (١٨٠٦-١٨٧٣) بوو, کە لەلایەن پارتی ئازادیخوازانەوە ساڵی ١٨٦٥ لە بازنەی گەڕەکی (وستمنستەر) ی لەندەن بە پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی گشتیدا هەڵبژێردراو, تا ساڵی ١٨٦٨ لە ئەندامێتی

پەرلەمان بەردەوام بوو. (مل) ساڵی (١٨٦٨) داوای کرد دانیشتنێکی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مافەکانی هەڵبژاردنی ئافرەتان بکرێ، لەکاتێکدا کە زۆربەی پەرلەمانتاران بە گاڵتەوە تەماشای ئەو مەسەلەیەیان دەکرد, کەچی (مل) بەقوڵی بڕوای پێ هەبوو و داکۆکی لێکردو گوتی (من دەزانم هەستێکی نادیار هەیە و دەیەوێ ئافرەت لە هیچ شتێکدا ماف نەبێت جگە لە خزمەتکردنی پیاو.. ئەم بانگەشەیەی دەستبەسەرداگرتنی نیوەی مرۆڤایەتی لەپێناوی حەوانەوەی نیوەکەی تر, لەیەك کاتدا ملهوڕی و ستەمیشی تیایە. چۆن مرۆڤ خۆشیی دێت شان بە شانی بوونەوەرێك بژی بەتەواوی هاوبەشە لە بیرکردنەوە و هەستەکانیدا, کەچی سووربێ لەسەر هێشتنەوەی بە پلە نزمی و نقوم لەنەزانی و بایەخدان بە بابەتە پلە باڵاکان، وەك ئەوەی سیحر و سەرنج راکێشیی خۆی لەمەدا ببینێتەوە؟). لەژێر کاریگەریی ئەم هەڵمەتانەدا بوو کە کۆمەڵەی نیشتمانیی ئافرەتانی خوازیاری مافی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٨٦٧دا دامەزرا[٤٣].

لە ساڵی دواتر ١٨٦٩ دا ئافرەتان مافی هەڵبژاردنی شارەوانییان بەدەست هێنا, پاشان پرۆژەگەلی چەند قانونێك خرانەڕوو و سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا, ئیدی ئافرەتان لە ئینگلتەرا دەستیان دایە کاری ئاژاوەگێڕیو توندوتیژی. داواکاری و توندوتیژی بەدوای‌یەکدا بەردەوام بوون تا بە ماوەیەك دوای ئەوە ، کە کەم نەبوو (ساڵی ١٩١٨!)، ئافرەتان مافەکانیان بەدەست هێنا. ئەوەی لەبارەی خەباتی ئافرەتانی ئینگلیزییەوە دەگوترێ, هەمان شتیش لەبارەی ئافرەتی ئەمریکییەوە دەگوترێ کە مافە سیاسییەکانی خۆی بەدەست



نەهێنا تا ساڵی ١٩٢٠ دوای جەنگی جیهانی یەکەم!. ئەگەرچی ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ کە بڵێین هەندێ لە ویلایەتە ئەمریکییەکان لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەمدا دانیان بە مافەکانی ئافرەتان لە هەڵبژاردندا نا. کەچی بڕیاردانی یەکلاکەرەوە لەگەڵ دەسکاریکردنی دەستوری فیدراڵی لە ساڵی ١٩٢٠ دابوو, ئەو دەسکاریکردنەی کە بەدەق تێیدا کۆتکردنی مافی هەڵبژاردن بەمەرجی ڕەگەز قەدەغەکراوە, بەمەش پیاو و ئافرەتی لە مافەکانی هەڵبژاردندا یەکسان کرد. هەروەها ئافرەتی فەرەنسیش لە ساڵی ١٩٤٤ دا مافی وەرگرت و ئافرەتی ئیتاڵیش ئەم مافانەی لە ساڵی ١٩٤٥ دا بەدەست هێنا.. هتد. لە هەموو ئەمانەوە ڕووندەبێتەوە کە گەشەکردن لە بەرژەوەندیی دەنگدانی ئافرەتاندا دەچێتەپێش و, زۆرینەی دەوڵەتانی جیهانیش مافە سیاسییەکانی ئافرەتانیان بەتەواوی وەك پیاوان بڕیارلێدا![٤٤]. بەم شێوەیە چەمکی سیاسیی گەل بەرەو بەیەك گەیشتن لەگەڵ چەمکی کۆمەڵایەتی دەچێت, یان بەلایەنی کەم بەرەو تەسك کردنەوەی ئەو کەلێنە فراوانە دەچێت کە لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆوە لای یۆنانی و ڕۆمانیەکان لەنێوانیاندابوو. مەبەستم ئەوەیە بەرەو بەدیهێنانی پێناسی وردی دیموکراسی دەچێ کە بریتیە لە حوکمڕانیی هەموو گەل, نەك توێژێك یان تایەفەیەك یان چینێکی!!

ڕەنگە لێرەدا سوودی هەبێ هەڵوەستەیەك بکەین, تا بەخێرایی قسەیەك بکەین لەبارەی بارودۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵی عەرەبی و هەوڵی بەکارهێنانی ئایین لە شەڕی ئازادیی ژندا بۆ ڕێگرتن لە پێبەخشینی مافە سیاسییەکانی ئەو بەرهەڵستییەی لە جیهانی

عەرەبیماندا دژ بەمافەکانی ژن لە تۆکمەبووندایە, گەلێ جار دەکەوێتە هەڵەوە بەهۆی تێکەڵ کردنی بارودۆخی ئافرەت لە خێزان وپایەی لە دەوڵەتدا, تەنانەت زۆرجار بە خراپ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش دەگەن, کە باس لە بارودۆخی ژن لە خێزاندا دەکەن, ئیدی بیرۆکەکە تەشەنە دەکاتو پەلدەهاوێژێ تا دەگاتە بارودۆخی ژن لە دەوڵەتدا! بۆ نموونە ئەم ئایەتە پیرۆزانە: (و لهن مثل الذي عليهن بالمعروف, وللرجال عليهن درجة). (البقرة ٢٢٨) و (الرجال قوامون على النساء) (النساء ٣٤) چەند ئایەتێکن باس لە پێوەندیی پیاو بە ژنەوە لەنێو خێزاندا دەکەن. سەبارەت بە ئایەتی یەکەم, بۆ نموونە ئایەتەکانی پێش ئەوە باس لە ژنانی تەڵاقدراو دەکات کە چ وەختێك دەتوانن مێرد بکەنەوە.. هتد (ئایەتی ٢٢٧). ئایەتەکانی دوای ئەوەش باس لە تەڵاق دەکەن (الطلاق مرتان, فامساك بمعروف أو تسريح باحسان) (ئایەتی ٢٢٩). (الصابوني) یش لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتە پیرزۆەدا دەڵێ: (لهن على الرجال مثل ماللرجال عليهن بالمعروف الذي أمر الله به, ثم للرجال على النساء درجة أي ميزة, و هي فيما أمر الله تعالى به من القوامة والانفاق والامرة و وجوب الطاعة, فهي درجة تكليف لا تشريف)[٤٥]. واتە ((ئەوان هەقی چاکەیان بەسەر پیاوانەوە هەیە وەك پیاوانیش چاکەیان بەسەر ئەوانەوە هەیە وەك خوا ئەمری پێکردووە, پاشان پیاوان پلەیەك یان جیاکەرەوەیەکیان بەسەر ژنانەوە هەیە, ئەویش ئەوەیە کە خوا ئەمری پێکردوون لە تواناداری و خەرجی و فەرمان و پێویستیی گوێڕایەڵ بوون, ئەمانەش پلەی تەکلیفن نەك تەشریف)). داوا لە خوێنەر دەکەم رێگام بدا کەمێك بیرۆکەکەم روون بکەمەوە: پێم وایە دەبێ دوو چەمکی بنچینەیی بە ئاشکرا لێك



جیابکەینەوە: **خێزان و دەوڵەت**: یەکەمیان چەمکێکی ئاکارییە و دووەمیش چەمکێکی سیاسی, تێکەڵ کردنیان چەند گرفتێکی بێچارەسەری لێدەکەوێتەوە! ئەگەر خێزان چەمکێکی ئاکاری بێت, بۆ نموونە نابێ باس لە دیموکراسیی خێزان! یان مافە سیاسییەکانی رۆڵەکانو، تەنانەت ژنەکەش بکرێو ئێرە جێگەی ئەمە نییە, بەڵکو ئەمە تەنها لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان, مەبەستم ئەوەیە لە دەوڵەتدا هەیە! خێزان چەمکێکی ئاکارییە بەو مانایەی کە باوك لە رووی ئاکارەوە بەرپرسە لەو خێزانە, ئەو رۆڵەکانی هێناوەتە بەرهەمو, ژیانی پێبەخشیون و هێناونەتیە بوون, دەیتوانی ئەمە نەکات, کەس ناتوانێ ناچاری بکا ژن بێنێ یان خێزان دروست بکات.. هتد. لەبەر هەموو ئەمانە لەسەریەتی شانبداتە بەر ئاسەواری ئەم کارە **لەرووی ئاکارەوە**، بە چاوپۆشین لە هەموو ئیعتیبارێکی شارستانی. لێرەوەبوو کە قسەکردن لەسەر دیموکراسیی خێزان قسەکردنێکی بێمانابوو,ئەمە گواستنەوەیەکی چەمکی سیاسییە بۆ نێو خێزان کە خۆی چەمکێکی ئاکارییەو, پێچەوانەکەشی هەر راستە, قسەکردنی فەرمانڕەوا لەسەر خۆی بە دەربڕینەکانی خێزان وەك ئەوەی باسی خۆی بکات کە بۆ نمونە (باوکی هەمووانە) یان (هەموویان رۆڵەی منن) مەبەستی لە (هاووڵاتیانە)، یان ئەو (گەورەی خێزانە)، ئەمەش قسەکردنێکی بێمانایە, چونکە بیرۆکەی ئاکاری لەبارەی (باوکێك کە دەبێ رێزی لێبگیرێ) دەگوازێتەوە بۆ مەیدانی سیاسی, کە تیایدا هاووڵاتییان هەقی رەخنەگرتن لە فەرمانڕەوایان هەیە:(ئێمە ناڕازین کە بە سەرۆك کۆمار بگوترێ (گەورەی خێزان), چونکە دەربڕینەکە, سەرەڕای ئەوەی

لەگەڵ حوکمەکانی دەستووردا ناکۆکە, ئەم بەرەنجامەی دەبێ کە هیچ یەکێك لە هاوولاتییان هەقیان نییە دژی رایەك کە ئەو گوتویەتی بوەستنەوە، چونکە دەستەواژەی گەورەی خێزان رێز لێگرتنی ئەرك (واجب)ە, تەنانەت راستیش نەبێتو, هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزان نابێ لە فەرمانی ئەو یاخی بێت یان ئامۆژگاریی بکات..)[٤٦].

نمونەی تری تێکەڵکردنی نێوان ئاکارو سیاسەت, بەتایبەت لە کۆمەڵی عەرەبیماندا, کە هێشتا ئەو چەمکانە تیایدا بە روونی دیارینەکراون زۆرن.

لێرەوە ئێمە، زۆر بە کورتی، دەتوانین بڵێین, هەریەکێك وای بۆبچێ کە ئەو ئایەتە پیرۆزانەی سەرەوە باس لە مافە سیاسییەکانی پیاو و ژن دەکەن هەڵەیەکی گەورەی کردووەو سەرلەنوێ نێوانی ئاکار و سیاسەت تێکەڵ دەکا, یان دەیەوێ خێزان بکا بە چەمکێکی سیاسی, لەم بارەشدا وەکو ئەو ژنە وایە کە بە مێردەکەی دەڵێ: من ئەندازیارم! یان مامۆستام یان وەزیرم.. هتد. چونکە ژن لەنێو خێزانەکەیدا, ژنە و بەس, هەموو ئەو بەرپرسیارێتییانە هەڵدەگرێ کە دەکەوێتە سەرشانی ژنێکی نەخوێندەوار یان ژنێکی نا فەرمانبەر.. هتد. بارودۆخی پیشەی ژنەکە لەنێو دەوڵەتدایە نەك لەخێزاندا, چونکە ئەو لە خێزاندا ژنە و دایکە.. هتد. هەروەها شوفێری خانمێکی ئەندازیار لە یەکێك لە کۆمپانیاکاندا, ناتوانێ بە ژنە ئەندازیارەکە بڵێت: بەوپێیەی من پیاوم (تواناداری)م بەسەرتدا هەیە ئاراستەت دەکەمو ئامۆژگاریت دەکەم.. هتد. ئەم قسەیە بە ژنەکەی خۆی دەڵێت لەنێو خێزاندا. چونکە ئەمە تێکەڵکردنێکی بێسنووری نێوان چەمکی ئاکاریی خێزان و چەمکی



سیاسیی دەوڵەتەو, ئەمەش هۆکاری ئەو هەموو گرفتانەیە کە لەوبابەتەوە ئێمە بە دەستیانەوە دەناڵێنینو، چاریشیان نیە تا هۆشیارییەکی تەواو،لێکجیاکردنەوەی روونمان لەبارەی ئەو جیاکردنەوەیەوە نەبێت کەپێشتر باسمان کرد!

دوو بیرۆکەی بنچینەیی, لەتەك بیرۆکەی پێشووی گەل, دیموکراسییان, هەر لە سەرەتای پەیدابوونی لای یۆنانیەکان و تا ئەمڕۆش لەسەر دامەزراوە. ئەم دوو بیرۆکەیە بەدرێژایی مێژوو پتر گەشەیان کردووەو دیاریکراوتربوون, کە ئەوانیش ئازادی و یەکسانین[٤٧]. رەنگە بەهۆی ئەو دوو بیرۆکەیەوە بووبێ کە ئەفلاتون و ئەرستۆ لەکۆنەوە هێرشیان کردۆتە سەر ئەم جۆرەی حوکمڕانی. ئەفلاتون بە یەکێك لە فەرمانڕەواییە گەندەڵەکانی زانیوە و لای ئەو دیموکراسی شوێنی پێش کۆتایی گرتووە لە سووڕی شێوەکانی حکومەتە گەندەڵەکاندا, تەنانەت زۆرداری کە گەندەڵترین و خراپترین شێوەی حوکمڕانییە, بە بەرەنجامێکی راستەوخۆی دیموکراسی زانیوە!

بەڵام ئەرستۆ لە پۆلێنی شەش خانەیی سیستمەکانی حوکمڕانیدا باسی دیموکراسیی کردووەو, ئەوەی ناوی لێناوە پۆلیتیا (Politeia) و دەکرێ ئێمە بە (حکومەتی دەستوری) ناوزەدی بکەین, جیای کردۆتەوە لە دیماگۆگیزم یان دیموکراسیی فەرتەنە! دیماگۆگیی پەسەندکردووە بەوپێیەی یەکێکە لە سێ سیستمە گونجاو یان پەسەندەکەی حوکمڕانی, بەڵام بە کەمتر لە پاشایی و ئەرستۆکراتیی داناوە[٤٨].

ئەگەر لەو هۆیە بپرسین کە وای لە زانا گەورەکانی فیکری یۆنانی کرد بەم شێوە سەیرە رقیان لە دیموکراسی بێت، دەبینین هۆی زۆرە, لەوانە هەندێك وای دەبینن کە پێوەندداره بە خودی وشەی (گەل:Demos) ی یۆنانیەوە کە مانای (هەژاران) یان ئەوانەی هیچیان نیە, دەبەخشێت! (هۆی سەرەکیی ترسی گەلێك لە فەیلەسوفەکانی دێرینی یۆنان لە دیموکراسی دەرککردنیانە بەوەی گەل, بەشێوەیەکی پێویست, نەخوێندەوارەکان و ڕەشۆکیو بێتواناکان لەخۆدەگرێ. ئیدی ئەوان دیموکراسییان بە حوکمڕانیی گەل نەزانیوە, بەڵکو وا تەماشایان کردووە کە حوکمڕانیی فەرتەنەچییەکانو دەستو پێیەکان, رەشۆکییەکان و ئەوانەیە کە لە شێوەی ئەوانن)[٤٩]. هەندێ لە لێکۆڵەران ئەم لێکدانەوەیە دەبەستنەوە بەوەی کە مارکسییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەیانگوت دیموکراسی بە مانا راستەقینەکەی پێڕەودەکەن کە مانای حوکمڕانیی گەل (Demos) دەگەیەنێ, نەك بەس مانای هەژاران, بەڵکو مانای زەحمەتکێشان یان کرێکاران, یان پرۆلیتاریاش[٥٠]. تەنانەت ئەو فەیلەسوفانە لێکۆڵیاران لە چوونە سەر هۆکاری راستەقینە بەلاڕێدا دەبەن: (ئەفلاتون دیموکراسی دەبەستێتەوە بە ملکەچیی عەقڵ بۆ سۆز و هەڵچوونەکان) (و، دیموکراسی لەگەڵ نمونەی باڵای حوکمڕانی, مەبەستم لە حوکمڕانیی فەیلەسوفەکانە, لە کۆمارەکەیدا بەراورد دەکات. بەڵام ئەرستۆ ئاگاداری لە مەترسیەکانی دیموکراسی نیشان دەدات کە دەوڵەمەندەکان دەخاتە لایەك و هەژارانیش لەلایەکی ترو، جەختیش لەسەر ئەوەدەکا کە سیستمێکی حوکمڕانیە کە ناجێگیریی سیاسیی لێدەکەوێتەوە)[٥١].



راستیەکەی قسەکەی ئەفلاتون – وئەرستۆی شاگردیشی – لەبارەی دیموکراسیەوە یەجکار رێ لێونکەر دەبێ ئەگەر باش وریای ئەوە نەبین کە بچینەیەکی میتافیزیکیی لە پشتەوەیە کە هۆکاری ئەم هەموو تێکەڵاوکردنەیە! ئەم بنچینە میتافیزیکیە تیۆرێکی هەڵە یان لایەنگر لەبارەی مرۆڤەوە، دەردەبڕێت بۆ نموونە کاتێ ئەفلاتون دەڵێ دیموکراسی ئەوکاتە پەیدادەبێ کە هەژاران بەسەر دوژمنەکانیاندا سەردەکەون و هەندێکیان دەگرن و، هەندێکیان دووردەخەنەوەو، لەگەڵ ئەوانەشدا کە ماونەتەوە کاروباری حکومەت و سەرۆکایەتی بەیەکسانی بەش دەکەن, تەنانەت حوکمڕانان لەم جۆرە دەوڵەتانەدا زۆربەی جار لە رێگەی تیروپشکەوە هەڵدەبژێردرێن[٥٢].لەواقیعدا، ئەفلاتونی ئەرستۆکراتی لێرەدا, هێرش دەکاتە سەر بیرۆکەی یەکسانی, کە یەکێکە لە دوو کۆڵەکە بنچینەییەکەی دیموکراسی! کاتێ کە دەڵێ: (تاك لەو چەشنە دەوڵەتەدا ئازاد دەبێ, ئازادی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێ, هەموو تاکێك ئازادیی قسەکردنی پێدەدرێ و, دەتوانێ ئەوە بکات کە دەیەوێ)[٥٣]. بەمەش هێرش دەکاتە سەر دووەمین بنچینە کە ئازادییە! سەیری ئەم دەربڕینە سەیرە بکە (لەم چەشنە سیستمەدا مرۆڤ ناچار نابێ کاروباری حوکمڕانی لە دەوڵەتدا بگرێتەدەست, تەنانەت ئەگەر بشتوانی ئەنجامی بدات ئەگەر خۆی ئارەزووی لێنەبێ, ناچاریش نابێت بجەنگێ ئەگەر خەڵکانی تر جەنگین ، ناچار نابێ ئاشتی بپارێزێ مادام خەڵکانی تر پاراستیان, ئەگەر بە کردەوە ئاشتیی نەوێت. لەلایەکی ترەوە دەتوانێ سەرۆکایەتی بکا, حوکمڕانی بکا ئەگەر ئارەزووی لێبێ, تەنانەت ئەگەر قانونیش

هەر سەرۆکایەتی و حوکمڕانیەکی پێڕەوانەبینی)[٥٤]ئەفلاتون لێرەدا وا لە ئازادی دەگات کە شکاندنەوەیە بەلای ئارەزوودا و رەفتارکردنە چۆنی تاك بیەوێ! ئەمەش مانای وایە جۆرێکە لە ئاژاوە! تەنانەت ئەگەر دەوڵەتیش پێویستی بە فلان هەبێ لەبەر شارەزاییەکەی لەفلان شت (بۆنموونە, سوپادا, یان لە سەرپەرشتیکردنی تەندروستی یان فێرکردندا.. هتد) ئەوا ناتوانێ ناچاری بکات پۆستێکی دیاریکراو وەربگرێ, چونکە نە تەکلیف و نە ناچارکردن و نە زۆرەملێ نایخوات. چۆن ئەم بارودۆخە راستەڕێ دەبێ, ئەگەر لەگەڵ ئەفلاتوندا گوتمان هەر مرۆڤێك وزە و توانایەکی تایبەتی هەیە کە وای لێدەکا بتوانێ ئەرکێکی دیاریکراو جیا لە ئەرکەکانی تر وەربگرێ, کەواتە دارتاش بە دارتاشی لەدایك دەبێ, ئاسنگەر بە ئاسنگەری, هەمان شتیش سەبارەت بە پیشەکانی ترو، هەمان شتیش سەبارەت بە پلەوپایەکانی تری دەوڵەت! خەڵك یەکسان نین و ئازادیش کە بریتییە لە کەوتنە دوای میزاج و ئارەزوو جگە لە ئاژاوە شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە, ئەگەر دیموکراسیش لەسەر ئەو دوو کۆڵەکەیە دابمەزرابێت, ئەوا جۆرێکی خراپی حوکمڕانییە و حوکمڕانییەکی زۆردارانەی ئەوتۆی لێدێتەبەرهەم, کە وڵات لە ئاژاوە رزگار دەکا و خەڵکیش وەکو رزگاریبەخش تەماشای دەکەن![٥٥]

راستیەکەی ئەفلاتون, هەروەها ئەرستۆش, بە هەڵە لە بابەتی ئازادی گەیشتووە کاتێ بیرۆکەی یەکسانیی نێوان خەڵکی رەتکردەوە. چونکە تێڕوانینی ئەرستۆکراتی ناتوانێ لەسەر ئازادی بۆ هەموو مرۆڤێك رەزامەند بێ, بەڵکو ئەمە بە جۆرێك لە ئاژاوە دادەنێ! سەرەڕای ئەوەش



ئەفلاتون بە روونی لەوە گەیشتووە کە ئازادی یەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی دەوڵەتی دیموکراتی و دەڵێ: (ئامانجی دیموکراسی **ئازادییە**. لە سیستمی دیموکراسیدا پێت دەڵێن بەنرخترین شتێك کە دەوڵەت شانازیی پێوە دەکا ئازادییە. لێرەوەیە کە دەگوترێ دەوڵەتی دیوکراتی تاکە دەوڵەتە کە تیایدا هاووڵاتی دەتوانێ بە ئازادی بژیت!)[٥٦] تەنانەت حەز کردن لە ئازادی و شانازی پێوەکردنی دەگاتە رادەی توندڕەوی. لەکاتێکدا ئەفلاتون دەڵێ: (کاتێ کە دەوڵەتی دیموکراتیی تینوی ئازادی, سەرۆکەکانی گەندەڵ بن, ناتوانن ئەو تێنوێتیە بە جامێکی پڕ لە شەرابی ئازادی بشکێنن, چونکە حوکمڕانەکانی ئەگەر تا رادەیەك نەرم نەبن کە ئازادیی پێویستی پێببەخشن, ئەوا تاوانبار دەکرێن کە – ئۆلیگارکی– ی شەڕەنگێزن و سزاش دەدرێن)[٥٧].

راستیەکەی بیرۆکە ئەفلاتونییەکە کە خەڵك دەکا بە سێ چینەوە (هەڵبەت بە کۆیلەکانیشەوە)و بەخەیاڵیدا نایەت کرێکار بگاتە کورسیی حوکمڕانی, کەئەمەش سەراوژێرکردنی هەموو دۆخەکانە، ناتوانێ رێگا بە ئازادی بۆهەمووان و بەیەکسانی بدات! دەتوانین هەمان شتیش لەبارەی ئەرستۆوە بڵێین کە مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتاوە بۆ چەند گەلێك دابەش دەکا کە بەرزترینیان گەلی یۆنانە و ئەوانی تریش هەمەج و بەربەرن, پاشان لەنێو کۆمەڵی یۆنانیدا بێگانە و ژنانیش و.. هتد, هەن, کە لە پایەیەکی نزمدان, چونکە تەنیا بە نیشتەجێبوون مافی هاووڵاتیبوون بەدەستناهێننو، ئیدی تەنیا هاووڵاتیی نێرینەی یۆنانی بە ئازادی دەمێنێتەوە. جا چۆن دەکرێ رەزامەندبێ لەسەر ئازادی بۆ

هەمووان؟! ئێمە کاتێك دەڵێین ئەرستۆ مرۆڤ بە (حەیوانێکی عاقڵ)پێناس دەکات, ئەوا دەبێ باش لەوە وریا بین کە ئەم چەشنە پێناسەیە بەسەر هەموو خەڵکدا پێڕەونابێ، بەڵکو مانای هاوولاتیی نێرینەی یۆنانی دەدات و بەس! جا چۆن دەکرێ بۆ ئەوە بچین کە یەکەمین مامۆستا, بەباشی لە ئازادی لەکۆمەڵی دیموکراسیدا گەیشتووە ؟! ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی پڕیەتی لە کۆیلە, کە هێزێکی جەستەیین و بەس، لە ژنان کە توانای عەقڵییان لە پیاو کەمترە, لە بێگانە کە هیچ مافێکی سیاسییان نیە, هەروەها یۆنانیەکان کە ئیمتیازێکی زۆریان هەیە و بە میرات بۆ رۆڵەکانیان بەجێیان دەهێڵن.. هتد. ئەنجامە لۆژیکیەکە: بە هەڵە تێگەیشتنە لە ئازادی بەتایبەت ئەوەی بە بیرۆکەی یەکسانییەوە بەستراوەتەوە.

ئەمە مانای وایە هەردوو فەلامەرزەکەی بیری یۆنانی –ئەفلاتون و ئەرستۆ– وا لە (ئازادی) گەیشتوون کە مرۆڤ بتوانێ هەر شتێك بیەوێ بیکات، ئەمەش ئەوەیە کە (أ. برلین) بە (مانا سلبیەکەی ئازادی)[٥٨] لەقەڵەمی داوە. ئەم مانا سلبیەی ئازادی پتر بووە چ لەلای هەیوانییەکان (رواقیەکان) دا, کە وایان بانگەشە دەکرد کۆیلە دەشێ ئازادبێت وەك ئەو ئیمپراتۆرەی لەسەر عەرش دانیشتووە! تیۆری هەیوانییەکان نەگونجاویەکی زۆری تێدابوو، مادام بارودۆخی قانونیی کۆیلە نموونەی بالای نەبوونی ئازادییە, کەواتە کۆیلە خاوەنی هەیە, بەمانا وردەکەی وشەی خاوەن کۆیلە. کەچی وەڵامی خێرای (هەیوانییەکان) ئەوەبوو کە ئەوەی خاوەن کۆیلە لە کۆیلەی داوادەکات گرنگیی نیە, مادام کۆیلە بەبەردەوامی (ئازادی)ی گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەم داواکاریانە



یان رەتکردنەوەیانی پێدراوە, بڕیار بەبەردەوامی بڕیاری خۆیەتی, تەنانەت ئەگەر لە یەك بڕیار زیاتریشی لەبەردەمدا نەبێت کە ئەویش یان گوێڕایەڵ بوون یان تا مردن لێدرانیەتی. هەیوانییەکان سودیان لە تیۆری ئاپاثیا (Apatheia) واتە بەستەڵەکبوونی هەست و گەمژە بوون وەرگرتووە, بەشێوەیەك لە بارێکی لەم چەشنەدا مرۆڤ هەستی بە هیچ هەستێك نەکردووە[٥٩].

بەلام دیموکراسیی راستەوخۆ نەما, تەنانەت پێش ئەوەش کە ئەوروپا لە چەرخی ناوەڕاستدا بکەوێتە نێو دەریای تاریکستانەوەو, ئەگەرچی خودی ئەزموونی دیموکراسییش, وەکو دەردەکەوێ لە ویژدانی مرۆڤدا رەگی داکوتا، هەرگیز نەسڕایەوە, بەڵکو قوڵتر و رەسەن تر بوو, هەرچەندە مرۆڤایەتی رووی لە هەڵدێرەکانی زۆرداران کردبێ.

بیرۆکەی سەرەکی کە لە چەرخی ناوەڕاستدا زاڵ بوو، بەشێوەیەکی گشتی بیرۆکەی ملکەچ بوون بۆ دەسەلات بوو, مەسیحیەت هەر لە سەرەتاوە لایەنگریی بیرۆکەی گوێڕایەڵ بوون بۆ فەرمانڕەوای کردو پشتیشی بەست بە تیۆری دوو شمشێرەکە, کەئەویش پشتی بەستووەبە وتەکەی مەسیح : (خوا دوو شمشێری بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهان دروست کردووە. یەکێکیان رۆحیەو ئەویتر زەمەنی, یان دنیاییە. یەکەمیان بۆ پاپایە و ئەویتر بۆ ئیمپراتۆر. دواتر قەشەی پیرۆز پۆلس هات و بە راشکاوی گوتی: (با هەموو کەسەکان ملکەچی سوڵتانەکان بن, چونکە هەموو سەڵتەنەت (واتە دەسەلاتداری)یێك لە خواوەیە. ئەو سوڵتانانەی هەن خوا رێکی خستوون. تەنانەت ئەوەی دژی سوڵتان بێت دژی رێکخستنی خوایە).

(الرسالة الى أهل رومية،اصحاح ١٣: ١-٣). بەم شێوەیە پیرۆزیەکی بەخشی بەو فەرمانڕەوایانەی کە ئیرادەی خودایی بەسەر خەڵکدا سەپاندوونی, مەسەلەکەش بە دەرکەوتنی دەرەبەگایەتی خراپتربوو. ئیدی هاووڵاتی کەوتە ژێر رکێفی پتر لە (گەورەیەك)، گەورەی دەرەبەگ, گەورەی فەرمانڕەوا, ئەمیر, مەلیك, ئیمپراتۆر, ئیدی سیستمی کۆیلەی زەویش لەتەك کۆیلەدا.. هتد, دەرکەوت.

لە سەردەمی رابوون (رێنسانس) دا سیستمی دەرەبەگایەتی جێی لەقبوو و, میکیاڤیللیMachiavelli (١٤٥٩-١٥١٧) کەوتە قسەکردن لەسەر سیاسەت دوور لە رەوشت و ئایین، تا بەتەنیا بایەخ بە جێبەجێکردنی ئامانج بدات بە چاوپۆشین لە وەسیلەی بەکارهاتوو، ئەگەرچی ئامۆژگاریەکانی لایەنگری لە ئەمیری فەرمانڕەوا دەکرد.

لە سەردەمی رێنسانسیسیشدا و، لەگەڵ سەرەتای سەردەمی نوێشدا, دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو و, سیستمە پاشاییەکان لە فەڕەنساو ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپیدا جەختیان لەسەر دەسەڵاتەکانیان و، کۆکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی مەلیك دا کردەوە. بۆ ئەمەش دەرکەوتنی چینی بۆرژوازی نوێ، چینی بازرگانان و پیشەسازەکان پتر هانیاندان...هتد. ئیدی دەسەڵاتی مەلیکەکان بوو بەدەسەڵاتێکی رەهاو, دەستیان دایە ستەمکاری و پێشێلکردنی و مافەکان و ئازادیەکان.

بەڵام لە نێوجەرگەی خودی سیستمی دەرەبەگایەتیدا, تۆوی دیموکراسی، کە چەند سەدەیەك بوو لە ویژدانی مرۆڤدا پەنهان بوو، دەستی دایەوە خەبات لەپێناوی جارێکی تر دەرکەوتنەوە, سەرەڕای



ئەوەی کە سیستمی فەرمانڕەوایی، بۆ نموونە، لە ئینگلتەرادا سیستمێکی مەلەکیی رەهابوو: (کەچی سیستمی دەرەبەگی (مەلیك) ی ناچارکرد لە بۆنە گرنگەکاندا کۆبوونەوە لەگەڵ میرە دەرەبەگەکاندا بکات و داوای راوێژ و ئامۆژگارییان لێبکات و, تەنانەت بەشداری لە خەرجیەکانی شەڕو هیتریشدا بکەن. بەم شێوەیە سیستمێکی نوێ جێگیربوو کە خانەدانەکان و قەشەکان داوایان دەکرد. دواتر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە زیاتر بوو ئیدی لە "راوێژکردنەوە"وە گۆڕا بۆ"قانوندانان" ، بۆ سەرپەرشتیکردنی دادوەری, تا وای لێهات دەسەڵاتی باڵای بەسەر دادگاکاندا پەیداکرد و تەنانەت ناوینرا (مەزنترین ئەنجومەن Magnum Concilium) ساڵانەو بەشێوەیەکی رێکوپێك، کۆدەبوەوە و بازنەی پسپۆڕیەکانیشی فراوانتربوو.. تا لە سەردەمی مەلیك (جۆن) دا خانەدانەکان و پیاوماقوڵان و قەشەکان راپەڕین و (پەیمانی مەزن, یان ماگناکارتا Magna Carta) دەرچوو و دوای ئەم گەشەکردنە ئەنجومەنەکە ئۆقرەی گرت. پاش ئەوەی پێشتر راوێژکاری بوو, وای لێهات بوو بە رێسا کە ئەو قانونەی لەم ئەنجومەنەوە, کە بە ئەنجومەنی لۆردەکان House of lords ناسرا, دەربچوبایە مەلیك بۆی نەبوو هەڵیوەشێنێتەوە.دواتر بۆ هەر هەرێمێك دوو سوارەو نوێنەرانی شارەگرنگەکانیش خرانە سەر ئەنجومەنەکە، تا وای لێهات لە پێنج دەستە پێك دەهات. نوێنەرانی هەرێمەکان و شارەکان دەستەبەندییان کرد تا لە ئەنجومەنێکی تایبەتدا، کە ئەنجومەنی گشتییە, جیابوونەوە! چینی لۆردەکان لە سەرەتادا گرنگیی ئەم ئەنجومەنەیان نەزانی, پاش ئەوەی گرنگیەکەی سەلما, رۆڵەکانیان

بەپەلە چوونە ناوی، ئیدی وردە وردە ناوبانگی زیاتر دەبوو تا لە ناوبانگی ئەنجومەنی لۆردەکانیش رەتیدا[٦٠].

ئەو دەوڵەتەی کە دەبێ رووی تێبکرێ دەوڵەتی هەموو گەلە، نە دەوڵەتی تاک و نە دەوڵەتی توێژێک و نە دەوڵەتی چینێکە. دەوڵەتی هەموو ئەوانەیە کە لە یەک کۆمەڵەدا دەژین و بەشداری لە بنیاتنانیدا دەکەن و، بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا دەکەن و، دەبێ لە داهاتی ئەو بەرهەمەشدا بەو رادەیەی کە ئیشیان تێداکردووە بەشداربن. هەروەها چەمکی ئازادیی ئیجابی لە سەدەی بیستەمدا باوەڕی بە مافی خەڵک لەوەی کە باوەڕییان پێیەتی ، هەیەو ، باوەڕیشی هەیە بەمافی خۆیان لە دەربڕینی ئەوەی بڕوایان پێیەتی، مادام دەربڕینەکەیان ئاشتیخوازانەیە. مافی هەموو هاوولاتییەکە کە بڵێ (بەڵێ)، هەروەها بڵێت (نا)و، لە هەردوو بارەکەشدا هاوولاتییەکە پارێزراوە وئەمەش مافێکە ئازادی بەبێ ئەو مافە دانامەزرێ. بۆئەوەی ئەو مافە رەهەندێکی راستەقینەی کاریگەری هەبێ، دەبێ بەستراببێتەوە بە ئاسایشی ئابوورییەوە، چونکە نەمانی ئاسایشی ئابووری یان هەڕەشەلێکردنی، توانای راستەقینەی مرۆڤ لەگوتنی "بەڵێ" یان گوتنی "نا" کەدەیەوێ ئەمیان بڵێ یان ئەویان، ناهێڵێت.

هەروەها دام و دەزگاکانی دەوڵەت سەرجەمیان کە ئەو دەوڵەتە پێک دەهێنن دەبێ دەربڕی ویستی کۆمەڵانی خەڵک بن. کەواتە ئەو رێسا قانونییانەی لە ویژدانی ئەو دەستەیەوە هەڵناقوڵێن بەهەمان چەشنی ئەو بەها خۆرئاواییانەی دەرهاویشتەی ویژدانی ئەم دەستەیە نەبوون، بێ رەگ و ریشە و بێ بناغەن. لە واقیعیشدا ئەمە هەڵوێستی زۆرینەی



زۆری بیرمەندە سیاسیەکانە لە سەدەی بیستەمدا. ئەگەر بەخێرایی نیگایەک لە بیروباوەڕی (جۆن دیوی) و (هارۆن لانسکی) و (برتراند راسل) و هی دیکە بکەین، دەبینین، سەرەڕای تا رادەیەک جیاوازییان، لەو هێڵە بنچینەییانەی ئاماژەمان پێکرد، یەک دەگرنەوە: هەموویان و هی تریش، بڕوایەکی قوڵیان بە ئازادیی ئیجابی هەیە، ئەو ئازادییە بنیاتنەرەی وا لە مرۆڤ دەکا خودی خۆی بەدیبێنێ و، تواناکانی خۆی دەرببڕێ و، خۆی حوکمڕانیی خۆی بکا و، ئەمڕۆ و سبەی بەسەلامەتی بژی، لەسەر رادەربڕینی، لەسەر پەیداکردنی نان، وەک یەک، پارێزراوبێت.[٨٨].

نامانەوێ بەدرێژی لەسەر بیرۆکەی (یەکسانی) هەڵوەستە بکەین، ، کاتێ کە قسەمان لەسەر بیرۆکەی (گەل) کرد و بەدرێژایی مێژوو دیاریمانکرد لایەنێکیمان خستەڕوو. بەڵام تەنیا دەمانەوێ بەکورتی لەسەری بدوێین، مادام کۆڵەکەیەکی گرنگە لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی و بەبێ ئەو راستەڕێ نابێ.

دەشێ بڵێین بیرۆکەی (یەکسانی) سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەیەکی تازەیە، کەچی لەکۆندا لای ئەرستۆ هەبووە، کە لە کتێبی سێیەمیدا لە"ئاکار"ەوە بۆ نیقوماخوس Nicomachean Ethics قسەی لەسەر "دادپەروەری" کردووە، کە بۆ ئەوە دەچێ (دەبێ جیاوازی لەنێوان خەڵکانی یەکسان لە هەموو روویەکەوە، نەبێ). خۆزگە وشەی خەڵکانی (یەکسان)مان بە (هاوئاست) یان (هاوشان) وەردەگێڕا.. چونکە رێک ئەمە مەبەستی یەکەمین مامۆستایە (مەبەست لە ئەرستۆیە – وەرگێڕ). ئەرستۆ قسە لەسەر (هەموو) خەڵک ناکا، بەڵکو تەنیا

مەبەستی هاوولاتییانی نێرینەی یۆنانییە, کە مافی ئیشکردن لە سیاسەتیان هەیە, یان لە تەمەنی بیست ساڵی رەتیان داوە, دەبێ لە مامەڵەکردن یان لە مافەکاندا جیاوازی لەنێوان ئەمانەدا نەکەین.. بەم شێوەیە ئەو قسەیە هەر بە راستی دەمێنێتەوە کە دەڵێ یەکسانی بیرۆکەیەکی تازەیە. ئیدی ئەو بیرۆکەیە چ مانایەك دەگەیەنێ؟

لە واقیعدا (یەکسانی) لە کاروباری مادیدا ئاسانو تەڕدەستە, چونکە ئێمە کە دەڵێین دوو شت لە قەوارە یان کێش یان چڕیدا یەکسانن لێی تێدەگەین, هەمان شتیش ئەگەر گوتمان دوو پیاو لە درێژی یان کێشدا یەکسانن. کەواتە یەکسانی لێرەدا مانای وایە درێژییەکە یەکە یان کێشەکە (لە هەردوو بار)دا هەمان کێشە. بەڵام کە قسە لەسەر یەکسانی لەنێوان بوونەوەرە مرۆییەکان دەکەین, گرفتەکان دەردەکەون:

بە وردی, مەبەستمان لە چیە کە دەڵێین یەکسانی نمونەی باڵای دیموکراسیە... شتێکی ئاشکرایە کە خەڵك ناکرێ لە رووی جەستەیی یان عەقڵییەوە یەکسان بن, ئایا مەبەست ئەوەیە لە هەلومەرجی ژیاندا یەکسان بن؟! شتێکی ئاشکرایە مەبەستەکە ئەمە نیە. زۆرجاریش دەگوترێ مەبەست لە (یەکسانی) ئەوەیە کە خەڵك لە دەرفەتە رەخسێنراوەکانی بەردەمیاندا یەکسان بنو, واپێدەچێ ئەم جۆرە پێناسەش ببێتە هۆی (پێکهاتەیەکی پەسەند) لەگەڵ ئازادیدا, چونکە ئەو نالێ دەبێ خەڵك هەمان پاداشت وەربگرن, بەڵکو دەرفەتی یەکسان لەبەردەمیاندا برەخسێنرێ. (تۆماس جیفرسون Thomas Jefferson) لە داڕشتنی جاڕی سەربەخۆییدا کە لە چواری تەمموزی



١٧٧٦ دا دەرچووە, بۆئەوە چووە کە (هەمووان بە یەکسانی دروست بوون, دروستکەر چەند مافێکی خۆڕسکی پێبەخشیون ناکرێ بۆ خەڵکی تر دەستبەرداری بن, کە مافی ژیان و, ئازادی و, کۆششکردن بۆ بەختەوەری..هتد، دەگرێتەوە). جیفرسۆن نەیگوتووە (مافی بەختەوەری) یان هەیە, بەڵکو مافی کۆشش بۆ کردنیان هەیە, واتە دەرفەتی بەدەستهێنانیان هەیە. کەواتە چەمکی یەکسانی بەم مانایە پێچەوانە نیە لەگەڵ بیرۆکەی ئازادی, بەڵکو بە تۆکمەیی پێوەیبەستراوە)[89].

لە واقیعیدا خراپترین تێگەیشتن لە یەکسانی ئەوەیە کە هەموو خەڵك (لە هەموو روویەکەوە) یەکسان دەکات، — کە بەداخەوە ئەم تێگەیشتنە لەلای هەندێ بیرمەندی عەرەب هەیە — ئەم تێگەیشتنە نزیکە لەوەی لە فەلسەفەدا پێی دەگوترێ دانانی خەڵك لەسەر چوار پایەی (پرۆکرست Procrustes) بە هەموو زۆرلێکردنو خۆبادانو هەڵبەستنو کوشتنێکی راستی کەلەم مانایەدا هەیە..

(پرۆکۆست) یش لە میتۆلۆجیای یۆنانیدا پیاوێکی رێگرە,کە ناوە راستەقینەکەی (پۆلیپیمۆن polypemon)ەو, غەریبەکانی دەبردە ماڵەکەی خۆی, دواتر ناچاری دەکردن لەسەر تاکە چرپایەکەیدا بخەون, ئەگەر لەو درێژتربووان زیادەکەی دەبڕی, ئەگەر لەویش کورتتر بووان شەتەکی دەدان تامردنو لە هەردوو بارەکەشدا لەناوی دەبردن, چونکە بەتەواوی هۆگری یەکسانیی تەواو, یەکسانی لە هەموو روویەکەوە بوو! نەخێر یەکسانی بەم شێوە سادە و بێپێزە نیە, کە مانای یەکسانی نییە لەنێوان خەڵك دا, بەڵکو مانای یەکسانیە لەنێوان ئەواندا لەلایەك و

لەنێوان شتێکی سێیەم لەلایەکی ترەوە، کە ئەویش دەرفەتە: یان قانونە.. هتد .پاشان زۆر چەشنی یەکسانی پەیدابوون، کە زۆر بەکورتی لەبارەی هەندێکیانەوە دەدوێین:

### ١- یەکسانی لەبەردەم یاسادا... Isonomy

هەندێ لە مێژوونووسان وای دەبینن کە ئەم جۆرەی یەکسانی کۆنە بەقەد کۆنیی یۆنان، بە شێوەیەك کە بەسەر هاوولاتیی ئازادی یۆنانیدا پێڕەویان دەکردو، مێژوونووسانی لیبرالیزم وای دەبیینن پێوەرێکە بۆ شەرعیەتی حکومەت، چونکە یەکسانی لەبەردەم قانوندا مانای گوێنەدانمان بە کەسێتیی ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بەو دەسەلاتەی هەیەتی و بەنازناوەکانی و پۆستەکانی و سامانەکەی و بڕی موڵکەکەی..هتد، دەگەیەنێت.

کەواتە کەس لە سەرووی قانونەوە نییەو، ئەمەش دیموکراسیی راستەقینەیە. بەڵام لە بارێکی لەو چەشنەشدا دەبینین یەکسانییەکی رەها بە بەردەوامی لە ئارادا نییەو، بەبێ رەچاوکردنی هیچ ئیعتبارێکی دیکە، لەوجۆرەی قسەی لەسەر دەکەین دەبینین هەڵوێستەکە لە حاڵەتی منداڵان و شێتاندا جیاوازە، چونکە دەبێ مامەڵەمان لەگەڵیاندا جیا بێت لە مامەڵەمان لەگەڵ پێگەیشتووان و باڵقبووان و ئەوانەی عەقڵێکی ساغیان هەیە. لە هەندێ وڵاتدا ژنان لەچاو پیاواندا هەڵسوکەوتی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرێ.

هەروەها خانەدانەکانیش لەگەڵ خەڵکی رەشۆکیدا جیاوازن. پاشان ئەوانەی تێدەکۆشن لەپێناوی یەکسانی لەبەردەم قانوندا وەك نەریتێك هەوڵ دەدەن ئەو جیاکەرەوانە دەست نیشان بکەن کە لەگەڵ مافی رەوادا دەگونجێ[٩٠].



### ٢- یەکسانیی سیاسی Political Equality

یەکسانیی سیاسی یەکێك بوو لە ئامانجە سەرەکیەکانی شۆڕشی فەڕەنسی و، ناپلیۆن پۆناپارتیش لە دەستەواژەیەکی زۆر کورتدا پوختی کردەوە کە ئەمەیە: (ئەرکی کراوە لەبەردەم بەهرەدا) کە ئەمەش بە چەند پلەیەکی یەکجار جیاواز بوونی هەیە. لە وڵاتانی جیاجیادا، بەڵام لە هەموو شوێنێك بەشێوەیەکی رەها نا، بۆ نمونە، لە ئینگلتەرادا چەند ئەرك (وەزیفە)ێکی دیاریکراو هەن کە خاوەنەکانیان بە میرات بۆیان بەجێ دەمێنێ و لەبەردەم هەموو کەسێکدا رەخساونین.

### ٣- یەکسانی لە دەرفەتەکاندا Equal Opportunity

یەکسانی لە دەرفەتەکاندا یەکەمین بەرگریی تیۆریی لە کۆماری ئەفلاتووندا لێکراوە، بەشێوەیەك، ئەو سیستمی فێرکردنەی دەرفەتەکان بۆ منداڵانیان رەخساند بووە هۆی دەرخستنی سیستەمی فێرکردن کە دەرفەت لەبەردەم منداڵان دا دەڕەخسێنێ بۆئەوەی بەهرە جیاوازەکانیان دەربکەوێت تا پێوەندی بە دۆخە کۆمەڵاتییە نایەکسانەکانەوە بکەن[٩١].

یەکسانی لە دیموکراسیدا رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم هاوولاتیان لە فەرمانڕەواییکردنی وڵاتەکەیاندا دەگرێتەوە، بەوپێیەی بوونەوەرگەلێکی سیاسیی یەکسانن، سەرەڕای ئەوەی هەموو جۆرەکانی دیکەی یەکسانیش دەگرێتەوە.

کەچی یەکسانی لە دیموکراسیدا، وەك هەر بیرۆکەیەکی فەلسەفیی دیکە، بەیەك کەڕەت دەرنەکەوتووە، بەڵام رەوتی دیموکراسیی دیاریدەکردو روونەکردەوە، سەرەڕای ئەوەی کە (جۆن لۆك)، بۆ

نموونە, دەیگوت (مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن) ئەوە مەبەستی هەر پیاوان بوو, چونکە تەنیا ئەوان لایەنەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی پێك دێنن. (رۆسۆ) وای بۆ چووە کە ژنان شیاوی بەشداریکردن لە کاری دیموکراسی نین, هەروەك (ئەرەستۆ)ش پێشتر وای بۆ چووە.

بیرۆکەی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزدا لەگەڵ (جۆن ستیورات مل) لە سەدەی نۆزدەهەمدا نەبێت دەرنەکەوت(٩٢). بەم شێوەیە مرۆڤایەتی ماوەیەکی زۆر تێکۆشاوە بۆئەوەی دروشمە جوانەکەی دیموکراسی: (نابێ جیاوازی بەهۆی رەنگ, یان رەگەز یان ئایینەوە هەبێ) بێنێتەدی. بەڵکو رەنگە لە تواناشماندا بوو بێت بڵێین ئەو دروشمە بەتەواوی نەهاتۆتە دی لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا ، تەنانەت ئەو کۆمەڵەش کەخۆی بە دیموکراسی ناوزەد دەکات و، دەوڵەتانی دواکەوتووش ئەوە هەر لێگەڕێ.

## کۆتایی : گرفتگەلێك لەبارەی دیموکراسییەوە

(١)

### دیموکراسی و.. کۆمەڵی دواکەوتوو

یەکەمین گرفت کە لەبارەی دیموکراسیەوە دەوروژێنرێ, ئەم پرسیارە پوختی دەکاتەوە: ئایا دەکرێ دیموکراسی لە هەموو کۆمەڵەکاندا بەبێ جیاوازی پێڕەو بکرێ, یان دیموکراسی شێوەیەکی تایبەتە لەنێو شێوەکانی سیستمە سیاسییەکانداو پێویستی بە کۆمەڵێکی (دیاریکراو) هەیە؟ هەندێ فەیلەسوف توانای پێڕەوکردنی (گشتی)ی دیموکراسی ڕەتدەکەنەوە و دیموکراسی تایبەت دەکەن بە چەند کۆمەڵێك جیا لە کۆمەڵەکانی تر. بۆ نمونە مۆنتسکیو لەو باوەڕدایە حکومەتی دیموکراسیی میانڕەو بۆ جیهانی مەسیحی گونجاوترە, کەچی حکومەتێکی ستەمکار بۆ جیهانی ئیسلامی گونجاوترە![٩٣] ئەم قسەیە دووپاتکردنەوەی هەمان قسە دەمارگیرییە کۆنەکەی ئەرستۆیە بەشێوەیەکی خامۆش, بەتاکە جیاوازییەکەوە ئەویش ئەوەیە کە دەمارگیریی ئەرستۆ "ڕەگەزی" بوو و پشتی بە جیاوازیکردن لەنێوان ڕەگەزەکان دەبەست و ڕەگەزی یۆنانیی دەکرد بە باڵاترین گەل و, گونجاوترینیان بۆ فەرمانڕەوایی دیموکراسی، لەکاتێکدا هەمەج و بەربەرەکان و لە نێوایشیاندا گەلانی کۆنی



خۆرهەڵات, جگە لە فەرمانڕەوایی ستەمکاریو دکتاتۆری شتێکی تر بۆیان گونجاونیە, چونکە بە سروشتی خۆیان کۆیلانە هەڵکەوتوون و ناتوانن ئازادی پیادە بکەن, بەڵکو دەیانبینی بەشەوقەوە هەوڵ بۆ کۆیلەیی دەدەن! دوای ئەوە مۆنتسکیو هات و دەمارگیریەکەی کرد بە ئایینی و، بە ئەنقەست جیاوازیی خستە نێوان گەلانەوە لەسەر بناغەی ئایین. گەلانی مەسیحی بۆ دیموکراسی گونجاون, کەچی گەلانی ئیسلامی بە سروشتی خۆیان فەرمانڕەوایی دیموکراسی پێڕەو ناکەن, چونکە ئازادی ناناسن و داواشی ناکەن! بەڕاستی ئەمە بوختانێکی بێمانایە, چونکە لەئایینی ئیسلامدا شتێك نییە ڕێ بگرێت لە پێڕەوکردنی دیموکراسی، کە پشت دەبەستێ بە ئازادی و عەدالەت و یەکسانی و بیروباوەڕی تر کە لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆزدا ڕوونو ڕاشکاون. سەرەڕای ئەوەش ئیسلام داوای ڕاوێژو، دیالۆگو،گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر کردنو بڕیار وەرگرتن پاش وردبوونەوە لە مسوڵمانان دەکا, هەروەك بەرپرسیارێتیی کردۆتە تاکە کەسی و تەنیا لە ئەستۆی تاکەکەسدایە، واتە هەموو تاکێك لە سەریەتی بیربکاتەوە و گفتوگۆ بکات, چونکە لە دواجاردا, بەرپرسی کارەکانی خۆیەتی. مۆنتسکیۆ و هی دیکەش کە لەسەر ئەو ڕێچکەیەن ئەگەر ناڕەزاییان دەربڕی بێت لەوەی مێژووی ئیسلام لەلایەن ستەمکارانەوە فەرمانڕەوایی کراوە، وەڵاممان داوەتەوە کە ئەم دیاردەیە لە مێژووی مەسیحیەتیشدا هەیە،پاشان، لەلایەکی تریشەوە، ئەمە هیچ پێوەندییەکی بەو پرنسیپە بنچینەییانەوە نیە کە ئیسلام وەك کۆڵەگەی سیستمی فەرمانڕەوایی پەسەندیان دەکاو، ئەگەر فەرمانڕەواکان لێیان لادابێ, ئەوا

بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی ئەواندا بووە, نەك ئیسلام.

رایەکی (جۆن ستیوارت مل) هەیە کە دەچێتە خانەی کورتبینییەوە کە بە کۆمەڵەکانی دواکەوتوو ناوی بردووەو, وای دادەنێ گەل هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی باڵقبوون, دواتر بەداخێکی زۆرەوە, دەگاتە ئەوەی باشترین سیستم بۆ ئەم چەشنە گەلە کۆیلەکردنیەتی و دەڵێ: سیستمی ستەمکاری وەك جۆرێك لە جۆرەکانی حوکمڕانی, بۆ حوکمڕانیی هەمەج و بەربەرەکان رەوایە, بەو مەرجەی مەبەست چاکسازییان بێت, چونکە ئازادی لە رووی مەبدەئەوە, ناکرێ بدرێ بە دەوڵەتێك پێش ئەوەی خەڵکەکەی خۆیان بۆ ئامادە کردبێ و, توانای ئەوەیان هەبێ بارودۆخی خۆیان بە گفتوگۆی ئازادانەو بەشێوەیەکی یەکسان, باشتر بکەن[٩٤].

بەم شێوەیە (مل) دەگاتە ئەنجامێکی یەکجار ترسناك, چونکە پاساو بۆ کۆیلەکردنی گەلانی دواکەوتوو و بیانوو بۆ ئەو ئیستیعمارە دێنێتەوە کە دەکەوێتە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی چاکسازیی گەلانی دواکەوتووی نەزان تا گەشە بکەن و پەل بهاون و بگەن بە تافی باڵقبوون، تەنیا ئەوکاتە دەتوانن بەخۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن و ئێمەی (راسپێردراو: وەسی) بەسەر ئەو گەلانەشەوە خاترجەم بین کە خۆی ئازار نادات وەك منداڵێکی بچوك, ئەگەر ئازادیی خرایە بەردەستی تا پێش وەخت بەکاری بهێنێ!

کەچی ئەو ئەنجامەی (مل) پێیدەگات ئەوەیە, وەك گوتمان, یەکجار هەڵە و ترسناکە لەیەککاتدا, ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

**یەکەم:**

ئازادی ئەوە نیە کە بدرێ بە مرۆڤ یان لێی قەدەغەبکرێ بەپێی



هەلومەرج و بارودۆخەکەی, چونکە ئازادی (ماهیەتی رۆح)ە, هیگڵ بە هەق گوتویەتی: هەروەك چۆن ماهیەتی مادە بریتیە لە قورسایی, ئەوا ئێمە لەلایەکی ترەوە دەتوانین جەخت لەوە بکەین کە ماهیەتی رۆحیش بریتیە لە ئازادی، هەموو خەڵکیش لەگەڵ ئەوەدان کە رۆح لەچوارچێوەی ئەو خەسڵەتانەی کە هەیەتی خەسڵەتی ئازادییە. فەلسەفەش فێرمان دەکات کە هەموو سیفەتەکانی رۆح بەهۆی ئازادییەوە نەبێت لەئارادا نین[٩٥]. لێرەوە دەستبەرداربوونی مرۆڤ لە ئازادیی خۆی بۆ فەرمانڕەوا, یان بۆ هەرکەسێکی دی, مانای دەستبەردار بوونیەتی لە مرۆڤبوونی خۆی, واتە دەستبەرداری ئەو ماف و ئەرکانە دەبێ, کە (رۆسۆ) بەماف و ئەرکەکانی مرۆڤیان دەزانێت[٩٦].

**دووەم:**

ئەگەر بگوترێ (مل) مەبەستی پیادەکردنی ئازادی بووە نەك خودی ئازادی, دەمانگوت بۆ ئەوەی ئەو پیادەکردنە بەشێوەیەکی دروست بەڕێوەبچێ, ئەوا پێویستی بە راهێنان و خەریك بوون و تەقەلا و کات هەیە, راستە زۆرجار مرۆڤ ئازادیی خۆی خراپ بەکاردێنێ, لە نەزانیەوە, یان بەهۆی بالادەستبوونی غەریزەوە, یان شکاندنەوە بەلای ئارەزوودا.. هتد بوو بێت, بەڵام پێویستی بە خۆڕاستکردنەوە هەیە, تا لە هەڵەکانی خۆیەوە فێر بێت, بۆیە گوتراوە دیموکراسی, کە پێڕەوکردنی بە کردەوەی ئازادییە, بە پلەی یەکەم بریتییە لە پیادەکردن.

**سێیەم:**

ئەو دەربڕینەی پێشووی (مل) کە تیایدا دەڵێ (نابێ ئازادی بە دەوڵەت بدرێ پێش ئەوەی خەڵك خۆی بۆ ئامادە بکا.. هتد) یەکسەر ئەو بەهەڵەداچوونەمان بیردەخاتەوە کە هەندێ لە ستەمکاران وەك پاساوێك بۆ ستەمکاریی خۆیان بڵاویان دەکردەوە کە دەیانگوت خەڵك پێویستیان (بەماوەیەکی گواستنەوە هەیە پێش ئەوەی دیموکراسی پیادە بکەن)! ماوەیەکی گواستنەوە کە تیایدا فێری ڕێوشوێنەکانی دیموکراسی و ڕێساکانی ببن پێش ئەوەی پیادەی بکەن! کە ئەمەش موفارەقەیەکی سەیرە و وەك ئەو قسەیەی ئەو گوتیارە وایە کە دەڵێ: لەسەرتە واز لە هاژووتنی ئۆتۆمۆبێل بێنی, تا بەڕاستی هونەری هاژووتن فێردەبی)!!

**چوارەم:**

پێم وایە داگیرکەر بیانوویەك بۆ داگیرکردنی گەلانی دواکەوتوو نادۆزێتەوە بەهێزتر بێ لەو بیانووەی (مل)بەوەی کە ئەم گەلانە ناتوانن بەخۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن, چونکە (دەست کورتن) و بەرژەوەندی تایبەتیی خۆیان نازانن‌و, ئێمە ئەو ڕۆڵەیان بۆ دەگێڕین! ئەمەش ئاوازێك بوو کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە دەوڵەتانی ئیستیعماریدا باوبوو!

**پێنجەم:**

ئەوەی (مل) دەیڵێ کە ئەم گەلانە: هیچیان لەبەردەمدا نیە جگە لە ملکەچکردن و گوێڕایەڵ بوون بۆ فەرمانڕەواکان لە وێنەی (ئەکبەر) و (شارلمان) – ئەگەر بەختیان هەبوو و فەرمانڕەوای وەك ئەو دووانەیان دۆزیەوە – ئەوا ئەفسانەی (ستەمکاری دادپەروەر) مان دێنێتەوە یاد کە



زیاتر لە زۆربلێییەکی پوچەڵ دەچێ و، وەك (بازنەی چوارگۆشەیی), کەوتنە ناکۆکیی دەربڕینەوە! خۆ ئەگەر بۆ گفتوگۆکردن دانیشمان بە بوونیدا نا, کە ئەو فەرمانڕەوایە (کاری باش) لە بەرژەوەندیی خەڵکدا دەکا, ئەوا ئەو هەموو کارە چ بەهایەکیان دەبێ ئەگەر مرۆڤەکە لەدەست چوو؟

بەڵام ئەوەی (رسل) دەیڵێ کە پێڕەوکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵێکی نەخوێندەواردا کارێکی مەحاڵە, ئەوا قسەیەکە دەبێ بەیەك تەحەفوزەوە لێی وەربگرین ئەویش ئەوەیە لەلای خۆمانەوە لێی بپرسین: ئێمەش لەگەڵتداین کە بەتەواوی پێڕەوکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵێکی نەزاندا مەحاڵە, بەڵام لە بارێکی وادا چی بکەین؟ ئەلتەرناتیڤ چیە؟ ئایا چاوەڕێ بکەین تا خوێندەواری لە هەموو لایەکی وڵاتدا بڵاودەبێتەوە؟ تائەوکاتە شێوەی فەرمانڕەوایی چی بێ؟ ئایا پەناببەینە بەر فەرمانڕەواییەکی ستەمکارانە – هەر فەرمانڕەواییەکی نادیموکراسی بەمانایەك لە ماناکانی ستەمکاری فەرمانڕەواییەکی ستەمکارانەیە– کە دواجار مرۆڤ لەناو دەبا و بەهرەکانی تێکدەشکێنێ‌و بەهاکانی پێشێل دەکات؟

کێیە ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارەی کە پێیوایە لە بەرژەوەندیی خۆیدایە خوێندەواری بڵاوبکاتەوەو, ڕووناکی بخاتە نێو هێزی تاریکی و ئاسۆ تەنگەکانەوە؟ یان دەگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەی ستەمکاری دادپەروەر؟ ئایا ناکۆکییەکی ئاشکرای دەربڕینی تێدا نابینین کە لە (بازنەی چوارگۆشەیی) یان (چوارگۆشەی بازنەیی) دەچێ, چونکە فەرمانڕەوا ئەگەر ستەمکار بوو هەر زۆردار دەبێت, بەلانی کەم

لەبەرئەوەی لە ئازادیی راو دەربڕین بێبەشیکردووم – سەرەڕای ئەوەی – ڕێگەی پیادەکردنی مافی رەخنە و گفتوگۆ, تەنانەت هەولّی تێگەیشتنی, لێگرتووم؟ – چونکە سادەترین مانای ستەمکاری ئەوەیە کە فیکر بەیەك ئاڕاستەدا بڕوا – لە فەرمانڕەواوە بۆ تاکەکانی گەل بۆئەوەی ببێتە فەرمانێکی ستەمکارانەی سەپێنراو بەسەر خەڵکەوە, بێئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ لای فەرمانڕەوا تا گفتوگۆیەکی, بەهەرمانایەکی وشەی گفتوگۆ وەریدەگری، لێبکەوێتەوە.

بێگومان ستەمکاری – بەڵکو هەموو کۆسپەکانی دیموکراسییش, چ لە کۆمەڵە دواکەوتوو یان گەشندەکاندا – تەگەرەیەکی گەورەن لەبەردەم گەشەی کۆمەڵ و پێشکەوتنی, ئەمەش چونکە بەبێ هەستکردن بەیەکسانی – مەعنەوی و مادی – و بەبێ پیادەکردنی ئازادی و هاوبەشیکردن لە چالاکییەکانی کۆمەڵدا – تەقاندنەوەی وزەکانی هاووڵاتی و, ئازادکردنی بەهرە پەنهانەکانی کە چەپاندن و بێبەشی و ترس و دوودڵی و هەستکردن بە پشتگوێخستن کارێکی سەختە و, بەبێ داب و نەریتە دیموکراسییەکان (رای گشتی) دووردەبێ لە دانانی کاریگەری پێویست لە سەپاندنی رێزگرتن لە بەهای مرۆڤ و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی هۆیەکانی پێشکەوتنی – بەڵکو بەدەستهێنانی ئاشتی کۆمەلاّیەتیش سەخت دەبێت, چونکە گەل سەرچاوەی دەسەلاّتەکانە و, هەر ئەویش بناغەی شەرعیەتەو, بەبێ شەرعیەتی میللیش سیستمەکان مایەی هەژان و شۆڕشن[1], بۆیە لە ولاّتانی جیهانی سێیەمدا کودەتا سەربازیەکان زۆرن, بەلاّم مەحاڵە لە ولاّتە دیموکراتییەکاندا بیانبینین, چونکە لەوێ سوپا تاکە هێزی بەدیهێنەری گۆڕانکاری نیە,وەك ولاّتە



دواکەوتووەکان, بەڵکو پارتە سیاسییەکان و, کەناڵە دیموکراتییەکان دەتوانن گۆڕانکاری پێویست بەدی بێنن.

سەرەڕای ئەوەش والاّبوونی شارستانی و کەلتوری لەنێو دەوڵەتانی هاوچەرخدا – لەئەنجامی رزگاری سیاسی و شۆڕش لە هۆیەکانی راگەیاندندا, مەسەلەی دوورکەوتنەوە لە پیادەکردنی دیموکراسیی کردۆتە کارێکی پڕ لە مەترسیی پێکدادانی کۆمەلاّیەتی بەرەنجامی هەستکردن بە چەوساندنەوە و دوورکەوتنەوە لە کاروانی ژیارییە، هەروەها پێویستە کۆمەڵەکانی جیهانی سێیەم رێگای سەربەخۆی خۆیان بەرەو بنیاتنانی دیموکراسی بنیات بنێن, چونکە لاسایی کردنەوەی کۆمەڵەکانی رۆژئاوا, لە پێداگرتن لەسەر شێوە و تەدارەکی دیموکراسی لەسەر حسێبی ناوەڕۆکی ئابووری و کۆمەلاّیەتی بۆ رۆژگارێکی ماوەدرێژ, کارێکی کردە نییە.

(٢)

## دکتاتۆریەتی زۆرینە..

یەکێك لە گرفتە بنچینەییەکان لە سیستەمی دیموکراتییدا ترسە لە دکتاتۆریەتی زۆرینە و لەدەستچوونی مافەکانی کەمینەو هەڕەشەیە لە ئازادیی ئەو کەمینەیەی بە رایەکانی زۆرینە رازی نیە. بیرمەندی فەڕەنسی ئەلکسیس دی توکڤیل Alexis de tocgueville (١٨٠٥–١٨٥٩) یەکەمین کەسە کە پەنجەی بۆ دکتاتۆریەتی زۆرینە راکێشاوە, ئەمەش لە کتێبە گرنگەگەیدا (دیموکراسی لە ئەمەریکادا) کە بەشی یەکەمی لە ساڵی ١٨٣٥ و بەشی دووەمی لە ساڵی ١٨٤٠دا دەرچووە,

توکڤیل وایدەبینێ کە یەکێك لە گرنگترین گرفتەکانی کۆمەڵی دیموکراتی کە هەڕەشەیەکی ترسناکە بۆ سەر ئازادی, مۆرکی دکتاتۆری و ستەمکارانەی زۆرینەو، رای گشتییە کە لەسەر ئازادیی تاك رەنگ دەداتەوە, هەروەها لەسەر مافەکانی تایەفە و کۆمەڵە و کەمینە بچوکەکان لە کۆمەڵدا رەنگ دەداتەوە. توکڤیل پێی وایە: (گەورەترین خراپە لە دەزگا دیموکراتییەکانی ئێستای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە لاوازیی ئەو دەزگایانەوە پەیدانابێ, بەڵکو لە پێداگرتن لەسەر بەهێزییانەوە. من لە زیادەڕەیکردن لە ئازادی، کە لەم ولاتەدا هەیە، هەراسان نابم بەقەد ئەوەی لە نەبوونی گەرەنتیی پێوست دژی دکتاتۆریەت, هەراسانم..)[٩٦].

توکڤیل درێژەی پێدەدا و نموونەیەك دێنێتەوە بۆ ئەوەی دەیڵێ: (کە تاکێك, یان پارتێکی بچووك ئازار دەدرێ, رووی سکاڵاکەی لە کێ بکا بۆئەوەی ئەو ئازارەی لەسەر لا ببردرێت..؟ ئەگەر روو لە رای گشتی بکات, دەبینێ ئەو رای گشتییە زۆرینە پێکدێنێ. ئەگەر روو لە دەستەی قانوندانان بکات, دەبینێ نوێنەرایەتیی زۆرینە دەکاتو، بەتەواوی گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی دەکەن. ئەگەر روو لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بنێت, دەبینێ لەلایەن زۆرینەوە دامەزراون تا ئامرازێکی گوێڕایەڵی خزمەتی ئەوان بن. ئەگەر روو لە هێزەکانی ئاسایشی گشتی بکا, دەبینێ زۆرینەن کە چەکیان هەڵگرتووە. ئەگەر روو لە دادوەران بکات, دەبینێ ئەوان زۆرینەن و, مافی بڕاندنەوەی نەوەی کێشە قانونییەکانیان پێبەخشراوە. تەنانەت قازییەکان خۆیان، لە هەندێ ویلایەتدا، لەلایەن زۆرینەوە هەڵدەبژێردرێن. جا هەرچییەك بێت ئەو



خراپەکارییەی کە بەرەوڕووت دەبێتەوە, ناهەق بێت یان ناماقووڵ, لەسەرتە بەپێی توانات ملی بۆ کەچ بکەیت..)[٩٧].

(جۆن ستیوارت مل) بەشێوەیەکی بەهێز کەوتە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی (توکڤیل) ەوە, ئەویش بە رۆڵی خۆی بەردەوام بوو لەسەر ورياکردنەوە لە مەترسیی دکتاتۆریەتی زۆرینە: (بیرۆکەی دکتاتۆریەتی زۆرینە بۆتە یەکێك لەو بابەتە سیاسییانەی کە مانای خراپە و مەترسی دەدەن و کۆمەڵ لەسەریەتی خۆی لێیان بپارێزێ..)[١]

پاشان ئەوە (بەس نییە کە تاك لە دکتاتۆریەتی حوکمڕان بپارێزرێت, بەڵکو دەبێ لە دکتاتۆریەتی رای گشتی و هەستی باو بیپارێزرێت, یان بیپارێزێت لە مەیلی کۆمەڵ کاتێ ویست و بیروباوەڕی خۆی بەسەر ئەو تاکانەدا دەسەپێنێ کە رەتی دەکەنەوە. هەروەها دەبێ تاك لەو هەوڵەش بپارێزرێ کە دەیەوێ کۆسپ بخاتە بەر گەشەکردنەکەی و, رێگە لە پێکهاتنی کەسایەتیە تاکییەکەی بگرێ کە لەگەڵ رێگاکانی کۆمەڵ ناگونجێ و, هەموو کەسایەتیەکان ناچار بکا کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو نموونەیەی کە کۆمەڵ ئامادەی دەکات..)[٩٨].

لە میسریشدا بیرمەندی گەورە خوالێخۆشبوو دکتۆر (زکی نجیب محمود) هەڵمەتێکی توندی کردەسەر (ئەو خواوندە ساختەکارە نوێیە) ی کە پێی دەڵێن رای گشتی و رایگەیاند کە بوونی یەك تاك کە هاوڕا نەبێت لەگەڵ ئەو رایەی کە رای گشتییە, گشتیبوونەکە لە (رای گشتی) دەسێنێتەوە, تەنانەت ئەگەر رای گشتی ئەو مافەشی هەبێ کە بەهۆی بەهێزیی ژمارەییەوە فشار بێنی بۆ وەرگرتنی بڕیارەکان, ئەوا هەمان ئەو مافەی نیە بۆ قەدەغەکردنی ئەو را و بیروڕباوەڕانەی بەدڵی

جەماوەرەکەی نین..)[٩٩]. ئەو وای دەبینێ کە تاک ئازادیی تەواوی هەیە لە خستنەڕووی ئەو بیرۆکەیەی کە پێی باشە و بەبەرژەوەندی ژیانی خەڵکیی دەبینێ, جەماوەری خەڵکیش مافی پەسەندکردن یان رەتکردنەوەیان هەیە, بێ ئەوەی خاوەنی بیرۆکەکە بکەوێتە بەر ئازار. رای گشتی بەهای خۆی هەیە, بەڵام ئەو پیرۆزییەی نییە کە هەندێ بەخەیاڵ بۆیچوون, رای گشتی لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە, بەڵکو رایەکە رەخنەی لێدەگیرێ و, گۆڕانیشی بەسەردا دێت ئەگەر هەلومەرجی تازە ناچاری گۆڕانی بکات... چونکە دەبێ نوێ پێدزە بکات ئەگەر بەدزیشەوە بێت بۆئەوەی بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە: جا کێیە ئەوەی دیوارە بێدەنگەکان کون دەکات تا لێیەوە پێدزە بکات؟ ئەوان تاکگەلێکن بۆ بیر دڵسۆزبوون، بەقەد دڵسۆزییان بۆ گەلەکەیان کە رۆڵەی ئەون. بەم شێوەیە ئەو تاکە جوامێرانە دەبن بە هەڵگری مەشخەڵی نوێ و دەبێ ڕێگەیان پێبدرێ بەرهەڵستیی رای زۆرینە و رەخنەی رای گشتی بکەن)[١٠٠].

لە واقیعدا ئەو گرفتە وەك ئەو گرفتەی پاش کەمێکی تر لەسەری دەدوێین, چاری نیە جگە لە زیاتر هوشیاربوونەوەی تاکەکان بە مانا راستەقینەکەی دیموکراسی, کە لەنێوان ئەو مانایانەی هەیەتی مانای ئازادیی دەربڕینە بۆ تاکێك، بۆیە دەبێ تاکەکان, بە هوشیارییەکی تەواوەوە، تێبگەن کە ئازادیی دەربڕین بەس لەسەر ئەوان تاپۆنییە, ئەمەش هەڵەیەکە زۆرکەس تێی دەکەون کاتێ وا زەن دەکەن دیموکراسی تەنیا بۆ ئەوانە و, ئازادیی دەربڕین مانای وایە ئەوان رەئیەکانی خۆیان دەربڕن و بەس, بێئەوەی بەرگەی رای تر بگرن. بەڵام



پیادەکردنی زیاتری دیموکراسی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و بیری دیموکراسیی ئازاد لە ڕێگەی دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندنەوە, مایەی چارەسەری ئەو گرفتەن.

(٣)

## قانونی ئاسنینی ئۆلیگارکی

دوا گرفت کە بەرەوڕووی دیموکراسی دەبێتەوە, ئەوەیە کە رۆبرت مایکلز Robert Michels (١٨٧٦-١٩٣٦) فەیلەسوفی کۆمەڵناسیی ئەڵمانی و زانای ناوداری ئابووری وروژاندی و لە قانونێکدا دایڕشت و ناوی (یاسای ئاسنینی ئۆلیکارگی)ی لێنا – کە وایدەبینێ دەسەڵات لە هەر رێکخستنێکی سیاسیدا هەمیشە مەیلی بەلای کەوتنە دەستی کۆمەڵێکی کەم لە تاکەکان یان ژمارەیەکی کەمی سەرکردەکاندا دەچێت, بەچاوپۆشین لە پێکهاتەی رێکخستنە سیاسییەکە. چونکە دەسەڵات لە رێکخستنی دیموکراسیدا وردە وردە لە داشکاندندایە تا ئاڵۆزتر دەبێت و زیاتر بیرۆکراتی دەبێت, بەشێوەیەك لە دەستی بژاردەیەك لە لوتکەی رێکخستنی سیاسیدا (لە حزب و حکومەتدا پێکەوە) چەق دەبەستێ و هەرچەندە قەوارەی رێکخستنە سیاسییەکان بەرفراوانتر بن, دروستکردنی بڕیار ئاڵۆزتر دەبێ و هاوبەشیکردنی هەموو ئەندامان دەبێتە پرۆسەیەکی مەحاڵ. مایکلز ئەم قانونەی بەسەر پارتی سۆسیالیستی ئەڵمانیدا پێڕەوکرد, بینیی سەرەڕای بوونی دەستورێکی دیموکراتی و, ئامانجگەلێکی شۆڕشگێڕانە, کارگەیشتۆتە دەست کۆمەڵێك سەرکردەی مەحافیزکار کە جەماوەری ئەندامان هەڵیان

بژاردوون و بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی پلانی پارتەکەیان خستۆتە ئەستۆیان, پاشان سەرکردایتی لە کۆتەکان دەرباز دەبێ و بە سەربەخۆییەکی خۆییەوە کار دەکا. مایکلز دوو هۆ بۆ ئەمە دەخاتەڕوو, یەکەم: قەوارەی ڕێکخستنە سیاسییەکان و ئاڵۆزبوونیان پێویستیی بوونی چەند وەزیفەیەکی پسپۆڕ دێنێتە ئارا, کە ئەمەش وادەکا مەحاڵ بێت ئەندامانی ئاسایی یان تاکەکانی گەل یان ئەندامانی هەر ڕێکخستنێك چاودێریی (پسپۆڕەکان) بکەن‌و بەدوایاندا بچن, ئەو پسپۆڕانەی بەدەست پێشخەرییەکی شەخسیی خۆیان بڕیارە سەرەکییەکانی پارتەکە وەردەگرن.

بەڵام هۆی دووەم ئەوەیە کە خەڵك, وەك (مایکلز)، دەڵێ پێداویستییەکی سایکۆلۆژیی ناوخۆییان هەیە کە هانیان دەدا بەهۆی سەرکردەیەکەوە سەرکردایەتی بکرێن, بەم شێوەیە وا تەماشای جەماوەری گەل دەکرێ کە چەند گەردیلەیەکی ڕێکنەخراون – کە ناتوانن کاری بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن, مادام کەمایەتییەکی چالاك سەرکردایەتییان ناکەن, بەمەش نەك هەر جەماوەری گەل بە خاو و بێ موبالات وەسف دەکات, بەڵکو بە شکاندنەوە بەلای پەسەندکردنی سەرکردەی بەهێز وەسفیان دەکا![101].

سەرەڕای دروستیی ئەو بیرۆکە گشتییەی کە (مایکلز) باسی لێوەدەکا, کەچی ناتوانین لەگەڵی کۆك بین کە هەموو دیموکراتیەتێك هەر دەبێ بەرەو (ئۆلیگارکی) بچێ بەپێی قانونە ئاسنینەکەی، ڕاستە مەترسییەکی هەمیشەیی هەیە کە دیموکراسی بکەوێتە چنگی ئەم قانونە – بەتایبەت کە نەریت و هۆگری زۆرجار وا لە خەڵك دەکەن



مەیلیان بەرەو تەمبەڵی و, گرنگی نەدان و, بێموبالاتی ببات.. هتد، بەڵام هۆشیارکردنەوەی بەردەوام و ئەو ئازادییەی کە سەرکردەکانی فیکر لە هەر وڵاتێکی دیموکراتیدا هەیانە, دەتوانێ بەردەوام خەڵك وریا بکاتەوە لە مەترسیی ئەوەی دیموکراسی بکەوێتە چنگی ئەم قانونە تۆقێنەرە کە لە دواجاردا دەماری دیموکراسی ژێراوژوور دەکا, کە ئەویش هاوبەشیکردنی تاکە لە حوکمڕانیکردنی خۆیدا, یان گەل خۆی حوکمی خۆی بکا.

بەهەرحاڵ, ئەو گرفتانەی کە پیادەکردنی دیموکراسی دەیانهێنێتە ئارا زۆردەبن, بەڵام لەسەرمانە بەرەوڕوویان ببینەوەو, بەرەنگاریان ببینەوە بۆ چارەسەرکردنیان, چونکە ئەلتەرناتیڤی حوکمڕانیی دیموکراسی, هەر ستەمکارییە جۆری ئەم ستەمکارییە هەر چییەك بووبێت, کە ئەویش بریتیە لە لەناوبردنی مرۆڤایەتیی مرۆڤ.

ئەگەر ئایینەکان سەروەری و باڵا دەستی بەسەرهەموو بوونەوەرەکانی دیکەیان بە مرۆڤ بەخشیبێ چونکە وێنەی خوایە – وێنەش لێرەدا بەمانا ئەرستۆییەکەی وشەکەیە کە هاوتای چییەتی (ماهیەت) یان گەوهەرە – ئەوا لە مرۆڤدا تروسکاییەکی خوا هەیە کە ئەویش ئەقڵ یان رۆحە.. هتد. بۆیەش دیموکراسی – وك سیستمێکی سیاسی پارێزگاری لەو (بەها)یە دەکا کاتێ مرۆڤ دەخاتە سەرووی پلەی بێگیان و رووەك و ئاژەڵەوە و, توانای ئەوەی دەداتێ کە ئەقڵی بەکاربێنێ بۆ دانانی ئەو قانونانەی لەسەریان بڕوا چ لە رەفتاری تاکەکەسییدا (واتە ئاکار) یان لە رەفتاری بەکۆمەڵیدا (واتە سیستمی سیاسی) لەکاتێکدا سیستمە ستەمکارەکانی دوژمن بە دیموکراسی

مرۆڤ دادەبەزێنن بۆ پلەی رەشەولاخ و, رەنگە بۆ خوارتریش.

سیستمی دیموکراسی ئامانجی گەشەپێدانی بەهرەکانی مرۆڤ و تواناکانیەتی تا ئەوپەڕی رادەی شیاو لەو کاتەدا کە سیستمەکانی دی (کە دەبێ بەمانایەك لە مانایەکان ستەمکارانە بن) کار بۆ وێرانکردنی ئەو بەهرانە دەکەن. بۆیە بە دەگمەن داهێنان یان رەسەنایەتی لەو کۆمەڵانەدا دەبینی کە حوکمێکی دکتاتۆری یان خۆزاڵکەر حوکمڕانییان دەکا و وزەی تاکەکان دەکوژێ و, تواناکانیان پێشێل دەکا و بەهرەکانیان وێران دەکا, بەڵکو بەپێچەوانەوە, لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە هاووڵاتی ئازاد برێکی زیاتر و, چۆنیەتییەکی باشتر لە مرۆڤی بە کۆیلە کراو بەرهەم دێنێ. (ئادەم سمیث) لە کتێبە ناودارەکەیدا (سامانی میللەتەکان) دەڵێ: کرێکاری ئازاد لە بەرهەمهێناندا کۆیلەی پێباشترە, چونکە چەوسانەوە چالاکی مرۆڤ و زیرەکییەکەی و داهێنانەکەی دەشارێتەوە و کۆیلەیی مرۆڤ وەك پ.روسی P.Rossi (١٧٨٧-١٨٤٨) دەڵێ بەهرەکانی پەك دەخا و, ویستی کۆت و بەند دەکا. زیانەکەشی هەر لە مەیدانی ئاکاردا نابێ و بەس, بەڵکو هەڵدەکشێ و دەگاتە زیانگەیاندن بە سیستمی ئابووریش[١٠٢].

تۆماس جیفرسۆن بیرۆکەی دیموکراسیی لە دەربڕینێکی کۆبەندا کورتکردۆتەوە کە دەڵێ: (خەڵك بەیەکسانی لەدایك بوون, خودا چەندین مافی خۆڕسکی پێ بەخشیون کە ناکرێ دەستبەرداریان بن, کە مافی ژیان و ئازادی لە خواستنی بەختەوەری.. هتد، دەگرێتەوە. بۆ دابینکردنی ئەو مافانەش حکومەتەکان لەنێو خەڵکدا هاتنەئارا,



حکومەتیش دەسەڵاتی رەوای خۆی لە رەزامەندیی هاووڵاتییانەوە بەدەستهێناوە. گەل مافی خۆیەتی ئەم حکومەتە بگۆڕێ یان هەڵیبوەشێنێتەوە ئەگەر لەگەڵ ئەم ئامانجانەدا ناکۆك بوو و, حکومەتێکی نوێ دامەزرێنێ کە بنچینەکانی لەو مەبدەئانە وەرگرتبێ, بەشێوەیەك تاکەکان وای ببینن کە مەبەست لەو حکومەتە دابینکردنی زۆرترین بڕی شیاوە لە ئاسایش و بەختەوەرییان)[١٠٣].

لە واقیعدا رێکخستنی دیموکراسی رووی لە بەرفراوان بوون و بڵاوبوونەوە کردووە. هەرلە شەستەکانی ئەم سەدەیەوە (مەبەست لە سەدەی بیستەمە – وەرگێڕ) بزاڤە سیاسییەکان لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەشێوەیەکی بەهێز بانگەشەیان بۆ پێڕەوکردنی سیستمی دموکراسی لە بوارەکانی دی و بەشێوەیەکی چالاکتر دەکەن, بەشێوەیەك هاوبەشیکردنی ئەندام گەورەتر و هەمەلایەنتر و راشکاوانەتر بێت لە بڕیارلێداندا, لەو بوارانە: کارگەکان (کە بە دیموکراسیەتی پیشەسازی ناوی دەبەن) و هەروەها لەنێویاندا زانکۆکان (کە بە دیموکراسیەتی خوێندکاری ناوی دەبەن).. هتد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە رەوشتی دیموکراسی زیاتر پاڵپشتی لە خۆی دەکا و, هەڵەکانی خۆی راست دەکاتەوە و بەشێوەیەکی بەرەبەرەو هەرچەندێکی ئەزمونی دیموکراسی قوڵتر ببێتەوە کەلێنەکان پڕدەکاتەوە. وا دەردەکەوێ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران راگەیاندنێك بووبێ بۆ مرۆڤایەتی کە دیموکراسی تاکە سیستمی فەرمانڕەوایی شیاو بە رێکخستنی سیاسییە, بە جیاوازیی جۆرەکانی پێڕەوکردن بەگوێرەی هەلومەرج و کەلەپور و کەلتوری هەر وڵاتێك.

**ماوەتەوە بەوە كۆتایی بەو لێكۆڵینەوەیە بێنین كە بڵێین: پێوەری ڕاستەقینە بۆ بوونی دیموكراسی لە هەر كۆمەڵێكدا لەبوونی كۆمەڵێك بیروباوەڕی گرنگ و پرنسیپی دیموكراسی لە دەستوری ئەو كۆمەڵەدا نییە, بەڵكو بریتیە لە پیادەكردنی بە كردەوەی ئەو بیروباوەڕ و پرنسیپ و مافانە لەلایەن خەڵكەوە. دیموكراسی، دواجار، پیادەكردنە.**

**پەراوێز و لەسەردووانەکان:**

١) سەیر لەوەدایە (هەندێك) لە ناودارانی فیکر لەگەڵ (هەندێك) لە عەرەبەکانـدا هاوبەشـن سـەبارەت بـە مـەحاڵبوونی پێڕەوکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵەکەماندا! مۆنتسکیۆ وای دەبینێ کە (حکومەتی میانڕەو بۆ جیهانی مەسیحی باشترە, حکومەتی ستەمکاریش باشترە بۆ جیهانی ئیسلامی)! (گیانی قانونەکان, بەرگی دووەم، ل ١٧٨).

(جۆن ستیوارت مل) یش ئازادی – کە دەماری دیموکراسییە – لەو گەلانەی کە بە (دواکەوتوو)ن قەدەغەدەکات, چونکە هێشتا کۆمەڵێك کەم ئەقڵن (لەبارەی ئازادیەوە. ل ٧٣). (برتراند رسل) یش وای دەبینێ کە پیادەکردنی دیموکراسی لە کۆمەڵێکدا کە نەخوێندەواری بەسەریدا زاڵ بێت, مەحاڵە!!

٢) وشەی گەل یان Demos ی یۆنانی پێویستی بە دیاریکردن هەیە و بەدرێژی هەڵوەستەی لەسەر دەکەین. بەڵام ئێستا دەمانەوێ ئاماژە بۆئەوە بکەین کە ئەوکات مانای (ئەوەی هیچی نیە) یان (هەژاران) ی داوە. ئەمەش ئەو مانایەیە کە ئەفلاتوون پێی لە دیموکراسی گەیشتووە و پاشانیش هێرشێکی توندی کردۆتەسەری. کۆمۆنیزمیش لە یەکێتیی سۆڤێتی هەڵوەشاوەدا, لەو بڕوایەدابوو دیموکراسیترین سیستمە بەو مانایەی هەژاران, کە پرۆلیتاریان, یان (چینی کرێکار)ن,جڵەوی دەسەڵاتیان لە وڵاتدا گرتۆتە دەست. بەراوردی ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Enclopedia of philosophy (art – Democracy) vol.



II. P. 338

3. Scruton. R. Dictionary of political thought. P. 116
.Pan book . macmillan paress. 1982

٤) روبرت ماكيفر (تكوين الدولة), ص ٢١٩. ترجمة د. حسن صعب. دار العلم للملايين، ١٩٨٤.

5. D.D.Raphael. problems of political philosophy
. P.146. macmillian and co. Itd London. 1970

٦) تەواوی چیرۆکەکە لەم کتێبەدا (المنقذ قراءة لقلب أفلاطون) بخوێنەوە کە وەرگێڕانی پەیامی حەفتەمی ئەفلاتونە لەگەڵ پێشەکیەکی درێژ بە خامەی (د. عبدالغفار مكاوي). كتاب الهلال. العدد ٤٤٠. أغسطس ١٩٨٧. هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە (الطاغية: دراسة فلسفية لصور من الطغيان السياسي). بەتایبەت رشتەی یەکەم لە بەندی دووەم.

٧) راهاتبوون کۆبوونەوەیەکی سنورداریان لە ناوەڕاستی زستاندا دەکرد و تێیدا گەل لە ڕێگەی کۆمەڵەی میللیەوە بڕیاریان دەدا داخۆ دەنگدانی (گوێچکەماسی: Ostakopharia) بە چەند هەفتەیەك دوای ئەوە دژی هاوڵاتیەك بەکاردەهێنرێ, یان نا. هۆی ناونانەکەش ئەوەبووە کە ناوەکەیان لەسەر پارچە گوێچکەماسییەك دەنووسی, دەنگیان بە بەڵێ یان نا، لەسەر گوێچکە ماسییەکە دەدا, ئەگەر ژمارەی گونجاو ئامادەبوایە دەبوو (کابرای گوێچکە ماسیەکە) لەماوەی دە ڕۆژدا ئەسینا جێبهێڵێو بۆماوەی دە ساڵ دوورخراوەبێت, بەڵام موڵکەکانی هەر بە هی خۆی دەمایەوە. ئەمەش جیابووە لەدوورخستنەوە بەمانا ڕۆمانییەکەی کە دەبوایە موڵکەکانی دەستی بەسەردا بگیرێ و پایەی کۆمەڵایەتیی هەڵبوەشێنرێتەوە تەماشای ئەم

سەرچاوەیە بکە: Encyclopaedia Britanica. Vol.8.p.1037(art.Ostracism) بکە.

٨) سەیری بکە چۆن بیزستراتۆس tyants سەرنجی ئەسینایییەکان رادەکێشێت لە کتێبی:

-A. Anderwes: The Greek Tyrants. P. 100-115.

"ئەندرۆز" ریگاگەلێك دەگێڕێتەوە کە ئەم دکتاتۆرە پەنای بۆ بردووە بۆئەوەی بگاتە تەختی حوکمڕانی, لەوانە ئافرەتێکی درێژ کە ناوی (فیا Phyia) بووە وەکو خواوەندی ئەسینا جلی پۆشیوەو و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە خودی خواوەندەکە خۆی ئەوی وەك حوکمڕانی ئەسینا ویستووە!

9. Encyclopaedia of philosophyupl.2. P.338ed by paul Edwards8.

Aristotle: Consitution of Athens..

١٠) کە لە رشتەی یەکەمدا دەست دەکا بە قسەکردن لەسەر کۆمەڵایەتی پێش سیستمی پاشایەتی لە ئەسینا, پاشان بارودۆخی و دەستوری حوکمڕانیی پێش ئەو و قانونەکانی دراکۆ Solonسۆلۆن Draco.هتد...

11. T.A. Sinclair. A History of Greek politiacal Thought. P39.

12. Idid. P.40.

١٣) ج. سباين (تطور الفكر السياسي)،المجلد الأول، ص ٢٥، ترجمة حسن العروسي، دار المعارف بمصر، ط ٤ ،عام ١٩٧١.

١٤) زاراوەی (تیۆکراسی Theocracy) یش بنەچەی یۆنانیە و پێکهاتووە لە Theos بەمانای خواوەند و Kratia بەمانای حوکمڕانی,



کە وەك وشە مانای (حوکمڕانیی خوا) یان (حوکمڕانی بۆ خوا) چ راستەوخۆ یان لە رێگەی پیاوانی ئایینیەوە, دەدا. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار مێژوونووسی جولەکە (یوسفوس Josphus) دایڕشت، تا بۆچوونی جولەکەیی سەبارەت بە حکومەت بەو شێوەیەی لە تەوراتدا هاتووە, پێنیشان بدات.

١٥) بەراوردی بکە: الدكتورعبدالمجيد متولي (الوجيز في النظريات و الأنظمة السياسية)، ص ٢٠-٢١ ، دار المعارف مصر، القاهرة، عام ١٩٥٨. هەروەها, أ.هـ. جونز (الديمقراطية الاثينية) ص ١-١٦، ترجمة د. عبدالمحسن الخشاب، — الهيئة المصرية العامة للكتاب، عام ١٩٧٦.

١٦)ئەم حوکمڕانیە رەهایە رێگەی نەگرت لە بوونی چەند ئەنجوومەنێکی راوێژکاری کە مەلیك بۆ ئاشنابوون بەرای گەورەپیاوانی دەوڵەت لە خانەدانەکان و قەشەکان, پێکی دەهێنا, بەڵام ئەم رایانە بۆ مەلیك پابەند نەبوون, چونکە ئەو هەردوو دەسەڵاتی قانونданان و بەڕێوەبردنی لەخۆیدا کۆکردبوەوە.

١٧)د. ثروت بدوي (النظم السياسية) ص ١٩٣. دار النهضة العربية. القاهرة. عام ١٩٨٩.

١٨) وشەی پرۆژە Project بەو مانایەی کە بوونگەریەکان وشەکە بەکاردەهێنن, بەکارهێنراوە. Pro بەمانای بۆ پێشەوە, Ject بەمانای دەیخاتەڕوو, کەواتە وشەکە مانای ئەوەی بۆ پێشەوە دەخرێتە روو یان ئەوەی لە ئایندەدا باس دەکرێ. ماناکەشی ئەوەیە کە نموونەی باڵای دیموکراسی بەدینایەت بە لەناوچوونی مرۆڤ نەبێت. مادام مرۆڤ هەیە کەواتە کاردەکات بۆ دەسکاریکردن و باشترکردنی ئەو سیستمە

سیاسیەی کە ئارەزووی لێیەتی و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەش کە بەردەوام لێیەوە پەیدادەبن.

19) د. محمود عاطف البنا (الوسيط في النظم السياسية) ص ١٦٩. دار الفكر العربي. القاهرة. ١٩٨٨.

٢٠) زاراوەیەکە لە بیری سیاسیدا بەکاردێت بۆ وەسفکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن کە هەموو هاووڵاتیانی باڵق دەگرێتەوە بەبێ هیچ مەرجێکی دارایی یان هی دیکە (بڕێکی دیاریکراوی دارایی – یان ئاستێك لە توانستی زانستی – یان ئەندامبوون لە چینێکی دیاریکراودا) بەشێوەیەك کە تەنها تەمەن و شایستەبوون مەرجن. مرۆڤایەتیش کۆششێکی زۆری بۆ پێڕەوکردنی کردووە. بۆ نموونە بەراوردی ئەمە بکە: موسوعة السياسة. باشراف عبدالوهاب الكيالي. المجلد الأول. ص ٢٣٦.

٢١) موسوعة السياسة. بأشراف د. عبدالوهاب الكيالي. المجلد الأول/ ص ٢٣٦. دار الهدى للنشر والتوزيع. بيروت. ١٩٨٧.

٢٢) د. محمود عاطف البنا: (الوسيط في النظم السياسية) ص ١٦٩. دار الفكر العربي القاهرة. عام ١٩٨٨.

23. Aristotle, politics. 1291. B

٢٤) د. ثروت بدوي. النظم السياسية. ص ١٩٤. و د. عبدالحميد متولي. الوجيز في النظريات والأنظمة السياسية. ص ٢٣.

٢٥) زانای فەرەنسی (بارتلمی Barthelmy) لە کتێبەکەیدا (قانونی دەستوری) وای دەبینێ کە ژمارەی کۆیلەکان لە شاری ئەسینادا دەگەیشتە ٢٠٠ هەزار لەکاتێکدا ژمارەی هاووڵاتیانی ئازاد لە ٢٠ هەزار زیاتر نەبوو, واتە ژمارەی کۆیلەکان دە ئەوەندەی ژمارەی هاووڵاتیانی



ئازاد بووە! د. عبدالحميد متولي (الوجيز) پەراوێزی ل ٢٣. (جۆرج سباین) یش وای دەبینێ کە ئەم ژمارەیە زیادەڕەوی تێدایە و, ژمارەی کۆیلەکان زیاتر نەبوو لە سێیەکی دانیشتوانی ئەسینا. (تطور الفكر السياسي) المجلد الأول. ص ٣. ترجمة حسن جلال العروسي. دار المعارف. ط٤. القاهرة. ١٩٧١.

٢٦)موسوعة السياسة: باشراف. د. عبدالوهاب الكيالي. المجلد الثالث. ص ٨٧٠.

٢٧)روبرت ماكيفر (تكوين الدولة) ص ٢٢٣. ترجمة د. حسن صعب. دار العلم للملايين. جلد ٢. بيروت عام ١٩٨٤.

٢٨)د. عبدالحميد متولي (الوجيز) ص١٠٠–١٠١ دار المعارف. مصر. عام ١٩٥٩.

٢٩)واپێدەچێ ئەمە بەرەنجامی دوو هۆکاربووبێت: لاوازیی سیستمی کۆیلەی زەوی لە ئەوروپا و سەرەتای لەناوچوونی. هۆکاری دووەمیش دۆزراوە جوگرافیەکانە بەتایبەت ئەمریکا و, پێویستیەکی زۆر بەدەستی کار, ئەوەبوو ئەوروپیەکان پەنایان بردەبەر ئەفریقیای رەش! بۆ نموونە تەماشای (الرق: ماضيه و حاضره). د. عبدالسلام الترمانينى ص ١٨٥ و پاشان ژمارە ٢٣ی (سلسلة عالم المعرفة, أبريل ١٩٨٥ – الكويت) و هەروەها موسوعة السياسة. المجلد الثالث ص ٨٧٠, بکە.

٣٠) روبرت ماكيفر (تكوين الدولة) ترجمة د.حسن صعب. ص ٢٢٣.

٣١) دەکرێ بگوترێ کە فەیلەفوسی ئینگلیزی جۆن لۆك J.locke (١٦٣٢-١٧٠٤) لە پێشەوەی هەموو ئەوانەبوو, ئەوەبوو دژی

بیرۆکەکەی (رۆبەرت فیلمەر) وەستا کە دەڵێ هەموو مرۆڤەکان, بە کۆیلەیی لەدایك دەبن!.. دواتر دەگەڕێینەوە سەر بیرۆکەکەی. تەماشای:

–John locke. Two Traeties of Government. P.3. Everman's Library. 1988. بکە.

٣٢) لە تۆماری جۆستنیاندا هاتووە کە (کۆیلەکان Servi) لەوەوە هاتوون کە نەریتی فەرماندەکانی سوپا وابووە دیل نەکوژن و بە زیندوویی بیانهێڵنەوە، Servare وئەمانەش پێیان دەگوترێ (موڵکی شەڕ).. یانیش دەفرۆشرێن بە خەڵکی دی بەوپێیەی کە کۆیلەن. یانیش کەسێك بە کۆیلەیی لەدایك دەبێ. ص١١. (مدونة جوستنيان في الفقه الروماني). نقلها الى العربية عبدالعزيز فهمي – عالم الكتب – بيروت.

٣٣) مونسكيو (روح الشرائع) ص (٣٥٠–٣٥١) المجلد الأول. ترجمة عادل زعيتر, دار المعارف. القاهرة. ١٩٥٣.

٣٤) هەمان سەرچاوە. ل ٣٥١.

٣٥) هەمان سەرچاوە. ل ٣٥٤ و ل ٣٥٦.

٣٦) د. عبدالسلام الترمانيني. (الرق. حاضره و مستقبله) ص ٢٠٧ز٢٠٨.

37. J.J. Rousseau: The social contract. P. 53. Eng. Trans. By Maurice cranston Penguin books.

38. Idid. P. 6-7.

٣٩) لە بڕیاری ئەنجومەنەکەدا هاتووە کە: (ئەنجومەنی شۆڕش هەڵوەشانەوەی کۆیلەکردنی زنجەکان لە هەموو کۆلۆنییە فەرەنسییەکاندا بەبێ جیاوازی ڕەنگ رادەگەیەنێ, هەموویان هاوولاتی فەرەنسایین و هەموو مافێکیان هەیە کە دەستور بەگشتیی کردوون). لە



کۆنگرەی لەندەنیشدا ساڵی ١٨٣١ ولاتانی ئەوروپیی بەشدار لە کۆنگرەکەدا رێککەوتن لەسەرئەوەی کە بازرگانیکردن بە کۆیلەکانەوە بە کاری جەردەی دەریایی بژمێردرێ ،کە بۆی هەیە ببێتەهۆی ئەوەی کە پاپۆڕ پاراستنی ئاڵاکەی لەسەر هەڵبگیرێ!

40. R. Scraton: Dictionary of political thought. P.350.

٤١) بگەڕێوە بۆ ئەم قۆناغانە بە دووردرێژی لە کتێبەکەی د.عبدالسلام الترمانینی (الرق, ماضيه و حاضره) ص ٢١٠ و پاشان ژمارە (٢٣) لە (عالم المعرفة).

٤٢) ئەفلاتوون جیاوازی لەنێوان موڵکایەتی شتەکان و موڵکایەتی کەسەکاندا ناکات و, ژنان و منداڵانیش لەنێو موڵکەکانی خێزاندا ریزدەکات. تا ئێستاش ژنهێنان لە هەندێ کۆمەڵی هاوچەرخی عەرەبیدا دەربڕینێکی (موڵکایەتی) ژنە بۆ پیاو, کە ژنەکەی هێنا دەبێ بە موڵکی خۆی!! تەماشای بارودۆخی ئافرەت بەگشتی لە یۆناندا لە کتێبەکەماندا (ئەفلاتون و... ژن) بەتایبەت بەندی یەکەم و بەتایبەت بیرۆکەی ئەفلاتوون. ل ٥٦ لەو کتێبە, بکە.

٤٣)عبدالهادي عباس. (المرأة والأسرة في حضارات الشعوب) الجزء الثالث ص ١٠١ دار طلاس. عام ١٩٨٧.

٤٤)د. ثروت بدوي (النظم السياسة) ص ٢٤٧. دار النهضة العربية. القاهرة ١٩٨٩.

٤٥)محمد علي الصابوني – صفوة التفاسير – المجلد الأول ص ١٤٥–١٤٦. دار القرآن الكريم. بيروت الطبعة الثانية. عام ١٩٨١.

٤٦)د. محمد حلمي مراد. مقال. بعنوان (اعتراضات على خطاب الرئيس

السادات) جريدة الشعب. القاهرة. بتأريخ ١٩٨٠/١٠/٧.

47. D.d. Raphael: problems of political phylosophy. P. 144. Macmillan and co.( itd. 1970. J. Roland pennock.Democratic political theory. P. 16-17. princetonUnversity press. 1979

48. Aristotle, politics. 1979. A.

49. Blackwell: Encyclopaedia of political thought. P. 114ed. By: David miller. 1987

50. Encyclopaedia of phylosophy. Vol.p. 338.

51. OP. Cit. P.115.

٥٢) افلاطـون – الجمهوريـة. ٥٥٧. **سـەیری وەرگێڕانـە عەرەبییەکـەی دکتۆر فوئاد زکریا ل ٤٧٥** الهیئـة المـصریة العامـة للکتـاب – القـاهرة. عـام ١٩٨٥، **بکە.**

٥٣)أفلاطون. **سەرچاوەی پێشوو. ل ٥٥٨ و (وەرگێڕانە عەرەبییەکە ل ٤٧٧).**

**٥٤) هەمان سەرچاوە.. هەروەها تەماشای بیرۆکەی** (الوظیفة) **لەلای ئەفلاتوون لە کتێبەکەماندا** (افلاطون.. والمرأة) **بکە.**

**٥٥)امام عبدالفتاح امام** (الطاغیة: دراسة فلسفیة لصور من الطغیان السیاسي) **لەم کتێبەماندا ئەم مەسەلەیەمان بە کەمێك درێژییەوە چارەسەرکردووە.**

٥٦)أفلاطون: الجمهوریة **ص ٥٦٢ (تەماشای وەرگێڕانە عەرەبییەکەی دکتۆر فوئاد زکریاش ل ٤٨٣ بکە).**

**٥٧)هەمان سەرچاوە (وەرگێڕانە عەرەبییەکەش ل ٤٨٤).**

58. Isiaah Berlin. Two concepts of Liberty- in (four



Essays on liberty oxford University 1969.

59. The Blackwell. Encyclopedia of political thought. P. 163. By David miller. 1987.

**٦٠)بەراوردی: امام عبدالفتاح امام (توماس هوبز: فیلسوف العقلانیه) ص ٨٦-٩٦, دار التنویر, بیروت عام ١٩٨٥ بکە.**

**٦١) هەمان سەرچاوە. ل ٧٠.**

**٦٢) لەوانەیە بیرۆکەی پەیمان لە رووی مێژووییەوە کۆن بێ, بەڵام دەرکەوتنی بەوجۆرەی لە سەدەی حەڤدەهەمدا بناغەیەکی دیکەی بۆ لێکدانەوەی دەسەڵات جگە لە لێکدانەوەی ئایینی هێنایەئاراوە. ئەمەش ئەو بناغەیە بوو کە دواتر دیموکراسیی لەسەر دامەزرا.**

63. Poter Laslett: (social contract) in Encyclopedia of phylosophy. Vol. 7.p 466.

64. Thomas hobbes: ((Leviathan)) p. 110. Every mans library N.Y. 1973.

65. I. Berlin: op. Cit

66. J. Roland pennock: (Democratic political Theory)
p.20. princeton University press. 1979.

67. I did

68. I. Berlin: op. Cit.

69. I did

٧٠)د. زكي نجيب محمود (حياة الفكر في العالم الجديد) ص ١٤. دار الشروق. بالقاهرة. عام ١٩٨٢.

71. Robert. A. Goldwin: john lockeinhistory of political phylosophy. P. 476 ed. Bu leo strauss.

٧٢)روبرت. م. ماكيفر (تكوين الدولة) ص ٢٣٢ ترجمة د. حسن صعب. دار

العلم للملايين.

73. J.j. Rousseau. The social contract. P. 49. Eng.(
- Trans. By. Maurice cranston. Penguin book.

74. Idid. P. 51.(

75. Idid. P. 32.(

76. Idid. P. 49.(

٧٧)د. عبدالرحمن بدوي (امانويل كانط: فلسفة القانون والسياسة) ص ٣٢. وكالة المطبوعات. الكويت. عام ١٩٧٩.

78. A.C. Ewing: Ethics. P. 62. (London. 1953).(

٧٩)**بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپیشەم دکتۆر میشیل متیاس** (اسس اللبرالية السياسية)**ەیمان وەرگێڕا کە وەرگێڕانی** (مذهب المنفعة) **و کتێبەکەی لەبارەی ئازادیەوە دەگرێتەوە. تەماشای ل ١٠٠ لە دەستنووسەکە بکە.**

٨٠) **هەمان سەرچاوە. هەروەها تەماشای چاپی** ‘on liberty’.. Every man’s library **ل ٧٣, بکە.**

٨١) **هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.**

٨٢) **پێشتر بەکەمێك درێژیەوە لە کتێبەکەماندا** (الطاغية: دراسة فلسفية لصور من الطغيان السياسي) **ص ٢٢٣ و پاشان, (لە دەستنوسەکەدا) ئەم بیرۆکەیەمان هەڵوەشاندۆتەوە.**

83. J. S. Mill: on liberty. P. 75.

84. Idid. P. 75-76

٨٥) د. يحيى الجمل. (الحرية والمذاهب السياسية المختلفة) مجلة عالم الفكر. المجلد الأول. العدد يناير ١٩٧١.

٨٦) **هەمان سەرچاوە.**



٨٧) **تەماشای وەرگێڕانی دەقەکانی(مل) بکە کە ئێمە کردوومانە لە** (أسس الليبرالية السياسية) **المجلد ١ ل ١٨** (**لە دەستنووسەکە**).

٨٨)د. **يحى الجمل: هەمان سەرچاوە.**

89. Roland pennock: Democratic politacal theory. P. 35-36

90. Scruton. R. A Dictionary of political Thought. P.152.

91. Encyclopaedia political thought. P.130-79

92. Idid.

٩٣) مونتسكيو (روح الشرائع) المجلد الثاني ص ١٧٨. ترجمة عادل زعيتر. دار المعارف. بمصر ١٩٥٣.

٩٤)جون ستيوارت مل (اسس الليبرالية السياسية) المجلد الأول. ص ١٠١. ترجمة د.امام عبدالفتاح امام و د. ميشيل متياس (من المخطوطة).

٩٥)هيجل (العقل في التأريخ) ص ٨٦. ترجمة: د. امام عبدالفتاح امام. الطبعة الثالثة. دار التنوير. بيروت. عام ١٩٨٣.

96. J.j. Roussau. The social contract. P. 58. Penguin book

97. Alexis de Tocqueville: (Democracy in America) by Reev in: (Great political Thinkers) by william Ebenstein. P.536. oxford. 1966.

٩٨) جون ستيوارت مل (أسس الليبرالية السياسية) المجلد الأول ٩٤.

٩٩) د. زكي نجيب محمود، مقال بعنوان "اهو شرك من نوع جديد ؟!" في كتابة "رؤية إسلامية " ص٣٠٧ **ولاپەڕەکانی دواتریش، دار الشروق بالقاهره، عام ١٩٨٧.**

١٠٠) **هەمان سەرچاوە.**

101. fontana Dictionary of Modern Thinkers.p.511.

١٠٢) د.**عبدالسلام الترمانینی لەکتێبەکەیدا** "الرق ماضیه و حاضره" ل٢٠٩دا، **وەری گرتووە**.

١٠٣) جون دیوی:" آراء **توماس جیفرسون** الحیة"ترجمة محمود یوسف زاید، ص٥٨، بیروت، دار الثقافة، عام ١٩٥٧.